# دوژمنی گەل

## لەم سەرچاوەیەوە کراوە بەکوردی

**EN FOLKEFIENDE**

**SKUESPIL I FEM AKTER**

AF HENRIK IBSEN

KØBENHAVN
GYLDENDALSKE BOGHANDELS FORLAG (F. HEGEL & SØN)
GRÆBES BOGTRYKKERI
1882

OVERSATT AV
HAWDAM SALIH JAF

# دوژمنی گەل

## پێشەکی

### هاودەم ساڵح جاف

لە نێو دراماکانی ئیبسن دا بەتایبەتی " *دوژمنی گەل* " و " دەستنیشانکراوەکان بۆ پاشایەتی" و " *یەکێتی لاوان* " و " *پایەکانی کۆمەڵگە* "[1]، هەڵگری زیاترین پەیامی سیاسین لە ناوەڕۆکدا. ئەمەش بەو واتایە نا ،کە ئەم درامایانە ڕاشکاوانە گرنگیان بە ململانێی سیاسی سەردەمەکەی خۆیان داوە. یان لەبەرئەوەی ئەم درامایانە لە شکڵ و شێوازیاندا پرسیارە گشتییە سیاسی و فەلسەفییەکان دەوروژێنن. نەخێر. بەڵکو لەبەرئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە لە نێوان ناوەڕۆکی بابەتی دراماکان و ناوەڕۆکی مانا بنەڕەتیەکانی فەلسەفەی سیاسیدا ئامادەیە. بابەتی ئەم درامایانە بەزۆری پەیوەندیان بە بارودۆخی چاکە و خۆشی کۆمەڵگە و، ململانێی نێوان بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەتەوە هەیە. هاوکات پەیوەندیان بە ململانێ هەمیشە دووبارە بووەکەی دنیایی سیاسەتی وەک، ململانێی نێوان تاک و کۆمەڵگە و، تاکەکەسی داهێنەر و عەوامی سادە و بەئاسانی لە خشتەبراو و، بیری ئازاد و ئایندە بین و بیری نەریتخواز و بەڕابردووەوە گلاو و، دنیا بینی لەسەر بنەمای ئێمە و ئەوانەوە هەیە. سەرباری وروژانی ئەم بابەتگەلە هەستیارانەش، ئەم درامایانە بەردەوام جەخت لە زەروورەیەتی هەبوونی تاکەکەسی بوێر و ڕەخنەگر لە کۆمەڵگەدا دەکەنەوە. بە کورتی لە نێوان ئەم شانۆنامانە و شانۆنامەکانی دی ئیبسن دا، لێکچوونێکی کەم هەیە.

دوژمنی گەل ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت یەکێکە لە شانۆنامە بەناوبانگەکانی ئیبسن. لە نێو دراماکانی ئیبسن دا هەردوو درامای دوژمنی گەل و ماڵی بووکەلەیەک[2] ناسراوترینیانن لە جیهاندا. دوژمنی گەل باس لە خەباتی دکتۆر تۆماس ستۆکمان دەکات لە پیناو هەق و ڕاستیدا. لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەسەلاتداران بە شاردنەوەی هەق و ڕاستی قازانجێکی زۆریان پێدەگات. تۆماس ستۆکمان پاش مانەوەیەکی زۆر لەباکووری وڵات دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی. وەک دکتۆر لەگەرماوی شارۆچکەکە بۆ چارەسەری نەخۆشی دادەمەزرێت. هەر لە بنەڕەتەوە دکتۆر ستۆکمان خۆی خاوەنی بیرۆکەی کردنەوەی گەرماوێکی لەو جۆرەیە لە شارەکەدا. گەرماوەکە دەبێتە سەرچاوەی گەشە و خۆشی شارۆچکەکە و شانازی خەڵکەکەشی.

بەڵام وەک پاشان دەردەکەوێت گەلێ لە میوانەکان، دوای سەردانیکردنی گەرماوەکە، لەبری ئەوەی چاک ببنەوە، باری تەندروستییان خراپتر دەبێت. ئەم دەرکەوتەیەش دکتۆر ستۆکمان دەخاتە گومانەوە لە پاکی ئاوی گەرماوەکە . بۆ گەڕان بەدوای وەڵامێکی ڕاستدا دکتۆر ستۆکمان دەستدەکا بە پشکنینی ئاوی گەرماوەکە لە ڕێگەی ناردنی ئاوەکەوە بۆ تاقیگەی شیکاری مادە کیمیاییەکان لە زانکۆ. ئەنجامی پشکنینەکان پیس بوونی ئاوی گەرماوەکە پشتڕاست دەکەنەوە. هەروەها هۆشداریش دەدەن لە بەکار هێنانی گەرماوەکە بەم تۆڕی ئاوگواستنەوە و بۆری زێرابگەلە کۆنەی ئێستایەوە.

ئەو دۆزینەوەیە دکتۆر ستۆکمان تووشی شۆک دەکات، وەلێ لە هەمانکاتتدا باری سەرشانیشی سووک دەکات و شانازی بەوەوەدەکات کە توانیوێتی پێشگیری لە ڕوودانی کارەساتێکی کوشندە بکات. بۆیە پێشنیازی گۆڕینی تۆڕی ئاوگواستنەوەی گەرماوەکە و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی بۆری زێرابەکانی دەکات. سەرەتا دکتۆر ستۆکمان لە نێو زۆرینەی خەڵک و لیبراڵ و بیرئازادانی شارەکەدا، وەک قارەمان و دۆستی گەل پێشوازی لێدەکرێت. بەڵام دوای هاتنە ناوەوەی دەسەڵات و پارەدارانی شارۆچکەکە و سەرهەڵدانی کێشە ئابووری و کارەکیەکان وەک دەرئەنجامی دۆزینەوەکەی دکتۆر ستۆکمان، بارودۆخەکە دەگۆڕێت. وورده بۆرژووای شارۆچکەکە و، لە پێش هەموویانەوە قایمقامی شارۆچکەکە، پێتەر ستۆکمانی برای دکتۆر و، میدیایی ئازاد، بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان و، لەدەست نەدانی قازانج و برەوی سەرمایەگوزارییەکانیان، دژی دۆزینەوەکەی دکتۆر ستۆکمان دەوستنەوە و دکتۆر ستۆکمان بە کەسێکی هەڵەشە و لە خۆبایی و، دژ بەگەشە و بوژاندنەوەی زێدیخۆیی و، خۆویست و ئاژاوەگێڕ و، دوژمنی گەل تۆمەتباردەکەن.

[1] پایەکانی کۆمەڵگا دەستگای ئاراس ٢٠٠٨ وەرگێرانی هاودەم ساڵح جاف.
[2] ماڵی بووکەڵەیەک ، ناوەندی کولتوری ئەندێشە ٢٠١٩ وەرگێرانی هاودەم ساڵح جاف.

**ئیبسن و شانۆی ڕیالیزمی**

یەکێک لە ڕووناکبیر و ڕەخنەگرە دیارەکانی ئەسکەندەناڤیایی ئەو سەردەمە گیۆرگ براندس – ی دانیمارکی بوو (١٨٤٢. ١٩٢٧)، ئەم بیریارە لە ١٨٧٠ بەدواوە پێشنیاری پرۆگرامێکی ئەدەبی واقیعگەرای سەردەمییانەی بۆ نووسەران و ئەدیبانی ئەسکەندەناڤیایی ئەو سەردەمەکرد. مەبەست لەو پرۆگرامە ئەدەبیەش خستنە بەرباسی کێشە کۆمەڵایەتییە کۆن و باوە هەنووکییەکانی نێو کۆمەڵگە بوو، بە پشت بەستن بە مێتۆدی ڕەخنەگرانەی ڕیالیستی نوێخوازانە. " گیۆرگ براندس" بە سەرچاوەی ئیلهام بەخشی بزوتنەوەی بیرکارانی ڕادیکاڵیزمی کولتووری نێوان هەردوو جەنگی جیهانی دەژمێردرێت. ئیبسن یەکێک لەو نووسەرانە بوو کە پابەندی پرۆگرامە ئەدەبییەکەی براندس بوو. دراماکانی ئەو فەترەیەی ئیبسن لە نێو ڕەخنەگراندا بە درامای کێشەکۆمەڵایەتیەکان ناسراوە. چوونکە لێرە بەدواوە ئامانجی ئیبسن شانۆیەکی واقیعگەرای ڕەخنەگرانەبوو. لەژێرکاریگەری ئەو پرۆگرامە وێژەییەی براندس – دا، ئیبسن چوار شانۆنامەی هەراهەڵسێنەری بڵاوکردەوە.کە بوونە هۆی دروستبوونی مشتومڕێکی زۆر لە نەرویج و ئەوروپای ئەو سەردەمەدا. ئەم چوار شانۆنامەیەی ئیبسن:( پایەکانی کۆمەڵگە) و ( ماڵی بووکەڵەیەک) و ( تارماییەکان) و ( دوژمنی گەل) ، قۆناغێکی تر لە قۆناغی دیدوبۆچوونی ئیبسن پیشان دەدەن. بە بڵاوکردنەوەی درامای ماڵی بووکەڵەیەک ساڵی ١٨٧٩ ئیبسن ناو ناوبانگی بە هەموو دنیادا بڵاو بووەوە.

**دوژمنی گەل**

ساڵی ١٨٨٢ ئیبسن شانۆنامەی (دوژمنی گەلی) نووسی، کە دیسان بووە هۆی ڕاست بوونەوەی بەرە جفاکییە جیاوازەکان لەیەکتری. بەرەکان دابەش بوون بەسەر ڕەخنەی ئەرێنی و نەرێنیدا. ڕۆژنامەی داگبلادە، ئیبسنی بە (پارێزەری بلیمەتی) تاک لە هەمبەر " ئەو پرۆژە گەورەیەی نێوان تاک و کۆمەڵگە" پێناسەکرد بوو. کەچی لە ڕۆژنامەیەکی تردا بە ناوی خوازراوەوە ڕەخنەی ئەوە لە ئیبسن گیرا بوو کە ئەو ڕەخنەیەی ئەو لە شانۆنامەکەیدا لە پارتە سیاسییەکانی دەگرێ، کاتیان بەسەر چووە و ئێستا پارتە سیاسیەکان بەو جۆرە نین، وەک ئیبسن پیشانیان دەدات. پێشیان وایە دکتۆر ستۆکمان (قارەمانی داراماکە) زۆر لە باکوری وڵات ماوەتەوە و نازانێ لە شار چ باسە[3].

ئیبسن بە شێوازە "ئیبسنیە" ئەفسوناوییە ناوازەکەی لە پێنج بەشدا ڕووداوەکانی درامای دوژمنی گەل دەگێڕێتەوە. گومانی تێدانییە ئیبسن بۆ نووسینی ئەم درامایە سوودی لە ڕوودا و وێنەگەلی واقعی وەرگرتووە. یەکێک لەوانە بەسەرهاتی باوکی شاعیری ئەڵمانی ئەلفرێد مایسنەر، کە بۆ ئیبسن - ی هاوڕێی گێڕاوەتەوە. باوکی ئەلفرێد لە ١٨٣٠ دا لە شاری "تێپلیتز" - ی دەوڵەمەند بەگەرماوی چارەسەری نەخۆشی لە "بۆهمن" دکتۆر بووە. پەتای کولێرا لە شارەکەدا بڵاو دەبێتەوە و دکتۆر مایسنەریش هەواڵی بڵاوبوونەوەی پەتاکە دەگەیەنێتە دەسەڵاتداران. ئەو ساڵە گەشتیاران لە ترسی بڵاوبوونەوەی کولێرا، وەک ساڵانی دی ڕووناکەنە شارەکە. بەو هۆیەوە قەیرانی ئابووری لە شارەکەدا دەکەوێتەوە. خەڵکی شارەکە خەتای ئەو قەیران و نەهامەتییە دەخەنە ئەستۆی دکتۆر مایسنەر و هێرش دەکەنە سەر ماڵەکەی و بەردبارانی دەکەن. دکتۆر مایسنەریش ناچار شارەکە بەجێدەهێڵێت[4]. ئیبسن لە بەشی پێنجەمی درامای دوژمنی گەل دا ئەم وێنەیە بەم شێوەیە بەرجەستەدەکات:

... دکتۆر ستۆکمان، بە ڕۆب و سۆڵ و کلێتەوە، خۆی نووشتاندۆتەوە و بە چەترێک ژێر یەکێک لە دۆڵابەکان دەپشکنێ؛ دواجار بەردێک دەهێنێتە دەرەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** بەرەو دەرگاکراوەکەی هۆڵی دانیشتنەکە هاوار دەکات

کاترینە، ئەوە یەکێکی کەشم لێرەدا دۆزییەوە.

**خانمی ستۆکمان** لە هۆڵی دانیشتنەکەوە

---

[3] Asbjørn Aarseth: innledning til En folkefiende: Bakgrunn.
[4] Henrik Ibsen skrifter: innledning til En folkefiende: Bakgrunn.

ئۆ، بەدڵنیاییەوە هی تریش دەدۆزیتەوە. ( دوژمنی گەل بەشی پێنجەم).

لەگەڵ شوێنی دیکەی دراماکەدا وێنەی لە واقع وارگیراو دەبینرێت. وەک ئەو دیمەنەی لە بەشی چوارەمدا بە ناوی خواستی زۆرینە و (دیموکراتییە)وە، ڕێگە نادرێت دکتۆر ستۆکمان گوتارەکەی دەربارەی چۆنێتی پیسبوونی سەرچاوە ئاوەکانی گەرماوەکە و کاریگەری لەسەر تەندروستی خەڵک بخوێنێتەوە. ئەم ڕووداوە لە دراماکەدا بەسەرهاتی هەراڵد تۆلۆ – ی دەرماناس / صیدەلانی، بەبیردەهێنێتەوە کە ساڵانێکی زۆر دژی دەستەی بەڕیوەبەرایەتی چیشتخانە گەورە هەرزانەکەی کریستیانیا ( ئۆسلۆی ئێستا) کاریدەکرد، پێیوابوو کە پرنسیپەکانی چێشتخانەکە گۆڕاون بۆ جێبەجێکردنی خواستی دەوڵەمەند و پارەدارەکان و هەژاران و نەدارانیش پشتگوێخراون. "هەراڵ تۆلۆ" ساڵی ١٨٨٠ نووسراوێکی دژ بە دەستەی بەڕیوەبەرایەتی چێشتخانەکە بڵاوکردەوە. لە فێبریواری ساڵی ١٨٨١ لە کۆبوونەوەیەکدا لە کاتی خوێندنەوەی پاشکۆیەکی زیادکراو بۆ نووسراوەکەی بەو هیوایەی کە قەناعەت بە گوێگرانبکات، کە چێشتخانە هەرزانەکەی کرستیانیا لە درۆیەکی شاخدار بەولاوە هیچی دی نییە. هەراوهورییایەکی وا دروستبوو لە کۆبوونەوەکەدا کە ڕێگە نەدرا "هەراڵد تۆلۆ " گوتارەکەی بخوێنێتەوە. دوای دوو هەفتە لەو بەسەرهاتە ئەو دەرماننناسە کۆچی دواییدەکات[5]. ئیبسن وێنەی ئەم بەسەرهاتە بەم شێوەیە لە دوژمنی گەل دا پیشاندەدات:

**ئەسلاکسن**

سەرەتا پێویستە کەسێک هەڵبژێردرێ بۆ جڵەوگیری نۆبەی قسەکردن لەم کۆبوونەوەیەدا.

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر؛ بە هیچ شێوەیەک پێویست بەوە ناکات.

هەندێ پیاو هاواردەکەن

با، با!

**قایمقام**

بۆچوونی منیش هەرئەوەیە، کە پێویستە ڕابەرێک هەڵبژێردرێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام من دەخوازم کاتی ئەم کۆبوونەوەیە تەرخانکەم بۆئەوەی موحازەرەیەکی تێدا بڵێمەوە، پێتەرا!

**قایمقام**

موحازەرەی دکتۆری گەرماوەکە، ڕەنگە لەباریدابێ بوار بە دەربڕینی ڕاوبۆچوونی جیاوازیش بدات.

چەند دەنگێک لە نێو حەشاماتەکەوە

کەسێک بۆ سەرپەرشتی کۆڕ! ڕابەرێک!

**هوڤستاد**

خواستی هاوڵاتیانی ئامادە بوو ئەوەیە کە کەسێک بۆ سەرپەرشتی کۆڕ پیویستە.

(بەشی چوارەم)

دەسەڵات و لایانگرانی بەناوی پارێزگاریکردن لە خواستی گەلێر و ڕاوبۆچوونی جیاواز و، ئازادی ڕادەربڕین و مسۆگەرکردنی نۆبەی قسەکردن بۆ هەریەکێ کە دەخوازێ و...هتد، دەکەونە گەلەکۆمەکی لە تاک و، ڕاستی دیزەبەدەرخۆنەکردن و بە ئانقەست ئاڕاستەی بابەت گۆڕین و مەبەست بەلارێدا بردن. دکتۆر ستۆکمان بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە پیسبوونی ئاوی گەرماوەکە و مەترسی گەرماوەکە لەسەر ژیان و تەندروستیان خەڵکی کۆکردووەتەوە و دەخوازێ قسەیان بۆبکات. بەڵام بەناوی خواستی گەلێر و کەرنەڤاڵی دیموکراتییەوە ڕێگە نادەن ئەو یەکەم کەس قسەکانی بکا. کاتێک نۆبەی قسەکردنی دێ، تازە ناحەزانی تاڕادەیەک سەرکەوتوون لە گومان خستنە دڵی خەڵکەکەوە بە پێدانی زانیاری نادروست لەبارەی ئەو ڕاستییەیی دکتۆر ستۆکمان بە تەمای باسکردنێتی. ئەم مامەڵە و ڕەفتارلەگەڵکردنە

[5] Asbjørn Aarseth: innledning til En folkefiende.

دەبێتە هۆی توورە بوونی دکتۆر. دیارە ئامانجی ناحەزانیشی هەر ئەوەیە دکتۆر کاردانەوەیەکی وای هەبێت کە لەبەرچاوی خەڵکەکە بکەوێت.

دکتۆر ستۆکمان هەربەتەنها ئەو کەسایەتییە نییە کە بەدواداچوون بۆ ئەو ناهەقیەبکات کە خەڵک بە هەقی دەزانن، یان ئەو پیاوە پرگماتیکەی دەخوازێ بە باشترین شێوە کێشەکان لەبەرژەوەندی کۆمەڵگە چارەسەربکات. بگرە ئەو لە چاو برا کۆنسەرڤاتیڤە دنیا لەخۆ حەرامکردوەکەیدا، کەسێکە توانای باوەشکردنەوەی بۆ ژیان و ئایندەیەکی گەشاوەی باشتریش هەیە. ئەگەرچی کەسێکی خۆشخۆر و سەخی تەبیعەت و کۆمەڵایەتی و مەتریالیستیشە ، کەچی لەپڕێکدا بە وشەگەلێکی تا ئەندازەیەک نەرم هەست و شعوری لەبەرامبەر ژیاندا دەردەبڕێت[6]:

**دکتۆر ستۆکمان** دەستەکانی لەیەك دەخشێنێ
بەڵێ، ئەی ئەوە ناز و نیعمەت نییە ببینی مرۆڤە گەنجەکان تێر بەسکی خۆیان بخۆن؟ بە ئیشتیاپی کراوەوە، ها! ئەی چۆن دەبێ وا بێت. خواردن پێویستە هەبێت! هێز و ووزەیە! ئەوانە ئەو خەڵکانەن، کە لێکۆڵینەوە لەو بابەتە خراپانە دەکەن کە لە ئایندە دا سەرهەڵدەدەن، پێتەر. ( بەشی یەکەم)

یان کە لەهەمان گفتوگۆدا بەردەوام دەبێت و دەڵێ: ... بەڵێ، تۆ نا بێت ئەو قسەیەم بە جیددی وەرگریت، پێتەر. چونکە، با پێت بڵێم، من لە ناخی دڵەوە ڕەزامەند و دڵخۆشم. هەستدەکەم زۆر بەختەوەرم بەو هەموو چرۆ و شکۆفەکردنەی ژیان بەدەورمەوە، بە جۆرێک کە هەر وەسفناکرێ. بەڕاستی زەمانێکی خۆشە ئەمەی ئێمەی تێدادەژین! تەواو هەر وەک ئەوەی دنیایەکی نوێ بەدەوری یەکێکەوە گەشەبکا و پەرەبستێنێ. ( بەشی یەکەم).
پێویستە ئەم قسانەی دکتۆر بەهەند وەربگیردرێت و، بچوک نەکرێتەوە بۆ پیشاندانی کەسایەتی قارەمانێکی کۆمیدی. ئەوە هەر هەمان دینامیکیەتی هەست بە ژین و ژیانکردنە کە دووبارە تین و تاوی بۆ دێنێتەوەکاتێک گومانبردنەکەی لە پیس بوونی ئاوی گەرماوەکە پشتڕاست دەکرێتەوە. دکتۆر هیچ بیروهۆشی بۆ ئەو کێشە و ئاستەنگانە ناچێت کە لە ئایندەدا بەرەو ڕووی ئابووری شارەکە دەبێتەوە، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت. دکتۆر ستۆکمان بەو ئیشتیا و کەیف خۆشی و ئارەزووی ژیانەوە خۆشباوەڕانە خۆشی خۆی دەردەبڕێت[7].

**دکتۆر ستۆکمان**
سوپاس، سوپاس هاوڕێیانی ئازیز! لەناخی دڵەوە خۆشحاڵم -؛ ئۆ، بەڕاستی نیعمەتە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ئەوە بزانێت، کە کەسێکە شایستە بە زێدی خۆی و هاوزێدانی، هـووووڕا، کاترینا!
بەهەردوو دەست باوەش بە کاترینا دا دەکات و لەگەڵ خۆی سەمائامێزانە دەیسووڕێنێتەوە. خانمی ستۆکمان دەقریشکێنێ و هەوڵدەدات خۆی لەدەستی ڕزگارکات. قاقای پێکەنین و، چەپڵەلێدان و هاواری هوراکردن بۆ دکتۆر. کوڕەکانیش لەدەرگاکەوە سەر دەهێننەدەرەوە. (کۆتایی بەشی یەکەم).

---

[6] Atle Kittang, Ibsens Heroisme, Gyldendal 2002, s 162, 163
[7] سەرچاوەی پێشوو. وەرگێر

**قارەمانێکی خۆشباوەڕ**

بێگومان هەست دەربڕینێکی سەرکەشانەی ژیانویستانەی ئاوها دەربڕینێکی کۆمیدیانەشە بۆ ساویلکەیی و نەشارەزایی دکتۆر لە دنیایی سیاسەتدا. ئەو ساویلکەیەتییە زیاتر لە بەشی دووەمدا دەردەکەوێت، سەرەتا لە بەیەک گەیشتنەکەی دکتۆر ستۆکمان و مۆرتن کیل دا و، دواتر لە گفتوگۆکانی نێوان دکتۆر و هوڤستاد و ئەسلاکسن – یشدا خۆشباوەڕی دکتۆر باشتر بەدەردەکەێت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا کەمایەسی لە دید و توانای مامەڵەکردنی سیاسی لەلایەکەوە و ئاڵۆزی پیکهاتەی کەسایەتی دکتۆر لەلایەکی ترەوە ئاشکرا دەبێت. دکتۆر ستۆکمان تێناگات کە پشتگیریکردنی مۆرتن کیل -ی خەزوری لە دۆزینەوەکەی، مەرامێکی کاتی لە پشتەوەیە: مەرامەکەی « گۆڕهەڵکەنە» ی پیریش، تۆڵەکردنەوەیە لە قایمقام و هاوپەیمانەکانی چوونکە هەر وەک خۆی دەڵێ < ئەوانە منیان وەکو سەگ لە دەستەی بەڕێوەبەرێتی کردەدەرەوە> ( بەشی دووەم).

بە هەمان شێوەش دەرک نەکردن بە مەرامە سیاسیەکانی ئەسلاکسن و هوڤستاد - یش، کەموکوڕی لە دەرککردنی سیاسی دکتۆر ستۆکمان پیشاندەدات. ئەسلاکسن و هوڤستاد نوێنەرایەتی دوو ئایدیۆلۆجی جیاوازدەکەن، بەڵام هەردوو لا، بۆ تەنگ هەڵچنین بە دەسەڵاتدارانی شار، پشتگیریکردنی دکتۆرستۆکمان، کە هێرش دەکاتە سەر پێگەی قایمقامی شارەکە بەفرسەتێکی باش دەزانن. دکتۆریش بێ بیرلێکردنەوە دیدی خۆی هەیە بۆ مامەڵەکردنی سیاسی. بەلای ئەوەوە مافی مامەڵەکردنی سیاسی بەلای ئەوکەسەوەیە کە لەسەر هەقە، و مامەڵەکردنیش مانای دۆزینەوەی چارەسەری کارەکییە بۆ کێشەکان. بەڵام بە هیچ شێوەیەک سەر لە مەرامە کاتییەکان و پاڵنەرەکانیان دەرناکات و، لە هەموو حاڵەتێکیشدا نازانێت، کە دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە توانای پێشبینیکردنی دامەزراندنی هاوپەیمانێتی لە ڕێگەی کایەیی پاراستنی بەرەژەوەندییەکانەوە. بە گوێرەی تێگەیشتنی دکتۆر مامەڵەکردن جۆرێکە لە بەرهەمی مەعریفە و خواست و ئیرادە، کە بە ئاڕاستەی ئامانجێکی بەهادار و دادپەروەرانەدا هەنگاو دەنێت، ئەو ئامانجەش " هەقیقەتە"[8].

**قارەمانێکی کۆمێدی**

ئەگەرچی بابەتی دراماکە زۆر جیددیە، وەلێ خاڵیش نییە لەو ڕووداوگەلەی مرۆڤ دێنێتە پێکەنین. فریوخواردنی دکتۆر ستۆکمان بە پیاهەڵدانەکانی ئەسلاکسن – ی خاوەن چاپخانە و سەرۆکی سەندیکای مۆڵکداران لە لایەک و هوڤستاد - ی بیرئازاد و لیبراڵ و سەرنووسەری ڕۆژنامەی " پەیامی خەڵک" و بیلینگ – ی هاوکاری لەلایەکیترەوە، ساویلکەیی ئەو دکتۆرە بلیمەتە پیشاندەدات. هاوکات خۆ گیڤکردنەوەکەی دکتۆر ستۆکمان بەسەر ستۆکمانی قایمقامدا و هەڕەشەی لەسەرکار لابردنی، بە پشتیوانی زۆرینەی پایەدار و لیبراڵ و بیرئازاد، مرۆڤ دێنێتە پێکەنین. وەک لەبەشی سێیەمدا دەردەکەوێ:

**قایمقام**

ئەم هات و هاوارە مانای چی؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ڕێزی خۆتبگرە، پێتەرە باشەکەم. ئێستا من، لە شارەکەدا دەسەڵاتدارم.

بەدەم پیاسەکردنەوە دەڕوات و دەگەڕێتەوە

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** بەدەنگێکی تاڕادەیەک گریاناوی

نـا تۆماس، وا مەکە!

---

[8] سەرچاوەی پێشوو. وەرگێر

**قایمقام** لەدوایەوە دەڕوات

کڵاو و گۆچانەکەم بدەرەوە!

**دکتۆر ستۆکمان** هەروەکو پێشوو
ئەگەر تۆ سەرۆکی پۆلیسیت، ئەوا منیش سەرۆکی هاوڵاتیانم، . من -، من سەرۆکی هەموو شارەکەم، ئەوە بزانە!
**قایمقام**
ئەڵێم، ئەو کڵاوە داکەنە. بیرت نەچێت، ئەوە کڵاوی ڕەسمییە!
**دکتۆر ستۆکمان**
پیف؛ لە تۆ وایە ئەو شێرەخەڵکە بەئاگاهاتووە کڵاوی ڕەسمی دەیانترسێنێ؟ بەڵێ، سبەینێ ئێمە شۆڕش پەرپادەکەین، بابزانیت. تۆ هەڕەشەی لەسەرکار لابردنت لە من دەکرد؛ بەڵام ئێستا ئەوە منم کە تۆ لەسەرکار لادەبەم، لەسەر هەموو کارە متمانەپێکراوەکانت لاتدەبەم .. لە تۆ وایە من ئەوەم پێناکرێ؟ با پێمدەکرێت، بابزانیت؛ من دەسەڵاتە سەرکەوتووەکانی کۆمەڵگەم لە پشتە. لە سبەینێ زووتر نییە، هوڤستاد و بیلینگ دەیکەن بە هەورەگرمەی دوای هەورەبروسکە لە " پەیامی خەڵک" دا و، ئەسلاکسنی کتێب لە چاپدەریش پێش سەندیکای موڵکداران دەکەوێت و قسەی خۆی دەکات .
(بەشی سێیەم).

ئیبسن لە بەشی چوارەمیشدا، ڕۆژی کۆبوونەوەی خەڵکەکە بۆ گوێگرتن لە گوتارەکەی دکتۆر ستۆکمان، کابرایەکی بەدمەستی سەرخۆش تێکەڵ بە ئەتمۆسفیری کۆبوونەوەکە دەکات، کە دیسان کەمێک کۆمێدییە.

**پیاوێک** لەسەرەوە لەلای دەرگاکەوە
لە چاوی سەندیکای مەیانڕەوان! ( بەشی چوارەم)
...
**پیاوێکی سەرخۆش** ...
من هەقی باج دانم لەسەرە! بۆیە هەقی ڕادەربڕینشم هەیە! من ئەو ڕاوبۆچوونە تەواو جێگیر و لەڕەگ هەڵنەکەندراوەم هەیە، کە .
**چەند دەنگێکی زۆر**
قسەمەکە، بێدەنگ بە!
**هەندێکی تر**
سەرخۆشە! بیکەنە دەرەوە!
پیاوە سەرخۆشەکە دەکرێتە دەرەوە (بەشی چوارەم).

بیرۆکەی درامای دوژمنی گەل پێش نووسینی درامای تارماییەکان[9] و بڵاوبوونەوەی، لای ئیبسن سەری هەڵدا بوو. ڕاستی ئەم قسەیە لەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە ساڵی ١٨٨١ ئیبسن بۆ خاوەن دەزگای چاپەمەنی دراماکانی نووسیوە. ئیبسن لەو نامەیەدا دەنووسێت:

« من ئێستا خەریکی پلانێکم بۆ درامایەکی کۆمیدی لە چوار بەشدا، کە پێشتر بیرم لێکردبووەوە، بەڵام کاتی خۆی لەبەر تارماییەکان دەستبەرداری بووم[10]» ڕەنگە بەلای کەسانێکی زۆرەوە سەیر بێت کە ئیبسن بیرۆکەی ئەو درامایەی کە پاشان دەبێت بە درامای دوژمنی گەل، بە کۆمیدی ناودەبات. چوونکە ئەو بابەتانەی دراماکە دەیانخاتە بەرباس، بابەتگەلی زۆر جیددین. لەگەڵ ئەوەشدا درامای دوژمنی گەل درامایەکی کۆمیدییە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا جیدییەتێکی قوڵیشی تێدایە.

---

[9] تارماییەکان، دەزگای سەردەم ٢٠١٥ وەرگێڕانی هاودەم ساڵح جاف.
[10] Bjørn Hemmer, kunstnerens vei 2003, s 179.

دوای بڵاوبوونەوەی «تارماییەکان» ساڵی ١٨٨١، ئیبسن بەرەورووی ڕەخنە و دژایەتیکردنێکی زۆر بووەوە. ڕەنگە کاریگەری ئەو ڕەخنە و دژایەتیکردنانە بووبێت کە دوای ساڵێک، ئیبسن درامای دوژمنی گەل بڵاودەکاتەوە. لەم دراما نوێیەدا ئیبسن بەتووندی ڕەخنە لە وەستانەوەی کۆمەڵگە دژ بە تاکەکەس دەگرێت و ، ئاماژە بۆ داسەپاندنی بڕیاری دەسەڵات لە ڕێگەی گەلێرەوە بەسەر تاکەکەسدا دەکات، ئەگەرچی هەق بەلای ئەو تاکەکەسەشەوە بێت. وەک کە لێرەدا ئەوپیرە ڕاشکاوانە دەردەبڕێت:

**دکتۆر ستۆکمان**

من دەڵێم، هەرگیز هەق بەلای زۆرینەوە نییە، هەرگیز! ئەوە یەکێکە لە درۆکانی کۆمەڵگە، کە پیاوی ئازاد و بیرمەند دەبێ دژی بووەستێتەوە. کێن ئەوانەی زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتێک پێکدەهێنن؟ ئایا خەڵکانی زیرەکن، یان خەڵکانی دەبەنگ؟ من بیر لەوە دەکەمەوە، ئێمە دەبێ لەسەر ئەوە هاوڕابین، کە لە تەواوی دنیایی بەریندا، مرۆڤە دەبەنگەکان، ئامادە بوونێکی زۆر بە هێز و سامناکان لە نێو گەلێردا هەیە. باڵام نەفرەت لە شەیتان ، هەتا دنیا دنیاییە هەرگیز ئەوە ڕاست نییە، کە ئەو دەبەنگانە بەسەر خەڵکی هۆشمەندەوە ئاغا و دەسەڵاتدار بن. ( بەشی چوارەم).

ئینجا کە گوێگران دەیکەن بە هات و هاوار و ژاوەژاو، دکتۆر ستۆکمان درێژە بە قسەکانی دەدات:

بەڵێ، بەڵێ؛ بێگومان ئێوە دەتوانن بەهات و هاوارەکانتان نەهێڵن دەنگم دەربێت؛ بەڵام ناتوانن بەرپەرچم بدەنەوە. بەداخەوە ، زۆرینە، خاوەن دەسەڵات و هێزە؛ بەڵام لەسەر هەق نییە. هەق بەلای من و خەڵکێکی کەمی ترەوەیە، بەلای تاک و تەراوەیە. کەمینە هەمیشە لەسەر هەقە. ( بەشی چوارەم)

ئیبسن بەردەوام سەرقاڵی هەقیقەت و ئازادیە، پێیوایە ئەم بیرە ئایدیاڵخوازانە بەردەوام پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون هەیە، ئەگەرچی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەو بووارانەدا دەبنە هۆی ڕەزاگرانی خاوەنەکانیان. ئامانج لە لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای هەقیقەتدا لای دکتۆر ستۆکمان جگە لە هەقیقەت خۆی، هیچ ئامانجێکی دی نییە. واتە هەقیقەت لە پێناوی هەقیقەتدا و بەس.

دکتۆر ستۆکمان ڕەخنە لە کۆمەڵگە دەگرێت و پێیوایە زۆرینەی خەڵک لەسەر درۆ و ئینکاری لە ڕاستیکردن دەژین. « هەموو کۆمەڵگەی مەدەنیمان لەسەر بناغەیەکی درۆزنانەی بارگاوی بە نەخۆشی تاعوون ڕاوستاوە.» ( دیمەنی چوارەم). بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتی ستۆکمان پێویستە لە بیری لیبرالیزمی سەدەی نوۆزدەهەم تێبگەین. ئیبسن لە نزیکەوە ئاگاداری ڕێبازی فکر و فەلسەفەی نوێ و بڵاوبوونەوەی زانستە بەلەز بەرەوە پێشچووەکانی سەردەمی خۆی بووە. وەک دەزانین ئیبسن ئاشنای دیمانەی (هەڵبژاردنی سروشتی) و (زانستی گەشەکردن) – ی چارلز داروین[11] بووە و هاوکات جۆن سیتوارت میلل[12] و نێتشە[13] و کیرکەگۆرد[14] یشی خوێندووەتەوە. بۆیە گرنگە لێرەدا کەمێک لەو بیروبۆچوونانەی کاریگەریان بەسەر ئیبسن -ەوە بووە و لە دراماکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەسەربکەینەوە. بەتایبەتی بیری لیبرالیزم، ئەو ئایدیۆلۆجیە سیاسیەیی کە لەسەر دەستی جۆن ستیوارت میلل و هەربەرت سپینسەردا [15]گەشەیکرد.

**لیبرالیزم**

وشەی لیبرالیزم دەشێ بۆ باوەڕێکی گشتی وەها بەکاربێت کە پێیوابێت شادمانی و خۆشگوزەرانیی تاکەکەس ئامانجی سیاسەتە، دەشێ بۆ بەرز نرخاندنی ئازادی بیر و ئازادی دەربڕین بەکاربێت، یان بۆ باوەڕێکی ئابووری بەکاربێت کە پێیوابێت فراژووتنی ئابووری بەوەی پێیدەگوترێت بازاڕی ئازاد، دوور لە دەست تێوەردانی دەوڵەت، سوودمەند دەبێت. ئەمڕۆ هەر تێڕوانینێکی

---

[11] Charles Robert Darwin 1809-1882: زانایەکی ئینگلیزی بەناوبانگە بە دامەزرێنەری بنەتاکانی دیمانەی فراژووتنی نوێ دەناسرێ

[12] John Stuart Mill 1806-1873: فەیلەسوف و کۆمەڵناس و ئابووریسایسی ناسی ئینگلیزییە

[13] Friedrich Wilhelm Nietzsche 1844-1900: فەیلەسوف وڕەخنەگر و کۆمپۆنیست و شاعیری ئەڵمانی دامەزرێنەری بیری تازەگەرییە

[14] Søren Kierkegaard 1813-1855:فەیلەسوفێکی دانمارکییە کە لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی بوونگەراییدەژمێردرێت

[15] Herbert Spencer 1820-1903: فەیلەسوف و کۆمەلناس و بایۆلۆگی ناسێکی ئینگلیزە، پێش داریون باسی دیمانەی فراژووتنی کردووە

دژەکۆمۆنیستانە و دژە سۆسیالیستانە زۆر جار پێیدەگوترێ لیبراڵ، لە زۆر وڵاتندا، وشەی لیبراڵ بۆ ئەو حیزبە سیاسیانە بەکار دەهێنرێت کە لە نێوان ئایدۆلۆجی ڕاست و چەپی نەرێتەکیدا traditional جێیەکی ناوەندیان گرتووە[16].

دەربارەی ئەوەی ئایە بیری لیبرال لە چ ماوەیەکدا تەواو ڕسکا، بۆ چوونی جیاواز و هەمەجۆر هەیە. زۆرجار جۆن لۆک John Locke[17] بە بنیاتنەری لیبرالیزم دادەنرێ . جاروبار بە ئابوورییە سیاسییە کلاسیکەکەی ئادەم سمث[18] دەگوتری لیبرالیزمی ئابووری – ئەم بۆچوونەش لە هیچە نییە. بەڵام لە بەرهەمی لیبراڵی نوێدا گەلێک جار وا پیشاندەدرێ کە بڕوا بە دیمۆکراتیی نوێنەرەکی و مافی دەنگدانی وەک یەک و بۆ هەمووان، بەشێکی بنەڕەتی و تایبەتە بە ئایدیۆلۆجی لیبراڵ. ئەگەر وا بێت ئەوا لیبرالیزم زادەی دەمە درەنگەکانی سەدەی نۆزدەیەمە.

بیری تاکەکیەتیی individualism-ی سەدەی هەژدەیەم خەسڵەتێکی تارادەیەک نوێی وەرگرت، ئەو تاکەکییەتییە بووە داکۆکییەک لە مرۆڤی تاکەکەس، نەک تەنیا دژ بە خواستی چینی بەرەژوور و موڵکداران بەڵکوو دژ بە < ئاپۆڕەی نەخوێندوو > و < ڕای گشتی > ش و ... هتد، بیری چینایەتیی سۆسیالیستانە و بیری دەوڵەت و کۆنەوار coservative و کۆنەپەرستانە reaction، ببوونە یەکەم کێلەنیشانی لیبراڵەکان.

لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەیەم دوو ڕێبازی سەرەکی هەبوو، هەردووکیانیش هەتا ئەمڕۆ بەرژیانن. ڕێبازی یەکەمیان ناوێکی وەهای نییە لە گشت لاوە سەلمێندرابێ. جار هەیە ڕاست و ڕەوان پێیدەگووترێ لیبرالیزم، جاری واش هەیە دەبێتە لیبرالیزمی پەتی. هەندێ جار یش لیبرالیزمی مانچێستەری پێدەڵێن و هەندێ جاریتریش پێی دەگوترێ داروینایەتی چڤاکی، Social darwinism مەبەست لەو باوەڕەیە کە گوایە دیمانەی فراژووتنی جۆر – ی داروینی کردووە بە دەراو بەڵام زیاتر پەیوەندی بە فەلسەفەی هەربەرت سپنسەر Herbert Spencer ەوە هەیە و ، ئەم ڕێبازە لە ئەمەریکا زیاتر برەوی پەیداکرد.

ڕیبازی دووەمیان بە لیبرالیزمی چڤاکی Social liberalism ناسراوە، بەگشتی، جیاوازی ئەم لەگەڵ ئەوەی یەکەم ئەوەیە، ئەمیان چەند جۆرێکی دەست تێوەردانی دەوڵەتی دەسەلمێنیت، بەو مەبەستەی چارەیەکی هەژاری و نەداری چینی کرێکاران بکات و دژ ی مۆنۆپۆلی ئابووری بوەستێتەوە کە ڕێگە لە ڕکەبەرایەتی ئابووری ئازاد دەگرێ، جۆن ستیوارت میلل نوێنەری سەرەکی ئەم لیبراڵیزمە چڤاکییەیە.

**هەڵبژاردنی سروشتەکی و مانەوەی لەبارترین**

دیمانەکەی داروین دەربارەی فراژووتنی جۆر لەسەر ئەو گریمانەیە بنیاتنراوە کە دەڵێ: گۆڕینی جۆر بە پێی «هەڵبژاردنی سروشتەکی» ڕوودەدات. بەر لەوەی داروین ئەو دیمانەیەی خۆی پێشکەش بکات، سپێنسەر باسی لەوەکردووە کە جۆر بەرگۆڕە و دەشڵێ گۆڕانەکە بە هەڵبژاردن دەبێ. وەلی سپنسەر زاراوەی « هەڵبژاردنی سروشتەکی » بەکار نەهێناوە، بەڵکو «survival of the fittest» ی بەکارهێناوە ڕەنگە بەکوردی بکاتەوە < مانەوەی هەرە لەبار>. مەبەستیش ئەوەیە کە مانەوە بۆ ئەو جۆرەیە کە لە هەمووان لەبارترە. داروین گوتەکەی سپنسەری هەڵگرتوە، ماوەیەکی درێژخایەن ئەم گوتەیە بووە جۆرە بانگدانێک بۆ ئەو دیاردە فرەپەلهاوێژەی پێیدەگوترێ داروینایەتی darwinism.

یەکێک لە دیاردە سەرنجراکێشەکان لە دوژمنی گەل دا، شێوازی بەکارهێنانی زمانە لای دکتۆر ستۆکمان، بەتایبەتی لە کۆبوونەوەکەی بەشی چوارەمدا، کە بۆ وەسفکردنی ڕەفتاری مرۆڤ، یان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو فیکرەی کە پێیوایە بە وەسیلەی گونجاو دەتوانرێ هەم تاکی مرۆڤ و هەم تاکی ئاژەڵیش پەروەردەبکرێ و پەرەی پێبدرێ. گەلێ نموونەی بە وێنە لە وشەسازدراو دەهێنێتەوە کە تیایاندا ناوی جۆرەکانی ئاژەڵ دەهێنێت. وەک ئەو وێنە لە وشەسازێندراوانەی لەبەشی چواردەمدا دەبینرێت:

[16] Sven – Eric Liedman Från platon till Kommunismens fall, ڕێگوزەری بیری سیاسی، وەشانێن ئاپێک، ١٩٩٧ تەرجەمەی لەسویدییەوە ئاسۆز کەمال. وەرگێڕ

[17] John Locke 1632-1704: فەیلەسوف و فیزیکزانی ئینگلیزی کە بە باوکی بیری لیبرالیزمی دەناسرێت.

[18] Adam Smith 1723-1790: فەیکەسوف وئابووریناس وبوسەرێکی سکۆتلەندییە بە باوکی کاپیتالیزمی دەناسرێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بۆ مەگەر ئەوە لە هەموو دنیادا هەر بەهەمان شێوە نییە؟ چۆن لە نێوان توخمی ئاژەڵی پەروەردەکرا و ناپەروەردەکراودا جیاوازی نییە؟ هەر تەماشای مریشکی دوورەگە بکەن . دەبێ پەلەوەرێکی ئەوها لەڕ، چ گۆشتێکی پێوە بێ؟ بێگومان، گۆشتێکی وای پیوە نییە! ئینجا دەبێ مریشکی وا چ جۆرە هێلکەیەکیش بکات ؟ دیارە جۆرە هێلکەیەک کە تارادەیەک قەلە سابوونەو قەلەباچکەش دەتوانن هێلکەیەکی باش بە ئەندازەی ئەو هێلکەیەی ئەو دەیکات، ئەوانیش بیکەن. بەڵام تۆ وەرە سەیری مریشکیکی پەروەردەکراوی ئیسپانی یان یابانی یان فاسان و قەلەمونێکی بەهادار بکە؛ . ئا، بێگومان ئەوسا جیاوازییەکە دەبینن! ئینجا با باسی سەگیشتان بۆ بکەم، ئەو ڕەگەزەی کە ئێمەی مرۆڤ بەشێوەیەکی نائاساییانە لە نزیکەوە خزمایەتیمان لەگەڵیدا هەیە. یەکەم شت بیر لە سەگێکی خوێڕی بکەنەوە. با بڵێین، سەگێکی پیسی، تیسکنی، بەرەڵای ڕەگەزچروک، کە بە جادەکاندا دەسووڕێتەوە و میز بە دیواری ماڵاندا دەکا. ئینجا وەرە بەراوردی ئەو سەگە ڕەچەڵەک چروکە لەگەڵ سەگێکی موونەرمی خاوێن بکە کە بۆ پاسەوانیکردن لە ماڵدا ڕاگیراو ە و، بە چەند ڕەگەزێک دەچێتەوە سەر وەچەکانی پێشتری خۆی، کە لە ماڵێکی وەجاخزادەدا بەجوانی زاوزێیکردووە و بۆی ڕەخساوە دەنگی مۆسیقا و هارمۆنی ببیستێ . لەو باوەڕەدا نین گەشەکردنی کاسە سەری سەگە موونەرمە لە ماڵدا ڕاگیراوەکە تەواو لەگەڵ گەشەکردنی کاسە سەری سەگە بەرەڵاکەدا جیاواز بێت؟ با، بێگومان دەبێ ئێوە لەوە دڵنیابن! ئەوە ئەو جۆرە سەگە موونەرمە لەماڵدا ڕاگیراوەیە، کە تەنافبازەکان فێری سەرسوڕهێنەرترین هونەریان دەکەن. جۆرە هونەرگەلێک کە سەگی ڕەگەز چروکی بی خاوەن ، هەرچییەک بکا، هەرگیز فێری نابێ. ( بەشی چوارەم).

ئەم بەشانەی دکتۆر ستۆکمان لە قسەکانیدا بەڵگەیان لەسەر دەهێنێتەوە شایەتی ئەوە دەدەن، کە ئیبسن زووتر ئاشنای دیمانەی فراژووتنی چارلس داروین بووە. یان وەک دەزانرێت ئیبسن پێشتر ئاشنای بیر و فەلسەفەی جۆن ستیوارت میلل بووە، کە یەکێکە لە جەمسەرە سەرەکییەکانی لیبرالیزمی نوێ و لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانیشیدا لەمەڕ ئازادی ئافرەتانەوە – درامای - ماڵی بووکەلەیەک – ی نووسیوە، واتە دەشێ ئیبسن ئاگاداری داروینایەتی جڤاکیش بووبێت، کە سپینسەر ڕابەرایەتی کردووە.

میلل کە دێتە سەر باسی ئازادیی سیاسی، بێ پێچوپەنا لە گرنگی فراژووتنی گیانەکی دەدوێ. ئازادی دەربڕین جێگیرنابێ لە نێو « کۆمەڵگەی دواکەوتووی وەهادا کە سەرلەبەری گەل نارسکاو بێت ». « ستەمکارەتی شێوە حوکمڕانییەکە لەگەڵ قەومی ناژیارمەندا ڕەوایە». ئەوجا دەڵێ: «ئازادی وەک بیرێک بە هیچ جۆرێک جێگەی کارپێکردنی نییە لەو هەلومەرجانەدا کە هێشتا مرۆڤایەتی تێیاندا نەگەیشتۆتە ئەو دۆخەی بە گفتوگۆی ئازاد وهاوشان ڕێگەی پێشکەوتن بگرنە بەر». لێرەدا تارادەیەک دکتۆر ستۆکمانیش ڕایەکی نزیک بەم ڕایەی لەبەرامبەر پیاوی بیر نا ئازاد و ناشارستانی و دەشتەکیدا هەیە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام ئەو بە ڕەچەڵەک ئاوهایە، چوونکە ئەو وەکو پێشینەکانی خۆی بیردەکاتەوە و ڕاوبۆچوونیشی ڕاو بۆچوونی پێشینەکانی خۆیەتی. ئەو خەڵکانەی بەو شێوەیە کاردەکەن، ئەوانە سەر بە پیاوانی ڕوح ناشارستانی و دەشتەکین ؛ تێگەیشتن، لەبەرئەوەیە کە برا پایەبەرزەکەم پیتەر ، هەر لەبنەڕەتەوە تابڵێی نەجیبزادەیی تێدا کەمە. بێگومان بیر ی ئازادیشی تێدا هەرکەم وکەچە. (بەشی چوارەم)

ئایدۆلۆجی لیبرالیزم لەسەر پرنسیپی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی تاکەکەس بنیات نراوە. پیرۆزترین مافی سیاسی، بەلای میللەوە، مافی دەنگدان نییە، بەڵکوو ئازادی دەربڕینە. کاتێک گیۆرک براندس لە ١٨٧٢ لەسەر بیری ئازادانەی بەرەوڕووی هێرش و پەلاماردان بووەوە ، هەستیکرد ڕۆژنامە دانیمارکییەکانی سەر بەباڵی لیبراڵ ڕەتیانکردەوە مافی پێبدەن تا بەرگری لە بیروبۆچوونەکانی بکات. کاتێک ئیبسن بەو هەواڵەی زانی، لە نامەیەکدا بۆ براندسی نووسی، هەڵوێستی ئەو لیبراڵانە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە من (ئیبسن) دەمێکە لەبارەیانەوەم وتووە، لە هەقیقەتدا ئەوانەی پێیاندەگوترێت جەنگاوەرانی ڕێگەی ئازادی و لیبراڵخواز، لە خراپترین دوژمنانی سەرسەختی ئازادین. ئیبسن لە نامەکەیدا براندس بەئاگا دەهێنێتەوە لەوەی نەکا لە جەنگەکەیدا متمانە بەوکەسانە بکات کە دەبنە لایەنگری، چوونکە هەرگیز زامن نییە ئەو جۆرە لایەنگرانە، لە

جەنگەکەیدا یارمەتی بەهێزبوونی بدەن. چوونکە - وەک ئیبسن دەنووسێت – ئەو قەناعەتی وایە کە « بەهێزترین کەس، مرۆڤی تەنیایە »[19].

پێدەچێت ئەم بۆچوونەی ئیبسن لەمەڕ هەقیقەتەوە، یەکێک بێت لەو بۆچوونانەی زووتر، پێش نووسینی درامای دوژمنی گەل، لە دنیای ئیبسن دا سەری هەڵدا بێت. چوونکە دەساڵ دوای ئەو نامەیە، لە ساڵی ١٨٨٢ دا، ئیبسن دوژمنی گەل دەنووسێ و لە زاری دکتۆر ستۆکمانی قارەمانی دراماکەوە، هاوشێوەی هەمان بۆچوونی نێو نامەکەی براندس، دەردەبڕێت. ئەگەرچی ئیبسن لەگەڵ گەلێک لە بۆچوونەکانی ستۆکمان دا هاوڕانییە، بەڵام دروست لەو خاڵەدا گومان لە هاوڕابوونی ئیبسن لەگەڵ ستۆکمان دا ناکرێت. دواهەمین ئیکتیشافی دکتۆر ستۆکمان لە کۆتایی دراماکەدا ئەوەیە کە دەڵێ : « بەهێزترین پیاو لە دنیادا، ئەو پیاوەیە، کە زیاتر بە تەنیایە » ( دوژمنی گەل بەشی پێنجەم) ئەم گوتەیە پێچەوانەی بیروبۆچوونی گەلێرە و، هێز و دەسەڵاتی تایبەتی تاکی بەکۆمەڵگە نامۆ و بێگانە پیشاندەدات، دەسەڵاتێک کە لە خودی نەبوونی دەسەڵاتتدا ئامادەیە، دروست لە هێز و توانای ئەو تاکەدا، کە خۆی لەدەرەوەی بازنەی هەم دەسەڵات و هەم گەلێری سەر بە تاکە فیکرێکی سیاسیشدا دەبینێتەوە. ئەمە ڕەهەندی دیدی کۆتایی دوژمنی گەل – ە. [20]

لە درامای دوژمنی گەل دا، ئیبسن سوپایەکی تەیار بە ( خیانەت و غەدر) و ( خائن و هەوەسباز) و ( خۆویست و درۆزن) لەهەمبەر سوپایەکی بەژمارە کەم، وەلێ تەیار بە ( وەفا و دادپەروەری) و ( قارەمانێتی و مرۆڤدۆستی) و ( خۆنەویستی و هەقپەرستی) ڕادەگرێت. مەیدانی جەنگی ئەم دووسوپایەش کۆمەڵگەیە. جەنگاوەرانیش لە ( زۆرینە و کەمینە) و (باوەڕداران و بێ باوەڕان) و (تاک و کۆمەڵ ) و (بێلایەن و لایەنگر) پێکهاتوون. لەم جەنگەدا ڕاستی وەک یانوس - ی دوو ڕوو [21] وایە، خاوەنی هەر دوو ڕووخساری پاش و پێشی خۆیەتی.

درامای دوژمنی گەل پێش هەموو شتێک پەیامێکە بۆ بەهێزکردنەوەی ئازادی دەربڕین، ڕاگەیەنەری پەیام کەسایەتییەکی سەیرە لە یەککاتتدا هەم قارەمانە و هەم کۆمیدیش. ئەوکاتەی دکتۆر ڕاشکاوانە هەقیقەتی شتەکان بێ ڕوتووش و جوانکاری دەخاتە ڕوو، ئەوکات دەبێتە جەنگاوەر لەپێناو شتێکدا دژ بە شتێکی دی، کە ڕاشکاوانە لەبیر و کردار و کەسایەتیدا بەرجەستەن. وەلێ هەڵەباشی کەسایەتی دکتۆر و، هەڵەشەیی لە بەکارهێنانی زمان و، بێئاگایی لە دنیایی ڕامیاری و ئابووری و کەمایەسی لە توانای تاکتیکی مامەڵەکردندا، کارێک دەکەن کە بینەر سەرەڕایی هاوسۆزیشی بۆ دکتۆر، هەر بەدوورەپەرێزی دەمێنیتەوە[22].

هێڵی سەرەکی درامای دوژمنی گەل ئاشکرایە . دراماکە دەربارەی لاوازی ئازادی ڕادەربڕین و، بەچاوی سووک ڕووانییە سیاسەتمەداران و میدیا و، ڕەوانبێژی هزرێکی ئەرستۆکراتیانەیە دەربارەی جۆرەمرۆڤێک لە ئایندەدا و – ئەو هیوایەیی بە گرووپە پەراوێزخراوەکانەوە گرێدراون وەک گرووپی ئافرەتان و کرێکاران و، ئەوانەی لە دەرەوەی تەوەری دەسەڵات و حیزب دا خۆیان لە گەندەڵی پاراستوە. وەلێ بەبارێکی دیدا ئەمە خستنە ڕووی کێشەی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵگەیە. ئەوکێشەیەیی کە هزری ڕۆژئاوایی لە ڕۆژگاری ناهەقیکردنی گەلێر لە سۆقرات و مەسیح و گالیلۆە پێی ئاشنایە.

**دکتۆر ستۆکمان لە نێوان هەڵهاتن وخۆڕاگتندا!**

سەرەتا دکتۆر ستۆکمان بیر لەوە دەکاتەوە بەرەو ئەمەریکا هەڵبیت. چوونکە پێیوایە دوای کۆبوونەوەکەی خەڵک و تۆمەتبارکردنی بە دوژمنی خەڵک چی دی مانەوەی لەو شارە دا ئاسان نییە. دکتۆر ناخوازێ بە تەنیا سەری خۆی هەڵگرێت، نەخێر ، بەڵکو دەخوازێ کاترینای هاوسەری و پێترای کچی ودوو کوڕە مێردمنداڵەکەیشی لەگەڵ خۆی بەرێت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە یادگارییەکی تەنزئامێزانە لە ئارتەر میللەری نووسەری درامایی ئەمەریکی بگێڕینەوە. ساڵی ١٩٥٠ ئارتەر میللەر

---

[19] Bjørn Hemmer, Kunstnerens vei, 2003, s 279.
[20] Bjørn Hammer Kunstnerens vei, 2003, s. 279
[21] یانوس: خوداوەندی ڕۆمانیەکان پاسەوانی دەرگاکان و چادرەوان، هاوکات ڕەمزی هاتنە ژوورەوە و چوونەدەرەوەیە. یانوس خاوەنی دووڕوخسارە، یەکێکیان لە دواوە و ئەویکەشیان لە پێشەوە، ئەمەش سمبولە بۆ ئەوەی کە هەموو مەسەلە و مامەڵەیەک دوو ڕووی جیاواز و دوو مانای هەیە، هەم ئەرێنی و هەم نەرێنی. وەرگێر.
[22] Bjørn Hammer Kunstnerens vei, 2003 s 300.

دوژمنی گەل – ی ئیبسن بەدەستکارییەوە ئامادەدەکات ، یەکێک لە خاڵەکانی هەرە کۆمیدییەکانی دراماکە بەلای جەماوەرەوە بیرکردنەوەی ستۆکمانە بووە لەهەڵهاتنی بەرەو ئەمەریکا، بە هیوای گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و مافپارێز و ئازاد. دیارە ئەمەریکای ئەو ڕۆژگارەش کە لە کەشوهەوایەکی سیاسی نادادپەروەرانەی پڕ درۆ و، شاردنەوەی پەرەسندن و بڵاوبوونەوەی فاشیستیدا قەتیس مابوو، گەلێ لە خەو و خەیاڵی دکتۆرەکەی دوژمنی خەڵکەوە دوور بوو . گومانی تێدانییە کە بۆچوونی میللەر لەگەڵ بۆچوونە تاکەکییە ئۆرۆستۆکراتییە ڕادیکاڵانەکەی ئیبسن دا تەواو جیاواز بووە. وەلێ پاشان دکتۆر ستۆکمان ئەو بیرە وەلادەنێت و بیر لەوە دەکاتەوە کە مەیدانی جەنگ چۆڵنەکات.

**دکتۆر ستۆکمان**

چاکە. . وتت، سەفەردەکەین؟ نەخێر سەفەرکردن دەبێتە مایەی ئازار و ئەشکەنجە سەفەرناکەین؛ لە شوێنی خۆمان، دەمێنینەوە، کاترینا!

**پێترا**

دەمێنینەوە!

**خانمی ستۆکمان**

لێرە لەم شارە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ دروست لێرە لەم شارە؛ ئێرە مەیدانی جەنگە و؛ لێردا ئەو جەنگە بەرپادەبێ؛ من دەمەوێ لێرە سەرکەوتن بەدەست بهێنم!... ( بەشی پێنجەم)

ئەگەرچی دکتۆر ستۆکمان خۆی نان براوکراوە پێترای کچی لەسەرکار دوورخراوەتەوە و کوڕەکانی لە قوتابخانە دەرکراون، بەڵام ئەو بەرەوڕووی ئەو ئێخەگیرییە (تەحەدایە) دەبێتەوە. دەخوازێ خۆی تەرخانبکات بۆ خزمەتکردنی ڕاستی و خزمەتی ئەو مرۆڤە هەژار و بێ دەرەتانانەی کە پێویستیان بەم هەیە وەک دکتۆر. دکتۆر ستۆکمان هەر بەوەشەوە ناوەستێت دەخوازێ قوتابخانەیەکیش بکاتەوە. قوتابخانەیەکی جیاواز لەوەی کە لە شارەکەدا هەیە. قوتابخانەیەک کە ڕاشکاوانە قوتابی تێیدا فێری هەقیقەت ناسین و ڕاستگۆیی و دادپەروەری ببێت، نەک درۆ و ساختەکاری و ڕاستی بەلارێدابردن. بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە پێترای کچی دەکات لەو قوتابخانە نوییەدا هاریکارییبکات. دەیەوێت کوڕەکانی چی دی نە چنەوە بۆ قوتابخانە و خۆی لە قوتابخانەکەی خۆیدا فێری ئەوشتانەیان بکات کە خودا خولقاندونی. داوایان لێدەکات بگەڕێن چەند منداڵێکی هەژاری سەرجادەکان بۆ ئەو قوتبخانە نوێیە بدۆزنەوە، کە دکتۆر و پێترا ی تێدا دەبنە مامۆستا و وانەی تێدا دەڵێنەوە. دکتۆر ستۆکمان دەخوازێ قوتابیانی ئەو قوتابخانە نوێیە بکات بە مرۆڤی ئازاد و تێگەیشتوو. مرۆڤگەلێک کە لە ئایندەدا گورگەکان وگەندەڵکاران و درۆزنان بەرەو ئەمەریکا ڕاودەنێن.

**مۆرتن**

بەڵام ئەی کە بووین بە پیاوی ئازاد و تێگەیشتوو، چی بەکەین؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوسا ئێوەی کوڕگەل، هەموو گورگەکان بەرەو ئەمەریکا ڕاودەنێن!

...

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئاخ، تۆماس، هەر وای لێنەیەت کە ئەم گورگانەی ئێرە، تۆ ڕاو بنێن.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە تۆ تەواو شێتی! من ڕاوبنێن! من، کە بەهێزترین پیاوی شارەکەم!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەهێزترین . ها؟

لێرەدا پارادۆکسێک یان هاوکات دوو بۆچوونی دژبەیەک لە دکتۆر ستۆکماندا بەدی دەکرێت. یەکەمیان جەختکرنەوە و پێداگری لەسەر بەهێزی مرۆڤ بە تەنیا و دووەمیشیان هەوڵ و کۆششی سازدانی سوپایەکی بەهێز لە قوتابیان و هەژاران و ئافرەتان. بەڵێ لە ئافرەتانیش، چوونکە دکتۆر ستۆکمان داوا لە پێترای کچی و کاترینای هاوسەریش دەکات کە لە جەنگەکەیدا ، جەنگی دژوەستانەوەی درۆ و دووڕووی و گەندەڵی و نارەسەنێتی، هاریکاریبکەن. دوای بڵاوبوونەوەی دوژمنی گەل، ئیبسن بەرەو ڕووی ڕەخنەی سێ گرووپی جیاواز بووەوە. گرووپی یەکەم ئەو ڕەخنەگرە سیاسیانە بوون کە هەموویان بە لیبراڵ و، ڕاست ڕەو و چەپڕوییانەوە ، لە دراماکەدا کەوتبوونە بەر لێشاوی تانەو توانجی ئیبسن. بۆیە ئەمانە بە توندی ڕەخنەیان لە ئیبسن دەگرت.گرووپی دووەم پێکهاتبوون لە ئیمانداران و خواپەرستانی کەنیسە، کە بەلایانەوە وەستانەوەی تاک بەتەنیا بە ڕووی گشتدا کاری لە خۆباییبووانە و لە گیانی مرۆڤی سادە و ساکارەوە دوورە. گرووپی سێیەمیش ئەوانە بوون کە لەسەر بنەمای فەلسەفەی تاکەکییەتی کیرکەگۆرد بەرگریان لە دکتۆر ستۆکمان دەکرد. کیرکەگۆرد ئەو فەیلەسوفە دانیمارکییەیی کە هەمیشە و بەردەوام تاکی لەهەمبەر گەلێردا تاودەدا.

لە دوژمنی گەل دا تەواوی کێشە و ململانێکان وان بەدەوری کێشەیەکی سەرەکییەوە. کێشەیەک کەتا ئەو دەمە نەبیستراو بوو. ئەو کێشەیەش کێشەی پیس بوونی ژینگە بوو. ئیبسن یەکەم نووسەرە کە پانتایەکی ئاوهای لە ئەدەبەکەیدا بۆ کێشەی پیس بوونی ژینگە تەرخان کردبێت. هەربۆیە دەتوانین بڵێین ئیبسن هەر بەتەنها پێشەنگی درامای مۆدارنە نەبوو ، بەڵکو ئەوە ئیبسن – ە کە پێش ١٣٧ ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکمجار باسی کێشەی پیس بوونی ژینگە و مەترسیەیکانی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ دەکات. وەک دەزانین کێشەی پیس بوونی ژینگە و گەرم بوونی زەوی بەدەستی خودی مرۆڤ لە ئێستادا کێشەیەکی جیددی هەنووکەییە و هەڕەشە لە ئایندەی بوونی مرۆڤ لەسەر هەسارەی زەوی دەکات.

هاودەم

ئۆسلۆ

٢٠١٩/٨/٢٥

# دوژمنی گەل

**کارەکتەرەکان:**

**دکتۆر تۆماس ستۆکمان،** دکتۆری گەرماوی گشتی بۆ چارەسەری نەخۆشی

**خانمی ستۆکمان،** کاترینا، هاوسەری دکتۆر

**پێترا،** کچی دکتور و خانمی ستۆکمان/ مامۆستا

**ئایلیف** ١٣ ساڵ

**مۆرتن** ١٠ ساڵ هەردووکیان کوڕی دکتۆر و خانمی ستۆکمانن

**پێتەر ستۆکمان،** براگەورەی دکتۆر و، لەهەمان کاتتدا قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیس و، سەرۆکی دەستەی کارگێڕی گەرماوە گشتییەکەشە... هتد

**مۆرتن کیل،** دەباخچی و، زڕباوکی کاترینا / خانمی ستۆکمان

**هوڤستاد،** سەرنووسەری رۆژنامەی "پەیامی خەڵک"

**بیلینگ،** یاریدەدەر لە ڕۆژنامەکە

**هۆشتەر،** کاپتنی پاپۆڕ

**ئەسلاکسن،** خاوەن چاپخانە

**هاوڵاتیانی بەشدار بوو لە کۆبوونەوەیەک دا،** پیاوان لە هەموو چین و توێژەکان، هەندێ ئافرەت و ڕەوەیەك قوتابی کوڕ.

ڕووداوەکە لە شارێکی کەنار دەریا لە باشووری نەرویج ڕوودەدات.

## بەشی یەکەم

کاتی ئێوارە لە هۆڵی دانیشتنەکەی ماڵی دکتۆر، هۆڵەکە ساکار و هەژارانەیە بەڵام بە جوانی و ڕێکوپێکی کەلوپەلەی تێدا دانراوە. دیواری دەستی ڕاست، دوو دەرگای تێدایە، دەرگا دوورەکەیان دەچێتەوە سەر ڕاڕەوی پێش هۆڵی دانشتنەکە و دەرگا نزیکەکەش دەچێتەوە سەر ژووری ئیشکردنەکەی دکتۆر. لە دیواری بەرامبەردا و، ڕێک بەرامبەر دەرگای هۆڵی دانیشتنەکە، دەرگایەکی تر هەیە بۆسەر ژوورەکانی تری خێزانەکە. ناوەڕاستی هەمان دیوار ئاگردانێکی لەخشت دروستکراوی تێدایە و، لە هەمان دیواریشدا، نزیک لە بەشی پێشەوەی سەکۆی شانۆکە قەنەفەیەک دانراوە و لە پشت قەنەفەکەوە ئاوێنەیەک هەڵواسراوە و لەبەردەم قەنەفەکەشدا مێزێکی تەن شێوە هێلکەیی دانراوە، کە سەرمێزێکی قوماشی ڕەنگاوڕەنگی پێدادراوە. مێزەکە چرایەکی کڵاوداری داگیرساوی لەسەرە. لە باگراوندا دەرگایەکی واڵا دەچێتەوە نێو هۆڵی نانخواردن. مێزو خوانی ئێوارە لە هۆڵی نانخواردنەکەدا ڕازێنراوەتەوە و چراش هەڵکراوە.

بێلینگ لەسەر مێزوخوانەکە دانیشتووە و دەسەسڕێکی وەک بەروانکە کردووە بە بەرۆکیدا. هاوسەر خانمی ستۆکمان لەتەنیشت مێزەکەوە وەستاوە و قاپێکی دەداتە دەست کە پارچەیەک گۆشتی گەورەی سورەوکراوی لەسەرە. باقی شوێنەکانی سەر مێزوخوانەکە چۆڵە، بە پەرداخ و چەقۆ و چەتاڵی بەکارهێنراو و ناڕێکو پێکی سەر خوانەکەشدا دیارە کە دوای تەواو بوونی کاتی نانخواردنی ئێوارەیە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ، جەنابی بیلینگ، ئێوە کە کاتژمێرێک درەنگتر لەکاتی خۆی هاتوون، دەبێ بە خواردنی ساردەوە بووش ڕازی بن.

**بیلینگ** بەدەم خواردنەوە

تامی تابڵێی خۆشە، ـ زۆر نایابە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئێوە خۆتان دەزانن، ستۆکمان چەند بە ووردی بە کاتی نانخواردنی خۆیەوە پابەندە ـ

**بیلینگ**

هیچ کێشە نییە بۆ من. تاڕادەیەکیش کە ئاوها بەتەنیا دادەنیشم و خەریکی نانخواردنی خۆم دەبم، بێ ئەوەی کەس وەڕسم بکات، ئەو کاتە خواردن بەلای منەوە تامێکی تری هەیە، خۆشترە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ ـ بەڵێ، هەر ئێوە چێژی لێببینن، ئیتر ـ ( بەرەو پێش هۆڵەکە گوێ قوڵاخ دەکات) بێگومان ئەوە هوڤستاد یش هات.

**بیلینگ**

لەوانەیە

قایمقام ، بەرپرسیاری کاروباری یاسایی و لەهەمانکاتتدا بەرپرسیاری ئاسایش و پۆلیسی ناوچەکەش، پێتەر ستۆکمان بە کڵاو و باڵاپۆشێکی ڕەسمی و گۆچانیکەوە دێتە ژوورەوە.

**قایمقام**

لەگەڵ ڕێز و حورمەتمدا، براژن، ئێوارەتان باش.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** دەچێتە هۆڵی دانیشتنی ڕۆژانەکەوە

نا، تۆ تەماشا، ئێوارەتان باش، ئێوەن؟ ئەوە میهرەبانیە، کە ئێوە حەزدەکەن بێن بۆلامان و بمان بینن.

**قایمقام**

ئێستا بێرەدا تێپەڕیم و ئیتر ئەوها ـ (تەماشایەکی هۆڵی نانخواردنەکە دەکات) ئێێ، بەڵام وادیارە ئێوە میوانتان بانگهێشتکردووە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** کەمێك بە شەرمەوە

نەخێر بە هیچ شێوەیەك، هەر ڕێکەوت وابوو. (بەخێرایی) ناچنە ژوورەوە پاروویەك بخۆن؟

**قایمقام**

من! نەخێر، زۆر سپاس. خوا لەبەڵا لاماندا؛ خواردنی گەرم بە ئێواران؛ بۆ هەرسکردنی من باش نییە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئۆو بەڵام هەر بۆ جارێك ـ.

**قایمقام**

نەخێر نەخێر، خوا ڕەحمتان پێبکات؛ من هەر هۆگری خواردنی نان وکەرەم بە چاوە. بەڕاستی ئەو خواردنە خواردنێکی هەمیشە تەندروسترە، ـ ئینجا کەمێک ئیقتیسادی ترێکیشە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** پێدەکەنێ

نابێ ئێوە لەو باوەڕەدابن، کە من و تۆماس دوو کەسی دەست بڵاوین.

**قایمقام**

ئێوە نا، براژن، من مەبەستم ئەوە نەبوو. (پەنجە بۆ ژووری ئیشتێداکردنەکەی دکتۆر ڕادەکێشێت) لەوانەیە لە ماڵەوە نەبێت؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

نەخێر، دوای نانخواردن ڕۆیشت تۆزێ پیاسە بکات، ـ لەگەڵ کوڕەکان.

**قایمقام**

بێگومان، مەگەر ئەوە کارێکی تەندروستانە نییە؟ ( گوێدەگرێ) ئەوا هاتەوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

نەخێر، ئەوە ئەو نییە. (لەدەرگادەدرێت) فەرموو!

سەرنووسەر هوڤستاد لە پێش هۆڵەکەوە دێتە ژوورەوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئۆو، خۆ ئەوە بەڕێز هوڤستادە، کە ـ؟

**هوڤستاد**

بەڵێ، دەبێ ببورن؛ بەڵام لە چاپخانەکە گلیاندامەوە. ئێوارەتان باش جەنابی قایمقام.

**قایمقام** کەمێك بە ساردییەوە سڵاودەکا

جەنابی سەرنووسەر. ڕەنگە بە کاری بازرگانی بۆ ئیرە هاتبن؟

**هوڤستاد**

بەشێکی هاتنەکەم، لەبەر شتێکە، کە دەبێ لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکرێتەوە.

**قایمقام**

دەزانم، وەکو دەبیستم ، براکەم لە ڕۆژنامەی " پەیامی خەڵک" دا نووسەرێکی هێجگار بە فەڕوپیتە.

**هوڤستاد**

بەڵێ، هەر کاتێک قسەیەکی لەسەر هەقیقەتی شتێك لە شتەکان هەبێ، ڕێگە بەخۆیدەدات لە رۆژنامەی " پەیامی خەڵک" دا بینووسێت.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** ڕوودەکاتە هوڤستاد

بەڵام ناخوازن ـ؟ (ئاماژە بۆ هۆڵی نانخواردنەکە دەکات)

**قایمقام**

خوا به باشی بمانپارێزێ؛ من هەرگیز بیرم بۆ ئەوە ناچێت، کە ئەو بۆ ئەو گروپە خوێنەرە بنووسێت، کە ئەو چاوەڕێی بەدەستهێنانی زۆرترین پشتیوانییە لێیان. جگە لەوەش، جەنابی هوڤستاد، من خۆم شەخسییەن هیچ هۆکارێك نابینمەوە کە وام لێبکات، تا لە بەرامبەر ڕۆژنامەکەی ئێوەدا دەستبکەم بە قینەبەرایەتی.

**هوڤستاد**

نەخێر، منیش لەو باوەڕەدام.

**قایمقام**

لە شارەکەماندا روحێکی نەفەس درێژیی جوان بە هەموو شێوەیەک سەرپشکە؛- ڕۆحێکی بە ڕاستی چاکی خۆ بەخش. ئەوەش لەوێوە سەرچاوەدەگرێ، کە ئێمە مەسەلەیەکی گەورەی هاوباشمان هەیە کە لەدەوری خۆیمان کۆدەکاتەوە، ـ مەسەلەیەك، کە بە ئاستێکی یەکسانی بەرز پەیوەندی بە هەموو هاوڵاتییەکی ڕاستەقینەوە هەیە.

**هوڤستاد**

بەڵێ، گەرماوە گشتییەکە.

**قایمقام**

دروست. ئێمە حەمامێکی گەورە و تازە و جوانمان هەیە. ئینجا تۆ سەیریکە! جەنابی هوڤستاد، هیچ گومانی تێدانییە ئەو حەمامە دەبێتە بەرزترین نمونەی پێویستییەکانی ژیان!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

توماسیش هەر وا دەڵێت.

**قایمقام**

چ گەشەکردنێکی زۆر نا ئاساییانە (بەهۆی حەمامەکەوە) بەسەر ئەم شوێنە دا نەهاتووە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا! پارە هاتووەتە ناو خەڵکەوە؛ ژیان و جموجۆڵ. خانوبەرە و زەویزار ڕۆژ بە ڕۆژ نرخیان بەرزدەبێتەوە.

**هوڤستاد**

ئینجا بێ ئیشیش ڕوو لە کەم بوونەوە دەکات.

**قایمقام**

بەڵێ، ئەوەش. هەژاری وکورت دەستی چینە کەم دەرامەتەکان بەڕادەیەك کەم بووەتەوە کە مایەیی خۆشحاڵییە و دیسان زۆر کەمتریش دەبێتەوە، ئەگەر ئێمە ئەم ساڵ بکەین بە نموونە دەبێ هاوینێکی خۆشمان هەبێت؛ بەڕاستی ژمارەیەکی زۆر بێگانە دێن بۆ سەردانی ئێرە،- تاڕادەیەک ژمارەیەکی زۆر خەڵکی نەخۆش، کە دەبێتە هۆی ناوبانگ دەرکردنی حەمامەکە.

**هوڤدستاد**

وەکو دەبیستم، دەوترێ ئاینده لەوێدایە.

**قایمقام**

هێجگار جێی باوەڕە. هەموو ڕۆژێك لەوێ پرسیار لەبارەی خانوو ئەو شتانەوە دەکرێ.

**هوڤستاد**

ئێ، کەوابێ گوتارەکەی دکتۆریش دروست لەکاتی خۆیدا دەبێت.

**قایمقام**

بۆ دووبارە شتی نووسیوە؟

**هوڤستاد**

ئەمە شتێکە، کە ئەو لە زستاندا نووسیبوی، پێشنیارێکبوو بۆ بەکارهێنانی گەرماوە گشتییەکە، نمایشکردنی ئەو سودو قازانجانەی کە لێرە لەلای ئێمە پەیوەندیان بە بابەتە تەندروستییەکانەوە هەیە. بەڵام من ئەوکاتە ئەو گوتارەم هێشتەوە.

**قایمقام**

ئەها، دیارە شتێک هە بووە کە ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی گرتووە؟

هوڤستاد

نەخێر، ئەوە نەبوو؛ بەڵام پێموابوو، وا باشترە بڵاوکردنەوەی بخەمە بەهاربۆ ئەم کاتە؛ چونکە لە ئێستاوە ئیتر خەڵك دەکەونە خۆ ئامادەکردن و بیرکردنەوە لە شوێنێك کە بۆ هاوین تێیدا بمێننەوە.

**قایمقام**

زۆر ڕاستە، بی ئەندازە ڕاستە، جەنابی هوڤستاد.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ، بەڕاستی کە باس دێتە سەر باسی گەرماوەکە، تۆماس لێی ماندوونابێت.

**قیمقام**

ئێ، ئەو خۆشی لە وێ ئیش دەکات.

**هوڤستاد**

بەڵێ، لە سەرەتاشەوە، ئەو هەر خۆی ئەوێی دروستکردووە.

**قایمقام**

ئەو دروستیکردوە؟ بەڵێ؟ بەڵێ، من جارو بار دەبیستم، کە هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە ئەو حەمامەکەی دروستکردبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەراستی وا بزانم، ئەو مەسەلەیە بەشێکی کەمی منیش تێدایە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ، خۆ تۆماس هەمیشە ئەوە دەڵێ.

**هوڤستاد**

بەڵێ، جەنابی قایمقام، کێ نکوڵی لەوەدەکات؟ ئێوە مەسەلەکەتان خستە گەڕ و هێناتانە ژیانی عەمەلییەوە؛ ئێمە خۆ هەمووومان ئەوە دەزانین. بەڵام من تەنها مەبەستم ئەوە بوو، کە یەکەمجار بیرۆکەکە هی دکتۆر بوو.

**قایمقام**

بەڵێ، بەهەقیقەت تۆماسی برام وەختی خۆی بیرۆکەی هێجگار زۆری هەبوو ( تا ڕادەی بۆژۆکردن) - بەداخەوە، بەڵام کاتێك شتێک دەخرێتە بوواری جێ بەجێکردنەوە، جەنابی هوڤستاد، ئەوسا پرسیار دێتە سەر جۆرە پیاوێکی تر. هەربەڕاستی من لەوباوەڕەدا بووم، کە ئەم ماڵە بەلای کەمەوە هیچ نەبێ ئینسانی تێدایە -

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵام، شوبرای ئازیز -

**هوڤستاد**

قایمقام چۆن دەتوانێ -

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

جەنابی هوڤستاد، بچنە ژوورەوە و پاروویەک نان بخۆن  و ئاهێ بەخۆتاندا بهێننەوە؛ ئەوسا بە دڵنیاییەوە تا ئێوە لێدەبنەوە پیاوەکەی منیش دێتەوە.

**هوڤستاد**

سوپاس؛ لەوانیە هەر پارووییەکی بچکۆلە.

هوڤستاد دەچێتە ژوورەوە بۆ هۆڵی نانخواردنەکە.

**قایمقام** کەمێك بە دەنگی نزم

ئەو خەڵکانە سەیرن، ئەوانەی کە بن و بنەچەیان ڕاستەوخۆ لە جوتیار و پاڵە کەوتووەتەوە، ئەوانە هەرگیز ناتوانن بێ شعوری وەلاوە نێن.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵام ئەوە چ نرخێکی هەیە تا ئیوە گوێی پێبدەن؟ ناکرێ ئێوە و تۆماس ئەو شەرەفمەندایەتییە وەك دووبرا بەشکەن؟

**قایمقام**

بەڵێ، دەبوایە ئەوها بوایە؛ بەڵام بێگومان هەموو یەکێک بەوە ڕازینیە کە بەشی ئەوانی تر بدا؛ چوونکە وا دەردەکەوێت.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

قسە لەسەر یەك شتە! ئیوە و تۆماس زۆر باش پێکەوە لەسەری ڕێدەکەون. (گوێدەگرێ) وابزانم ئەوە خۆشی هاتەوە.

هاوسەر خانمی ستۆکمان دەچێ دەرگای سەر ڕاڕەوی هۆڵەکە دەکاتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** لەدەرەوە بەدەنگی بەرز پێدەکەنێت

سەیرکە، کاترینا، ئەوە میوانێکی تریشم بۆ هانیت. خۆش نییە توخوا؛ هـا؟ فەرموو، کاپتن هۆشتەر؛ چاکەتەکەتان بەو عەلاگەیەدا هەڵواسن. ئێ، کەوابوو ئێوە قاپووت لەبەرناکەن، ها؟ تۆ هەربزانە، کاترینا، ئەوم لەسەر جادە گرت؛ نەی دەویست لەگەڵم بێتە سەرەوە.

کاپیتن هۆشتەر دیتە ژوورەوە و سڵاو لە خانم دەکات.

**دکتۆر ستۆکمان** لە ناو دەرگاکەدا

کوڕینا، بۆ ژوورەوە. ئێستا دیسان ئێوە زۆرتان برسییە، ها! کاپیتن هۆشتەر، وەرن، تامی گۆشتی گای سوورەوکراو بکەن.

هۆشتەر بەرەو ناو هۆڵی نانخواردنەکە دەبات. ئایلیف و مۆرتن ئەوانیش دەچنە ژوورەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** لەناو دەرگاکەدا ئاوڕدەداتەوە

ئۆ، ئەوە تۆی، پێتەر ( بەرەو لای دەچێت و تەوقەی لەگەڵ دەکات) نـا، بەڕاستی هاتنی تۆ لەناخی دڵەوە شتێکی خۆشە.

**قایمقام**

بەداخەوە دەبێت من تۆزێکی تر بڕۆم.

**دکتۆر ستۆکمان**

قسەی هیچ؛ ئێستا تودین[23] ـ یش دەهێنرێتە سەر مێز. کاترینا، خۆ تودینت بیر ناچێت؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

نەخێر بێگومان؛ ئاوەکە لەسەر ئاگرە و دەکوڵێ.

هاوسەر خانمی ستۆکمان دەچێتە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵی نانخواردنەکە

**قایمقام**

تودینیش ـ!

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، وەرە دانیشە، ئێستا دانیشتنەکەمان خۆش دەبێت.

**قایمقام**

سپاس؛ من هەرگیز لەداوەتی خواردنەوەی تودیندا هاوبەشی ناکەم.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام خۆ ئەمە داوەت نییە.

**قیمقام**

من پێم وایە داوەتە ـ ( سەیری هۆڵی ناخواردنەکە دەکات) شتێکی سەیرە، کە ئێوە دەتوانن ئەو هەموو خواردنە دروستبکەن.

**دکتۆر ستۆکمان** دەست لەیەك دەخشێنێ

بەڵێ، ئەی ئەوە ناز و نیعمەت نییە ببینی مرۆڤە گەنجەکان تێر بەسکی خۆیان بخۆن؟ بە ئیشتیایی کراوەوە، ها! ئەی چۆن دەبێ وا بێت. خواردن پێویستە هەبێت! هێز و ووزەیە! ئەوانە ئەو خەڵکانەن، کە لێکۆڵینەوە لەو بابەتە خراپانە دەکەن کە لە ئایندە دا سەرهەڵدەدەن، پێتەر.

**قایمقام**

دەتوانم بپرسم، ئەو شتەی کە شایەنی " لێکۆڵینەوە" یە، هەروەکو تۆ دەیڵێیت، چییە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، تۆ ـ کەی کاتی ئەوە هات دەتوانیت لەوبارەیەوە لە گەنجان بپرسیت. دیارە کە ئێمە ئەوە نابینین. بێگومان. دوو پیر و پەکەوتەی، وەکو من و تۆ ـ

---

[23] تودین: جۆرە خواردنەوەیەکە کە لە ئاوی گەرم و شەکر و ئەلکوهول یان شەربەت پێکهاتووە. وەرگێر.

**قایمقام**

ئێ ئێ! بەڕاستی ئەوە ئیتر ناتۆرەیەکی تابلّیی سەیرە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، تۆ نا بێت ئەو قسەیەم بە جیددی وەرگریت، پێتەر. چونکە، با پێت بڵێم، من لە ناخی دڵەوە ڕەزامەند و دڵخۆشم. هەستدەکەم زۆر بەختەوەرم بەو هەموو چرۆ و شکۆفەکردنەی ژیان بەدەورمەوە، بە شێوەیەک کە هەر وەسفناکرێ. بەڕاستی زەمەنێکی خۆشە ئەمەی ئێمەی تێدادەژین! تەواو وەک ئەوەی دنیایەکی نوێ بەدەوری یەکێکەوە گەشەبکا و پەرەبسێنیت.

**قایمقام**

هەربەڕاستی هەست بەوە دەکەیت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵی، بێگومان تۆ ناتوانیت ئەوە بەباشی وەکو من ببینیت. چوونکە تۆ هەموو ڕۆژەکانی ژیانت هەر لێرە ژیاویت؛ ئێ دیارە ئەوەش خۆدەربڕینەکانت کول و کەنفت دەکەن. بەڵام ئەمە بۆ منێک، کە ئەو هەموو ساڵە هەر دەبوایە لە سەرەوە لە باکوور لە گونجەکەی خۆمدا لێی دانیشم و تارادەیەکیش هەرگیز کەسێکی بێگانە نەبینم، کە وشەیەکی بەئاگاهێنەرەوانەی هەبێ پێم بڵێ،ـ ئێستا بۆ من وەکو ئەوە وایە، گواستبێتمەوە بۆ ناوەندی قەلەباڵغترین شاری دنیا ـ

**قایمقام**

هــم؛ شاری دنیا ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بێگومان من دەزانم، بە بەراورد لەچاو گەلێ شوێنی تردا پەیوەندییەکان لێرە بچکۆلەن. بەڵام ژیان ،ـ گفتپێدان، شتهایەکی لەئەژمار نەهاتووی وا هەیە لێرە، کە یەکێك دەتوانێت ئیشیان بۆبکات و لەپێناویاندا بجەنگێ؛ ئەوە مەسەلە سەرەکییە کەیە. ( هاواردەکات) کاترینا، پۆستەچییەکە نەهات؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** لە هۆڵی نانخواردنەکەوە

نەخێر، کەس نەهاتووە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئینجا نرخی ئەو دەرئەنجامە باشەش، پێتەر! شتێکە، کە مرۆڤ، خەڵکیکی وەک ئێمە، کە برسێتیمان بینوە، لێوەی فێردەبین و بەئەگادێینەوە ـ

**قایمقام**

پەنا بەخوا ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی چۆن، خۆ تۆ باش بیرت دێتەوە، کە زۆر جار لەبەر دەستکورتی لەتەنگانەدا بووین. ئێستا تۆ دەتوانیت وەکو کەسێکی بەڕێز بژیت! بۆ نموونە، ئەمڕۆ، بۆ نیوەڕۆ گۆشتی گای سوورەوکراومان هەبوو؛ بەڵێ، ئێوارەکەشی دیسان هەر ئەوەمان هەیە. ناخوازی هەر بۆ تام پارچەیەك تاقیبکەیتەوە؟ یان هیچ نەبێ با هەر پێت نیشاندەم؟ وەرە ئێرەوە ـ

**قایمقام**

نەخێر، نەخێر، بە هیچ شێوەیەک ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ دەوەرە، وەرە ئێرەوە. ئەها دەبینیت، مێزەکەشمان سەرمێزی پێدادراوە؟

**قایمقام**

بەڵێ، دیقەتی ئەوەم دا.

**دکتۆر ستۆکمان**

دەبینیت، ئینجا لەمپاکەشمان کڵاودارە؟ ئەمە هەمووی کاترینا پارەی بۆ پاشەکەوتکردوون. هۆڵی دانیشتنەکەیان زۆر خۆشکردووە. بەلای تۆشەوە هەر وانیە؟ تۆ ئالێرەدا بووەستە؛ـ نەخێر، نەخێر، نەخێر؛ ئاوها نا. ئەوها، ئا! دەبینیت؛ ئەو ڕووناکییە چۆن لەخوارەوە کۆبووەتەوە ـ بەڕاستی بەلای منەوە، شتێکی جوان دیارە. وانییە؟

**قایمقام**

بەڵێ، کاتێك مرۆڤ بۆ ئەو جۆرە خۆشگوزەرانییە دەتوانێ ڕێ بەخۆیبدات ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی چۆن، بێگومان من ئیستا دەتوانم ڕێگەی ئەوە بەخۆمبدەم. کاترینا دەڵێ، ئەوەی من پەیدایدەکەم، بەئەندازەی ئەوەیە کە سەرفیدەکەین.

**قایمقام**

لەودەورەبەرەدایە، بەڵێ ـ!

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام ئاخر خۆ دەبێ پیاوێکی زانا کەمێك خۆش بژی. من دڵنیام لەوەی، کە پارێزگارێکی[24] ئاسایی ساڵانە زۆر زیاتر لە من سەرفدەکات.

**قایمقام**

بەڵێ، زۆر لەو باوەڕەدام! پارێزگار، بە گوێرەی وەزیفەکەی یەکەمین کەسی باڵادەستی ئیداری و دنیاییە لە هەرێمەکەیدا ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ باشە ئیتر بابڵێین بابایەکی بازرگانی سادە! یەکێکی ئەوها زۆر زۆر زیاتر سەرفدەکات ـ

**قایمقام**

بەڵێ، ئەوە پەیوەندی بە کارو کاسبییەوە هەیە.

**دکتۆر ستۆکمان**

پێتەر، بەهەقیقەت من هیچ شتێك بەفیڕۆنادەم بێ ئەوەی سوودی هەبێت. بەڵام بابزانیت، من لەو باوەڕەدا نیم بتوانم خۆم بێبەریکەم لە خۆشی بینینی خەڵك بەدەورمەوە. چوونکە من پێویستم بەوە هەیە. من، کە ماوەیەکی زۆر خۆم زیندانی کرد بوو لە ژوورەوە، ـ بۆ من ئەوەی کە پێکەوە لەگەڵ مرۆڤگەلێکی پڕ لە وزەو خولیایی ئیشکردن و گەنج و، قۆز و، چاونەترس و بیر ئازادا بیت لە پێداویستییەکانی ژیانە . ـ؛ ئێ ئەوە ئەوانەن، هەموو ئەوانەن، کە بە خۆشییەوە لە ژوورەوە دانیشتوون و خەریکی نانخواردنن. ئاواتم ئەوەبوو، تۆزێک زیاتر هوڤستاد بناسی ـ

**قایمقام**

هوڤستاد بەڵێ، ڕاستە، پێی وتم، دەیەوێت دووبارە گوتارێکی تۆ بڵاوبکاتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

گوتارێکی من؟

**قایمقام**

بەڵێ، لەبارەی حەمامەکەوە. گوتارێك، کە تۆ لە زستاندا نووسیوتە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئۆ ئەوە، بەڵێ! ـ نەخێر، بەڵام یەکەم شت من ئێستا نامەوێ ئەوە بڵاوبکرێتەوە.

**قایمقام**

---

[24] وشەکە بە نەرویجی ئامت ـ ە، کە کەسێکی باڵادەستی ئیداری دەگەیەنێت لە هەرێمێکدا. لە هەمو ناوچەو هەرێمێکدا بیسکۆپ، کەسێکی باڵادەستی ئاینییە و ئامت، کەسێکی بالادەستی دنیاییە. وەرگێڕ.

ناتەوێ بڵاوبکرێتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە، کە دروست ئێستا گونجاوترین کاتە بۆ ئەو گوتارە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ڕەنگە تۆ لەوەدا ڕاست بیت؛ لەبارو دۆخێکی ئاساییدا ـ ( دەست دەکات بە هاتووچۆکردن)

**قایمقام** لەدواوە تەماشایدەکات

دەبێ بارودۆخ ئێستا چ نائاسییەکی تێدا هەبێت؟

**دکتۆر ستۆکمان** ڕادەوەستێ

بەڵێ، پێتەر، ئالەم ساتەوەختەدا من ناتوانم بەهەقیقەت ئەوەت پێبڵێم؛ بەهەرحاڵ ئەم ئێوارەیە نا. ڕەنگە نائاساییەکی زۆر و زەبەندە لەبارودۆخەکەدا هەبێت؛ یان لەوانەشە ئەسڵەن هیچ شتێک نەبێت. خۆشبەختانە ڕەنگە، ئەوە هەر مەزەنەکردنێکی خەیاڵ ئامێزانەش بێت.

**قایمقام**

من دەبێ ددان بەوەدابنێم، کە ئەمە زۆر مەتەڵئامێزانە دێتە گوێ. هیچ شتێک بووە؟ شتێک، کە لە من بشاردرێتەوە؟ من بەڕاستی پێموایە، کە من، وەکوو، ڕابەری بەرپرسیاری حەمامە گشتییەکە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئینجا منیش پێموایە، کە من ـ؛ ئێ، با دیسان چنگ نە دەینە سەر و قژی یەکتری، پێتەر.

**قایمقام**

پەنا بەخوا؛ ئەوە خوخەدەی من نییە، وەکوو تۆ دەڵێیت، چنگ بدەمە سەر و قژی کەس. بەڵام من دەبێ توندوتۆڵترێک بم لەبڕیارەکانمدا بۆ بە جێهێنانی ئەو داخوازییەیی، کە هەموو یاساکان نیشانپێکانە جێ بەجێبکرێن و بەشێوەیەکی بازرگانیانە بەڕێوە بچن و لە ڕێگەی دامەزراوە یاساییەکانی دەسەڵاتیشەوە جێبەجێبکرێن. من ناتوانم ڕێگە بەوە بدەم، کە لە ڕێگەیەکی ژێربەژێر و فڕوفێڵاوییەوە خۆیان بکەن بە ناودا.

**دکتۆر ستۆکمان**

قەت من ڕێگەی ژێربەژێر و فڕوفێڵاویم بەکارهێناوە!

**قایمقام**

بەهەرحاڵ تۆ لەناخەوە ئارەزوویەکی بنج داکوتاوت هەیە بۆ ئەوەی کە بەڕێگاکانی خۆتتدا بڕۆیت. ئەو شتەش لە کۆمەڵگەیەکی ڕێکوپێکدا تائەندازەیەک ڕێگەپێنەدراوە. بەهەقیقەت کەسی تاک خۆی لەوەدا دەدۆزێتەوە کە بچێتە ژێر ڕکێفی گشتەوە، یان، ڕاستر بووترێ، بچێتە ژێر ڕکێفی ئەو دەسەڵاتگەلەی، کە لەخەمی چاکەی گشت دایە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ڕەنگە ئەوە وا بێت. بەڵام توخوا ئەوە پەیوەندی بە منەوە چییە؟

**قایمقام**

باچۆن، چوونکە ئەوەیە، تۆماس ـ ە میهرەبانەکەم، کە تۆ هەرگیز پێتوانییە کە دەبێ فێری بیت. بەڵام ئاگاداربە؛ رۆژێ لە رۆژان، درەنگ یان زوو ـ تۆ لەسەرئەوە سزای خۆت وەردەگریت. ئەوا ئێستا پێم وتیت. خوات لەگەڵ.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەرێ ئەوە تۆ تا ئەو ڕادەیە شێتی؟ بەتەواوەتی شوێن پێی هەڵەت هەڵگرتووە ـ

**قایمقام**

لەگەڵ ئەوەشدا من لەسەر ئەوە ڕانەهاتووم کە شوێن پێی هەڵە هەڵگرم. سەرباری ئەوەش دەبێ من داوای لێبووردنبکەم ـ (سڵاو لە نێو ساڵۆنی نانخواردنەکە دەکات) خوات لەگەڵ، براژن. خواتان لەگەڵ، بەڕێزەکانم.

دەڕوات.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** دێتە ژوورەوە بۆ نێو هۆڵی دانیشتنکە

ڕۆیشت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئینجا، زۆر بە تووڕەییشەوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵام، تۆماسی ئازیز، ئەوە دیسانەوە چیت بەرامبەریکرد؟

**دکتۆر ستۆکمان**

هیچم نەکردووە. ئەو ناتوانێ زۆرم بۆ بێنێ، بۆئەوەی پێش هاتنی کاتی خۆی، حیسابی لەگەڵدا بکەم.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

دەتەوێت حیسابی چی لەگەڵدا بکەیت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

هم؛ لێیگەڕێ بۆ خۆم، کاترینا. ـ سەیرە، پۆستە چییەکە نایەت.

هوڤستاد، بیلینگ و هۆشتەر لە سەر مێزی نانخواردنەکە هەستاون و دێنە هۆڵی دانیشتنەکەوە. ئایلیف و مۆرتن کەمێك دواتر دێن.

**بیلینگ** دەستەکانی بۆ پێشەوە درێژ دەکات

ئۆهـ، دوای ژەمە نانخواردنێکی ئەوها، خوا شایەتە ئینسان وەک مرۆڤێکی تازە هەست بە خۆی دەکات.

**هۆڤستاد**

ئەم ئێوارەیە قایمقام لەو عەیش و نۆشەدا بەشدارنەبوو.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە پەیوەندی بە گەدەیەوە هەیە؛ هەرسکردنی خراپە.

**هوڤستاد**

بێگومان ئەوەش بەتایبەتی ئێمەی ڕۆژنامەی "پەیامی خەڵک" بووین کە ئەو بۆی هەرس نەدەکرا.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

وابزانم، ئێوە زۆر باش و بێ کێشە لەگەڵ ئەودا لێی دەرچوون.

**هوڤستاد**

ئا بەڵێ؛ بەڵام ئەمەی ئێستا لە جۆرە ئاگربەستێک زیاتر هیچی تر نییە.

**بیلینگ**

تەواوە! ئەوەش تەواو بەبارودۆخەکەوە دیارە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ، کە پێتەر پیاوێکی زگوورتییە، فەقیرە. هیچ ماڵ و حاڵی نییە، تا بتوانێ خۆی پێوە سەرگەرمکات؛ هەیەو نییە هەر بازرگانی و سەوداومامەڵەیە. لەگەڵ ئەو هەموو چا ڕوونە بەنەفرەت بووەدا، کە ئەو بەم ڕۆژگارە هەڵیاندەقوڕێنێ. ئێ، دەی کوڕینا! لەگەڵ ئەوەشدا وەرن کورسییەکان لەدەوری مێزەکە خڕکەنەوە، کاترینا، تۆدیی[25] ـ ە کەمان بۆ ناهێنیتە ژوورەوە؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** کە بەرەولای هۆڵی نانخواردنەکە دەچێت

هەر ئێستا.

**دکتۆر ستۆکمان**

کاپتن هۆشتەریش، هەروەک ئێوە، میوانێکی دەگمەنە، فەرموو؛ لێرەدا لەسەر قەنەفەکە لەلای خۆمەوە دانیشن ـ هاوڕێیانم، هەریەکەو جێگەی خۆی بگرێ.

پیاوەکان لە دەوری مێزەکە دادەنیشن. هاوسەر خانمی ستۆکمان سینییەک، کە تەرمۆزەیەکی ئاوی گەرم تێدا هەلگرتن و، پەرداخ و کەمۆڵە و هەندێ شمەکی دی سەر بەو بەزمی خواردنەوەیەی لەسەرە، دەهێنێت.

[25] تۆدیین: جۆرە خواردنەوەیەکە پێکهاتووە لە تێکەڵکردنی ئاوی گەرم و مەشروبی قورس یان ئاوی گەرم و شەراب . وەرگێر

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

سەیرکەن؛ ئەوە عارەق، ئەمەش لیرەدا ڕوم ـ ە؛ ئینجا ئەمەش کۆنیاک ـ ە. ئێستا ئیتر هەرکەس یارمەتی خۆی بدات.

**دکتۆر ستۆکمان** پەرداخێک بۆ خۆی هەڵدەگرێت

بەڵێ، بێگومان ئێمەش هەروادەکەین. (لەکاتی گرتنەوەی تۆدییەکەدا) ئینجا سیگارەکانیش بێنن. ئایلیف، بە دڵنیاییەوە تۆ دەزانی، سندوقی سگارەکان لەکوێدایە. تۆش، مۆرتن، دەتوانی پایپەکەم بۆ بهێنی. ( کوڕەکان دەچنە ژوورەوە بۆ نێو ژوورەکەی لای ڕاست) شکم هەیە لەوەی، کە ئایلیف جارو بار سیگار دەبات؛ بەڵام من وا خۆم پیشاندەدەم کە نازانم. (هاواردەکات) مۆرتن، کلێتەکەشم بۆ بێنە! کاترینا، پێیناڵییت، کلێتەکەم لە کوێ داناوە. ئاوا، خۆ ئەوە دۆزییەوە! ( کوڕەکان ئەوەی داواکرابوو دەیهێنن) فەرموون، هاوڕێیان. من پایپ دەکێشم، دەزانن؛ ئا ئەمەم لە زۆربەی پیاسەکانی نێو ئەو کەش و هەوا خراپەی باکووردا لەگەڵ بووە. (دەنگ لە پەرداخەکەیەوە دێنێ) نۆش! ئاهـ بەڕاستی ئەوە باشترە کە بە ئاسوودەیی و دڵنیاییەوە لێرە بی نەک لەوێ.

**خانم ستۆکمان** کە دانیشتووە و شت دەچنی

کاپتن هۆشتەر، بەم زووانە بەنیازی سەفەرن؟

**هوشتەر**

وابزانم هەفتەکەی تر.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

سەفەردەکەن بۆ ئەمەریکا؟

**هوشتەر**

بەڵێ، مەبەست ئەوێیە.

**بیلینگ**

بەڵام کەوابێ ئێوە ناتوانن لە هەڵبژاردنی کارگێڕی نوێدا بەشدارییکەن.

**هوشتەر**

بۆ بەنیازی هەڵبژاردنی تازەن لێرە؟

**بیلینگ**

بۆ نازانن؟

**هوشتەر**

نەخێر، من خۆم لەو بابەتانە هەڵناقورتێنم.

**بیلینگ**

بەڵام بێگومان  ئێوە گرنگی بە مەسەلە گشتییەکان دەدەن؟

**هوشتەر**

نەخێر، من لەو جۆرە مەسەلانە تێناگەم.

**بیلینگ**

لەگەڵ ئەوەشدا؛ لەهەموو حالەتێکدا مرۆڤ دەبێ دەنگ بدات.

**هوشتەر**

ئەوانەشی، کە لەو شتانە تێناگەن، ئەوانیش؟

**بیلینگ**

تێناگەن؟ بەڵێ، مەبەستان چییە لەو قسەیە؟ کۆمەڵگە وەکو بەلەمێک وایە؛ هەموو پیاوێک دەبێ لە ئاژووتنیدا بەشدار بێ.

**هوشتەر**

ڕەنگە ئەوە بۆ وشکانی لەبار بێت؛ بەڵام بۆ کەشتی لەبار نابێت.

**هوڤستاد**

سەیرە، کە دەریاوانان زووربەیان گرنگیەکی هێندە کەم بە کێشەکانی وشکایی دەدەن.

**بیلینگ**

زۆر سەیرە.

**دکتۆر ستۆکمان**

دەریاوانان وەکو باڵندە کۆچەریەکان وان؛ هەم لە باشور و هەم لە باکوریش هەست دەکەن لە هەواری خۆیاندان. لەبەرئەوە ئێمە ئەوانی تر پێویستە چالاکتر بین. جەنابی هوڤستاد، داخوا << پەیامی خەڵک>> سبەینێ هیچ شتێکی لەبەرژەوەندی گشتی تێدایە؟

**هوڤستاد**

هیچ شتێکی لەبارەی مەسەلەکانی شارەوە تێدا نییە. بەڵام بیرم لێکردووەتەوە کە بۆ دووسبەی گوتارەکەی ئێوە دابەزێنم ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بۆ گوتارەکە، ئای لە ئازاری مەرگ! نــا، گوێبگرن، ئێوە دەبێ بۆ دابەزاندنی ئەو گوتارە  کەمێک چاوەڕێ بکەن.

**هوڤستاد**

ئاوها؟ ئێستە ئێمە جێگەیەکی زۆر باشمان لە ڕۆژنامەکەدا بۆی هەیە، پێشموایە، دروست ئێستا بۆ ئەو گوتارە گونجاوترین کاتە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەڵێ، ڕاست دەکەن لەوانەیە وابێ ؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیوە دەبێ چاوەڕێبکەن. دووایی بۆتان ڕووندەکەمەوە کە بۆ دەبێ چاوەڕێ بکەن ـ

پێترا، لە ڕاڕەوی پێش هۆڵەکەوە دێتە ژوورەوە بە شەبقە و پاڵتۆ و هەندی دەفتەریش لە بن دەستیدا.

**پێترا**

ئێوارەتان باش.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێوارەت باش، پێترا؛ هاتیتەوە؟

سڵاو لەیەکتریکردن ؛ پێترا باڵاپۆشەکەیی و دەفتەرەکانی لەسەر کورسییەک لەلای دەرگاکەوە دادەنێ.

**پێترا**

خەڵک لێرە لێی دانیشتوون خەریکی چێژبردنن لە شتی خۆش و، منیش لەدەرەوە خەریکی کۆیلایەتی کردن بووم.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ، دەئینجا تۆش وەرە، دەی.

**بیلینگ**

دەخوازن پێکیکی بچکۆلەتان بۆ بگرمەوە؟

**پێترا** دێتە لای مێزەکەوە

سوپاس، حەزدەکەم خۆم پێک بۆ خۆم بگرمەوە؛ پێکی ئێوە هەمیشە خەستە. بەڵام، بەڕاست، باوکە نامەیەکم پێیە بۆ تۆ. (دەچێتەوە لای کورسییەکەی کە جلەکانی لەسەرە)

**دکتۆر ستۆکمان**

نامەیەک! لە کێ وە؟

**پێترا** گیرفانی پاڵتۆکەی دەگەڕێ

هەر کە چوومە دەرەوە لە پۆستەچییەکەم وەرگرت ـ

**دکتۆر ستۆکمان** هەڵدەستێتە سەرپێ و بەرەو ڕووی دەچێت

ئینجا تۆ تازە دەیهێنیت!

**پێترا**

بە ڕاستی کاتی ئەوەم نەبوو دووبارە ڕاکەمەوە سەرێ. فەرموو، ئەوەتا.

**دکتۆر ستۆکمان** پەلاماری نامەکە دەدات

ئادەی با ببینم؛ ئادەی کچم، با ببینم. ( تەماشای ناونیشانەکەی دەکات) با، زۆر تەواوە ـ!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

تۆماس، ئەوە ئەو نامەیەیە، کە زۆر چاوەڕوانی بوویت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ خۆیەتی؛ بێ یەک و دو دەبێ بچمە ژوورەکەی خۆم ـ . کاترینا، ڕووناکیەک لە کوێ بدۆزمە! دیسان ژوورەکەم چرای لێ نییە!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

با، چراکە بە داگیرساوی لەسەر مێزی نووسینەکەیە.

**دکتۆر ستۆکمان**

چاکە، چاکە. کەمێک ببورن ـ

دەچێتە ژوورەوە بۆ ناو هۆدەکەی لای ڕاست.

**پێترا**

دەبێ ئەوە چی بێت، دایکە؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

نازانم؛ لەم ڕۆژانەی دواییدا زۆر بە پەرۆشەوە هەواڵی پۆستە چییەکە دەپرسێ.

**بیلینگ**

ڕەنگە نەخۆشێکی دەرەوەی شار ـ

**پێترا**

باوکی بەسەزمان؛ بەم زووانە سەری هێجگار قاڵ دەبێت. (پێکەکەی دەگرێتەوە) ئاهـ، ئەمە تامی خۆش دەبێت!

**هوڤستاد**

ئەمرۆش لە قوتابخانەکەی ئێواران وانەتان وتەوە؟

**پێترا** قومێکی بچکۆلە لە پێکەکەی دەدات

دوو سەعات.

**بیلینگ**

بەیانییکەشی چوار سەعات لە پەیمانگا ـ

**پێترا** لە تەنیشت مێزەکەوە دادەنیشێت

پێنج سەعات.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

دەبینم، بۆ ئەم ئێوارەیەش دەفتەرت هێناوەتەوە بۆ سەحکردن.

**پێترا**

یەک کۆمەڵی تەواو. بەڵێ.

**هۆشتەر**

دیارە ئیشتان زۆرە، وەکو دەردەکەوێ.

**پێترا**

بەڵێ؛ وەلێ ئەوە شتێکی باشە؛ چوونکە ماندووبوونەکەی دوایی خۆشە.

**بیلینگ**

بەلاتانەوە ئەوە بەو جۆرەیە؟

**پێترا**

بەڵێ، چوونکە ئەوسا مرۆڤ زۆر باش خەوی لێدەکەوێت.

**مۆرتن**

پێترا، تۆ دەبێ هێجگار گوناهبار بیت.

**پێترا**

گوناهبار؟

**مۆرتن**

بەڵێ، لەبەرئەوەی کە هێندە زۆر کاردەکەیت. جەنابی ڕۆرلوند دەڵێ، ئیشکردن جۆرێکە لە سزادانمان بەهۆی گوناهەکانمانەوە.

**ئایلیف** هەناسەدەداتەوە

تەحا، چەند بێ عەقڵیت، کە باوەڕ بەو جۆرە شتانە دەکەیت.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئێ، ئێ، ئایلیف!

**بیلینگ** دەستدەکات بە پێکەنین

نـــا، ئەمە زۆر خۆشە.

**هوفستاد**

بۆ، مۆرتن، حەز ناکەیت تۆ هێندە زۆر کار بکەیت؟

**مۆرتن**

نەخێر، حەزناکەم.

**هوفستاد**

ئێ، بەڵام ئەی دەتەوێت ببیت بەچی؟

**مۆرتن**

من زیاتر حەزدەکەم ببم بە ڤیکینگ[26].

**ئایلیف**

بەڵام ئینجا خۆ ئەوسا دەبێ کافریش بیت.

**مۆرتن**

ئـــا، ئینجا چییە خۆ دەتوانم ببم بە کافر.

**بیلینگ**

---

[26] ڤیکینگ: شەڕکەرە ئەسکەنداناڤییە کۆنەکان کە پێشیاندەگوترێت چەتەکانی دەریا. بە بەکەشتتییە گەورەکانیانەوە پەلاماری کەشتییە بازرگانییەکانیان دادا و ڕووتیاندەکردنەوە بەو شێوەیە گەلێ ماڵی خوت و خۆڕاییان دەستدەکەوت. وەرگێڕ.

مۆرتن، لەوەدا من لەگەڵتام! منیش هەر وا دەڵێم.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** ئیشارەت دەکات

نەخێر جەنابی بیلینگ، بە دڵنیاییەوە ئێوە شتی ئەوها ناڵێن، نەخێر.

**بیلینگ**

با، خوا لەناومبەرێ ـ! من کافرم و، زۆر شانازیش بەوەوە دەکەم. ئاگاداریش بە، بەمزووانە هەمووما‌ن پێکەوە دەبین بە کافر.

**مۆرتن**

ئینجا ئەوسا ئێمە بۆمان هەیە و دەتوانین ئەوەی دەمانەوێت بیکەین؟

**بیلیبگ**

بەڵێ، دەزانی، مۆرتن ـ

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

کوڕینا، ئێستا ئێوە ئیتر دەبێ بڕۆنە ژوورەوە، بێگومان ئەرکێکی قوتابخانەتان لەسەرە بۆ سبەینێ.

**ئایلیف**

من حەزدەکەم کەمێکی تریش لێرە بم ـ

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

تۆش نابێ لێرە بیت، دەی پێکەوە هەردووکتان بڕۆن.

کوڕەکان شەوباش دەکەن و دەچنە ژوورەوە بۆ نێو ژوورەکەی لای چەپ.

**هوفستاد**

بەڕاستی ئێوە پێتانوایە، ئەوە بۆ کوڕەکان خراپە کە گوێیان لەو شتانە بێ؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ، نازانم؛ بەڵام من حەزم لەوە نییە.

**پێترا**

بەڵێ بەڵام، وابزانم دایکە، تۆ لەوەدا تەواو هەڵەیت.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ ڕەنگە وابێ؛ بەڵام من حەزم لەوە نییە، لێرە لە ماڵەوە نا.

**پێترا**

هەم لەماڵەوە و هەم لە قوتابخانەش شتی ناڕاست هیجگار زۆرە. لە ماڵەوە دەبێ قڕوقەپی لێبکرێ و، لە قوتابخانەش دەبێ ئێمە لەبەردەمی منداڵاندا ڕاوەستین و درۆیان بۆ بکەین.

**هوشتەر**

دەبێ درۆ بکەن؟

**پێترا**

بەڵێ، باوەڕناکەن، ئێمە دەبێ چ وانە گەلێکی هیجگار زۆر بەو منداڵانە بڵێینەوە، کە خۆمان باوەڕمان پێیان نییە؟

**بیلینگ**

بەڵێ، بێگومان ئەوە زۆر ئاشکرایە.

**پێترا**

ئەگەر من ئیمکانیاتم هەبووایە، ئەوا خۆم قوتابخانەیەکم دەکردەوە و، ئەو قوتابخانەیەش (لەقوتبخانەکانی دی) جیاوازترێک دەبوو.

**بیلینگ**

چی، ئیمکانیات ـ

**هۆشتەر**

بەڵێ، خاتوو پێترا ئەگەر ئێوە بیر لە شتێکی ئەوها دەکەنەوە، بە خۆشحاڵییەوە لای من جێگەتان دەست دەکەوێ. ماڵەکەی باوکی بەهەشتیم تاڕادەیەک هەروا بەچۆڵی ماوەتەوە؛ بەشی خوارەوەی هۆڵێکی نانخواردنی هێجگار گەورەی تێدایە ـ

**پێترا** پێدەکەنێ

بەڵێ، بەڵێ، سوپاس بۆ ئێوە؛ بەڵام بێگومان ئەوە هیچی لێ سەوزنابێت.

**هوفستاد**

نا نەخێر، بێگومان، بە بۆ چوونی من، خاتوو پێترا زیاتر بەرەو ڕۆژنامەوانی دەچێ. ئەوە هەقیقەتە، وەختان هەبوو کەمێک سەیری ئەو چیرۆکە ئینگلیزییە بکەن، کە گفتی وەرگێرانیتان پێدابووین؟

**پێترا**

نەخێر، هێشتا کاتی ئەوەم نەبووە؛ بەڵام بەدڵنیاییەوە لەکاتی خۆیدا دەگاتە دەستتان.

دکتۆر ستۆکمان بە نامەکراوەکەی دەستییەوە لە ژوورەکەی خۆیەوە دێت.

**دکتۆر ستۆکمان** نامەکە پیشاندەدات

بەڵێ، ئێستا دەتوانن باوەڕ بەوە بکەن، کە لە شاردا هەواڵ بڵاودەبێتەوە و دەبیسترێ!

**بیلینگ**

هەواڵ؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

دەبێ ئەو هەواڵە چی بێت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

هەواڵی دۆزینەوەیەکی گەورە، کاترینا!

**هوڤستاد**

ئێ؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

کە تۆ کردووتە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ من. ( بەرەو پێشەوە دەچێ و دەگەڕێتەوە) دەبا ئیستا بێن ئەوانەی کە خویان بەوەوەگرتووە بڵێن، ئەوە ئیشی پیاوی عەجیب ئەتوار و شێتە. بەڵام بێگومان ئەوان لە ئێستە بەدواوە ئاگایان لە خۆیان دەبێ، ها ها، وابزانم، ئاگایان لە خۆیان دەبێ!

**پێترا**

بەڵام، باوکە، دەبڵێ، ئەو شتە چییە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەڵێ، تەنها کاتم پێ بدەن، ئەوسا ئێوە هەموو شتێک دەزانن. بیر لەوە بکەنەوە، ئەگەر من ئێستا پێتەر ـ م لێرە لەبەر دەستتدا بووایە! بەڵێ، ئەوسا دەزانرا، چۆن چۆنی ئێمەی مرۆڤ بە چواردەوری خۆماندا دەخولیینەوە و وەک مشکە کوێرە حوکمی کوێرانە دەدەین ـ

**هوڤستاد**

مەبەستان چییە لەو قسەیە، جەنابی دکتۆر؟

**دکتۆر ستۆکمان** لەلای مێزەکەوە دەوەستێ

ئایا ئەگەر بە وتەی ڕای گشتی بێ، شارەکەمان شوێنێکی تەندروست نییە؟

**هوڤستاد**

با بێگومان.

**دکتۆر ستۆکمان**

تانەنەت شوێنێکی لە ئەندازە بەدەریش تەندروستە، ـ شوێنێک، کە دەهێنیت بەگەرمترین شێوە هەم بۆ خەڵکی نەخۆش و هەم بۆ خەڵکی ساغیش پێشنیار بکرێت ـ

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ بەڵام، تۆماسی ئازیز ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێمەش ئەم شوێنەمان پێشنیارکرد و پیاشماندا هەڵگوت. من هەم لە " پەیامی خەڵک" دا و هەم وەک نامەی تەبلیغاتیش لەبارەی ئەم شوێنەوەم نووسیوە ـ

**هوڤستاد**

ئێ دەی، ئنجا؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەم گەرماوە گشتییە، کە پیی دەگوترێت دەماری خوێنبەری شار و، ڕەگی ژیانی شار ـ مەگەر هەر شەیتان بۆخۆی بزانێ، ئەو شوێنە هەمووی چ شتێکە ـ

**بیلینگ**

" دڵە ترپەدارەکەی شار" جارێک لە بۆنەیەکی ئاهەنگ گێڕان و کەیف سازداندا من ڕێگەم بەخۆمدا کە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئابەڵێ، ئینجا ئەوەش. بەڵام ئایا دەزانن، ئەو شوێنە لە ڕاستیدا چییە، ئەم گەرماوە گشتییە گەورە و، بێ وێنە و، پێداهەڵگوتراوە، کە پارەیەکی هێندە زۆری تێچووە، ـ دەزانن، چییە؟

**هوڤدستاد**

نەخێر، دەی چییە؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئا، دەی چییە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

تەواوی گەرماوەکە  شوێنێکی مەترسیدارە بۆ سەر تەندروستی.

**پێترا**

باوکە، گەرماوەکە!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** لەهەمان کاتتدا

گەرماوەکەمان!

**هوڤستاد** هەمان شت

بەڵام، جەنابی دکتۆر ـ

**بیلینگ**

بەهیچ شێوەیەک جێگەی باوەڕ نییە!

**دکتۆر ستۆکمان**

من دەڵێم، تەواوی گەرماوە گشتییەکە چاڵە ژەهرێکی  جوان قسڵکراوە. بە ڕادەیەکی هێجگار زۆریش تا ئەوپەڕی مەترسیدارە بۆ سەر تەندروستی! هەرچی پیس و پۆخڵی سەروی دۆڵەکەی "مۆلەیە" و، ـ هەموو ئەم پیسیەیی ئێرەش، کە بۆگەنی زۆر ناخۆشە، ـ ئاوی نێو بۆرییە دابەشبووەکانی کۆگای سەر بیرەکە میکرۆباوی دەکەن؛ ئینجا هەمان ئەو پیسییە ملۆزمە ژەهراوییەش دەچۆڕێتەوە ناو گەرماوە گشتیەکەی کەنار دەریاکە ـ

**هۆشتەر**

کەنار دەریا، ئەو شوێنەی کە  گەرماوە گشتییەکانی لێیە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

دروست ئەو شوێنە.

**هوڤستاد**

جەنابی دکتۆر، ئێوە لە کوێیەوە ئەم شتە هێندە بە دڵنیاییەوە دەزانن؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوەندەی بیر بۆی بچێ، بە ویژدانەوە کەوتمە پشکنینی ئەو مەسەلەیە. ئا، ماوەیەکی زۆر بوو شکم بە شتێکی ئەوها کردبوو. پارساڵ لێرە لە نێو ئەوانەی هاتبوون بە میوانی بۆ گەرماوە گشتییەکە چەند حاڵەتێکی نەخۆشی سەیر ڕوویدا ـ وەک حاڵەتی تیفۆید و حاڵەتی نەخۆشی کۆئەندامی هەرس ـ

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ، وابوو.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوسا ئێمە واماندەزانی، کە ئەو بێگانانە لەگەڵ خۆیان ئەو نەخۆشیانەیان گواستووەتەوە بۆ ئێرە؛ بەڵام دوایی ـ لە زستاندا، ـ بیرۆکە گەلێکی ترم بۆ هات؛ ئیتر ئەوەندەی بکرێ، بەباشی دەستمکرد بە پشکنینی ئاوەکە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

کەوابێ ئەوە ئەمە بوو، کە تۆی هێندە سەرقاڵکرد بوو!

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، کاترینا، بێگومان دەتوانیت بڵێیت کە من سەرقاڵ بووم. بەڵام لێرە، من کەرەسەی پێویستی زانستی یارمەتیدەرم نەبوو؛ لەبەرئەوە بۆ تاقیکردنەوە هەم لە ئاوی خواردنەوە و هەم لە ئاوی دەریاکەشم نارد بۆ زانکۆ هەتا لە کیمیازانێکەوە شیکارێکی تەواوم دەستکەوێت.

**هوڤستاد**

ئینجا ئێستا ئێوە ئەو وەڵامەتان وەرگرتووەتەوە؟

**دکتۆر ستۆکمان** نامەکە پیشاندەدات

ئەوە وەڵامەکەیەتی! لێرەدا بوونی ماددەی ئۆرگانی ڕیزیو و، ـ بڕێکی هێجگار زۆر لە گیانەوەرە یەک خانەییە کوڵکدارەکان لە ئاوەکەدا سەلمێنراوە. بەکارهێنانی ئەو ئاوەش بۆ خواردنەوە یان بۆ خۆشتن بەتەواوی خراپە بۆ سەر تەندروستی.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

کەوابوو ئەوە چاکەیەکی خوداییە، کە تۆ لەکاتی خۆیدا پێیڕاگەیشتی.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بێگومان دەبێ وابڵێین.

**هوڤستاد**

ئینجا جەنابی دکتۆر، ئێوە ئێستا بەتەمان چی بکەن؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بێگومان سەیرەکەم بزانم ئەو مەسەلەیە ڕاست بکەمەوە.

**هوڤستاد**

ئینجا باشە ئەوە دەکرێ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

دەبێ بکرێ. ئەگینا تەواوی گەرماوە گشتییەکە بەکەڵکی بەکارهێنان نایەت، ـ تێکچووە. بەڵام ئەوە ئەوەندە سەخت نییە. من زۆر چاک دەزانم، کە دەبێ لەو شوێنەدا چی بکرێت.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵام، تۆماسە میهرەبانەکە، تۆ زۆر بەنهێنی ئائەمەت هەمووی لەلای خۆت هەڵگرت بوو.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئەی گوایە پێش ئەوەی تەواو لەوە دڵنیا بم، دەبووایە بوچوومایەتە دەرەوە بۆ ناو شار و (جاڕمبدایە)؟ نەخێر سوپاس؛ من هێجگار ئەوەندە شێت نیم.

**پێترا**

ئێ، بەڵام لێرە لەماڵەوە لەلای ئێمە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

لەلای هیچ گیاندارێکی زیندو. بەڵام سبەینێ تۆ دەتوانی ڕاکەی بچی بۆ دیداری " گۆڕهەڵکەنە"[27] ـ

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

نەء، تۆماس ـ!

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ، ئێ، بۆ لای باپیرێت. ئا، ئەوسا ئیتر ئەو پیرە مێردە، شتێکی دەبێت کە پێی سەرسام بێت؛ ئەو پێیوایە من بێ مێشکم؛ ئا بەڵێ، بێگومان زۆرن ئەوانەی، کە باوەڕیان بە هەمان شتی ئەو هەیە، تێبینیم کردووە. بەڵام ئێستا ئەو خەڵکە چاکانە دەبینن ـ ئێستا دەیبینن ـ! (بەناو ژوورەکەدا دەگەڕێ و دەستەکانی لەیەک

[27] گۆڕهەڵکەنە: گیانەوەرێکی گۆشتخۆرە لە تیرەی سمۆرە کوڵکێکی ڕەش و سپی هەیە بە ڕۆژدا لە کوندایە و بە شەویش ڕاودەکات. وەرگێر

دەخشێنێ) کاترینا، لێرە لەم شارەدا جۆرە نائارامییەکی وا پەیدا دەبێت! کە تۆ هەرگیز بە خەیاڵتا نایەت. هەموو بۆرییەکانی ئاو دابەشکردن دەبێ سەرلەنوێ دابمەزرێنرێتەوە.

**هوڤستاد** هەڵدەستێتە سەرپێ

تەواوی بۆرییەکانی ئاو دابەشکردن ـ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، دیارە. تانکی ئاوەکە نزمە؛ پێویستە بگوێزرێتەوە بۆ سەرەوە بۆ شوێنێکی بەرزتر.

**پێترا**

کەوابێ تۆ لەسەر هەق بوویت.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، پێترا، ئەوەت بیرە؟ لە دژیانم نووسی، کاتێک دەیانویست بینایبکەن. بەڵام ئەو کاتە کەس نەبوو، گوێم لێبگرێ. ئێستا، بابزانن، منیش ڕێک و ڕاست لە بنی هەمانەکە دەدەم؛ـ بەڵێ، چوونکە ماوەی هەفتەیەکی تەواو دەبێت، کە ڕوونکردنەوەیەکم نووسیوە بۆ دەستەی کارگێڕی گەرماوەکە؛ تەواو بووە، وەلێ ئەوەتا هەر لەوێدایە، من چاوەڕێی ئەمەم دەکرد. ( نامەکە پیشاندەدات) بەڵام هەر ئێستا ئەو ڕوونکردنەوەیە بە زووترین کات دەنێردرێت. (دەچێتە ژوورەوە بۆ نێو ژوورەکەی خۆی و بە بەستەیەک کاغەزەوە دەگەڕێتەوە) تەماشاکەن! ئەوەتا چوار لاپەڕەی تەواو چڕ و پڕ نووسراوا! ئەم نامەیەشی لەگەڵدا دەنێردرێت. کاترینا! ڕۆژنامەیەک، شتێکم بۆ پەیداکە بیکەم بە بەرگ. چاکە؛ ئەوها؛ بیدە بە ـ بە ـ؛ (پێ بە ئەرزەکەدا دەکوتێت) ئەی نەفرەت لە شەیتان ئەرێ ئەو ئافرەتە ناوی چی بوو؟ دەی، بیدە بە کچەکە؛ خۆی، ئەو هەر ئێستا بیبات بیداتە دەست قایمقامی شار.

هاوسەر خانمی ستۆکمان بە نامەکەوە لە هۆڵی نانخواردنەکەوە دەچێتە دەرەوە.

**پێترا**

باوکە، وەکوو بزانی مامە پێتر بۆ ئەمە چی دەڵێ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەو دەبێ چی بڵێ؟ بێگومان ئەو دەبێ بەوە خۆشحاڵ بێت، کە ڕاستییەکی هێندە گرنگ، لەلایان منەوە دەخرێتە ڕوو.

**هوڤستاد**

بەیارمەتی، دەتوانم تێبینیەک دەربارەی دۆزینەوەکەتان لە " پەیامی خەڵک" دا بڵاوبکەمەوە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەڕاستی من سوپاسیشتان دەکەم.

**هوڤستاد**

ڕای گشتی دەهێنێ ئەو شتە بزانن، چەند زووتریش ئەو شتە بزانن باشترە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ بەدڵنیاییەوە وایە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** دێتە ژوورەوە

ئەوا بردی.

**بیلینگ**

جەنابی دکتۆر، خوا بمکوژێ، ئێوە دەبنە یەکەم پیاوی ڕابەر لە شارەکەدا!

**دکتۆر ستۆکمان** بە خۆشنودییەوە دێ و دەچێ

ها چی؛ بابزانی من لە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانم زیاتر هیچی ترم نەکردووە. هەموو مەسەلەکە؛ ئەوەیە؛ کە من گەنجینە دۆزەرەوەیەکی بەختەوەرم؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ـ

**بیلینگ**

هوڤستاد، ئێوە پێتان وانییە، کە خەڵکی شار، پێویستە ڕێپێوانێکی ئاهەنگ گێڕانە بۆ دکتۆر ستۆکمان سازدەن؟

**هوڤستاد**

من مشووری ئەوە دەخۆم.

**بیلینگ**

منیش لەوبارەیەوە قسە لەگەڵ ئەسلاکسن دا دەکەم

**دکتۆر ستۆکمان**[28]

نەخێر هاوڕییانی ئازیز، واز لەو جۆرە تەلیسمبازییە بێنن؛ نامەوێ لەبارەی هیچ جۆرە ئاهەنگ گێڕانێکەوە ببیستم. خۆ ئەگەر دەستەی کارگێری گەرماوەکەش ڕەزامەندی لەسەر موچە بۆ زیادکردنم بدات، ئەوا من قبوڵی ناکەم. کاترینا، ئەوا پێدەڵێم،ـ وەریناگرم.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

تۆماس، کارێکی ڕاست دەکەیت.

---

[28] Doktor Stockmann:.لە چاپی دووەمدا. بەم شێوەیە نووسراوە. وەرگێر
Doctor Stokkmann: لە چاپی یەکمدا بەم شێوەیە نووسراوە. وەرگێر

**پێترا** پەرداخەکەی بەرزدەکاتەوە

باوکە، بەخۆشی!

**هوڤستاد** و **بێلینگ**

بەخۆشی، بەخۆشی جەنابی دکتۆر.

**هۆشتەر** لەگەڵ دکتۆردا بەهێواشی پەرداخەکانیان دەدەن لەیەک

خوا بکا ئەمە هەر خێر و خۆشی لێبکەوێتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

سوپاس، سوپاس هاوڕێیانی ئازیز! لەناخی دڵەوە خۆشحاڵم -؛ ئۆ، بەڕاستی نیعمەتە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ئەوە بزانێت، کە کەسێکە شایستە بە زێدی خۆی و هاوزێدانی، هـــووورا، کاترینا!

بەهەردوو دەست باوەش بە کاترینا دا دەکات و لەگەڵ خۆی سەمائامێزانە دەیسووڕێنێتەوە. خانمی ستۆکمان دەقریشکێنی و هەوڵدەدات خۆی ڕزگارکات. قاقای پێکەنین و، چەپڵەلێدان و هاواری هوراکردن بۆ دکتۆر. کوڕەکانیش لەدەرگاکەوە سەر دەهێننەدەرەوە.[29]

## دیمەنی دووەم

هۆڵی ڕۆژانەکەی دکتۆر. دەرگای ژووریناخواردنەکە داخراوە. بەیانییە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** نامەیەکی سەرمۆرکراوی و بەدەستییەوە لە ژووریناخواردنەکەوە دێتە ژوورەوە، دەچێتە لای دەرگای یەکەمی لای ڕاست و سەیری ناوەوە دەکات

تۆماس، لەماڵەوەیت؟

**دکتۆر ستۆکمان** لە ناو ژوورەکەوە

بەڵێ، ئێستا هاتمەوە (دێتە ژوورەوە) هیچ هەیە؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

نامەیەک لە براکەتەوە (دەیداتە دەستی)

**دکتۆر ستۆکمان**

[29] لێرەدا لە چاپی ١ـ ٢ دا نووسراوە (لەدەرگاکانەوە) سەردەردەهێنن، ڕاستکراوەتەوە کراوە بە دەرگاکە. لە دێری سەرەوەشدا دوای (قاقاپێکەنین) کۆمادانراوە. بەڵام لەچاپ ١ دا خاڵە. وەرگێر.

ئەها، بابزانین.(نامەکە دەکاتەوە و دەیخوێنێتەوە) << بەپێی ئەم نامەیە ئەو دەسنووسە نێردراوە دەگێڕدرێتەوە ـ >>(بە خوێندنەوەیەکی ورتەورت ئاسای ناڕوونەوە بەردەوام دەبێ لەسەر خوێندنەوەی نامەکە) هـم ـ

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

چی دەڵێ؟

**دکتۆر ستۆکمان** کاغەزەکان دەخاتە گیرفانییەوە

نەخێر، هەر نووسیوەیەتی، کە دەوروبەری لای ئێوارە خۆی دێت بۆ ئێرە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

کەوابێ دەبێ بیرت بێت کە لەماڵەوە بیت.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ بیرم ناچێ؛ چوونکە تا ئەو کاتە من لە سەردانەکانی پێش نیوەڕۆانم بوومەتەوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

من هێجگار بەپەرۆشەوەم بزانم، ئەو ئەو مەسەلەیەیی بەلاوە چۆن دەبێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوا دەشیبینی، بەراستی ئەو ئەوەی پێخۆش نابێ، کە ئەوکەسە من نەک ئەو خۆی، کە ئەو دۆزینەوەیەیی ئەنجامداوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئاخر، ئەی تۆ لەوە ناترسیت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ، لە ڕاستیدا ئەو خۆشحاڵ دەبێ، تێگەیشتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ـ؛ پێتەر هێجگار لەوە دەترسێ، کە خەڵکێکی تر، نەک ئەو خۆی، شتێکی چاک لە پێناوی شارەکەدا بکەن.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵام، تۆماس، دەزانی چی، ـ کەوابێ تۆ دەبێ میهرەبان بیت و ئەو شەرەفە لەگەڵ ئەودا بەشکەیت. ئەی ناکرێ بووترێ، کە ئەوە ئەو بووە، کە تۆی خستووەتە سەر سکە ـ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

با، بەش بە حاڵی خۆم بە خۆشحاڵییەوە. من هەر ئەو مەسەلەیە ڕاست بکەمەوە، ئەوا ئیتر ـ

**مۆرتن کیڵ ـ ی پیر** لەدەرگای هۆڵی دانیشتنەکەوە سەردێنێتە ژوورەوە، بە پشکنینەوە چاودەگێڕێ، لە ناخەوە پێدەکەنێ و فێڵبازانە دەپرسێ

ئەرێ ـ ئەرێ ئەوە ڕاستە؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** بەرەو ڕووی دەچێت

باوکە، ـ ئەوە تۆی؟

**دکتۆر ستۆکمان**

نا سەیرکە، مامە؛ بەیانیت باش، بەیانیت باش!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئۆ دەوەرە ژوورەوە.

**مۆرتن کیڵ**

بەڵێ، ئەگەر ئەو شتە ڕاست بێت؛ ئەگینا دەڕۆم.

**دکتۆر ستۆکمان**

چ شتێک ڕاست بێ؟

**مۆرتن کیڵ**

ئەم سەرشێتییەیی دامەزراوەی دابەشکردنی ئاو. ڕاستە، ئەوە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ بە دڵنییاییەوە ڕاستە. بەڵام چۆن ئێوە ئەوەتان زانی؟

**مۆرتن کیڵ** دێتە ژوورەوە

پێترا لەڕێێ چوونی بۆقوتابخانەوە، سەرپێیی سەرێکی لێدام ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

نا هات بۆ لات؟

**مۆرتن کیڵ**

بەڵێ؛ ئەو گێڕایەوە ـ بیرمکردەوە وتم گاڵتەم پێدەکات؛ بەڵام ئەوە لە پێترا ناوەشێتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر، چۆن بیر لەشتی ئەوها دەکەنەوە!

**مۆرتن کیڵ**

ئۆ، ئینسان نابێ هەرگیز متمانە بە هیچ شتێک بکات؛ دەکرێ ئینسان پێش ئەوەی بەخۆی بزانێ، گاڵتەی پێبکرێ. بەڵام کەوابێ ئەوە لەهەموو حاڵەتێکدا ڕاستە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ بەڕاستی ئەوە وایە. مامە، دانیشن (زۆری لێدەکات دانیشێ لەسەر قەنەفەکە) ئەی ئەوە بەختەوەرییەکی ڕاستەقینە نیە بۆ شارەکە ـ؟

**مۆرتن کیڵ** لەبەر قاقای پێکەنین خۆی بۆ ناگیرێ

بەختەوەری شارەکە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، کە من هێندە زوو ئەوەم دۆزییەوە ـ

**مۆرتن کیڵ** وەکوو پێشان

با، با، با! بەڵام من هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو، کە ئێوە بخوازن گاڵتە بە برا ڕاستەقینەکەی خۆتان بکەن.

**دکتۆر ستۆکمان**

گاڵتە!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

نا بەڵام، باوکی ئازیزم ـ

**مۆرتن کیڵ** دەستەکانی و چەناگەی دەخاتە سەر دەسکی گۆچانەکەی و سیاسەتبازانە چاو لە دکتۆر دادەگرێ

ئادەی چۆن بوو؟ وانە بوو، کە هەندێ گیانەوەر هاتبوونە نێو بۆری ئاوەکانەوە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

با بەڵێ، گیانەوەری یەکخانەیی کوڵکدار.

**مۆرتن کیڵ**

ئینجا خۆ دەڵێن هێجگار زۆریش لەو جۆرە گیاندارانە چوونەتە نێو ئاوەکەوە، پێترا وایوت. ژمارەیەکی بێشمار زۆر.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ بێگومان؛ ڕەنگبێ سەدەها ـ هەزارەها لەوێدا بن.

**مۆرتن کیڵ**

بەڵام کەس لەوێدا، ناتوانێ بیانبینێت، ـ وانییە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

با وایە؛ ئینسان ناتوانێ بیان بینێت.

**مۆرتن کیڵ** بەدەم قاقای پێکەنینی هێواشەوە

خوا ئاگادارە، ئا ئەمە، باشترین شتە، کە هەتا ئێستا من لە ئێوەوەم گوێ لێ بووبێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

چۆن، مەبەستان چییە؟

**مۆرتن کیڵ**

بەڵام لەو جۆرە شتانەدا هەرگیز ئێوە ناتوانن قەناعەت بە قایمقام بهێنن.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئـــێ، بابزانین چۆن دەبێ.

**مۆرتن کیڵ**

بۆ ئێوە پێتانوایە، ئەو هێجگار هێندە شێت بێ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

هیوادارم تەواوی شار هێندە شێت و شبر بن.

**مۆرتن کیڵ**

تەواوی شار! بەخوا خۆ دەبێ هەموو شاریش ئەوهابن، دەشێ. بەڵام ئەوە بۆ ئێوە لەبار و گونجاوە؛ بۆ ئێوە شتێکی چاکە. ئێوە ئێستا لە چاو ئێمەی پیردا زۆر زیرەکترن. ئەوان بەدەنگدان منیان وەکو سەگ لە لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی کردەدەرەوە. بەڵێ، هەر بەو شێوەیەیی کە دەیڵێم؛ چوونکە بە دەنگدان منیان وەکو سەگ کردە دەرەوە، ئەوان. بەڵام ئەوە دووبارە هاتەوە ڕێیان. ستۆکمان، تۆش هەتا دەتوانی گاڵتەیان پێبکە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ بەڵام، مامە ـ

**مۆرتن کیڵ**

دەڵێم، گاڵتەیان پێبکە. (هەڵدەستێتە سەرپێ) ئەگەر ئێوە بتوانن کارێکی وابکەن، کە قایمقام و هاوڕێکانی لە ڕوویان نەیەت چارەی خۆیان دەرخەن، ئەوا من دەم و دەست لە ئەو کاتەدا سەد کرۆن بەسەر هەژاراندا دەبەخشمەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بڕوانە، ئەوە میهرەبانییە لە ئێوەوە.

**مۆرتن کیڵ**

بەڵێ، من ئەوەندەم نییە تا بەفیڕۆییبدەم، بابزانن؛ بەڵام ئەگەر ئێوە ئەوەتان پێبکرێ، ئەوا منیش بۆ شەوی لەدایکبوونی مەسیح بایی پەنجا کرۆن هەژاران بەسەر دەکەمەوە.

هوڤستادی سەرنووسەر لەدەرگای هۆڵەکەی سەر ڕاڕەوەکەوە دێتە ژوورەوە.

**هوڤستاد**

بەیانیتان باش(دەوەستێ) ئۆ ببورن -

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر، وەرن؛ وەرن.

**مۆرتن کیڵ** دووبارە قاقای پێکەنین دەیگرێتەوە

ئەمیش! ئەمیش لەمەدا بەشدارە؟

**هوڤستاد**

مەبەستان کێیە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ بێگومان ئەمیش بەشدارە.

**مۆرتن کیڵ**

تا ڕادەیەک ئەوە ناچێتە عەقڵمەوە! لە ڕۆژنامەکانیشدا بڵاودەکرێتەوە. ئـا، ستۆکمان، بێگومان هەر بەڕاستی، ئێوە کەسی دەربارن. بەڵام هەر بەردەوامبە لەسەر پلان و نەخشەدانانەکانت؛ من دەڕۆم.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئۆ نەخێر، تۆزێکی تریش بمێنەرەوە، مامە.

**مۆرتن کیڵ**

نەخێر، دەمەوێ بڕۆم. ئینجا هەموو ئەو گاڵتەجاڕییەیی؛ کە لە تواناتاندایە؛ بخەنەگەڕ. شەیتان بەنەفرەت بێ ئێوە هەروا لە بەلاش ئەمەتان نەکردووە.

دەچێتە دەرەوە، هاوسەر خانمی ستۆکمان بەڕێی دەکات و لەگەڵی دەچێتە دەرەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** پێدەکەنێ

ئێوە، هەربیر لەوە بکەنەوە، ـ ئەم پیرەمێردە باوەڕی بە یەک وشەی ئائەم دامەزراوەی بۆری ئاودابەشکردنە نییە.

**هوڤستاد**

ئێ، ئەوە ئەو مەسەلەیە بوو ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، باسی ئەوەمان دەکرد. ئینجا ڕەنگە ئێوەش، هەرلەبەر هەمان شت هاتبن؟

**هوڤستاد**

بەڵێ وایە. کەمێک وەختتان هەیە، جەنابی دکتۆر؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوەندەی ئێوە دەخوازن، کاتم هەیە، ئازیزم.

**هوڤستاد**

هیچ هەواڵێکتان لە قیمقامەوە بەدەست گەیشتووەتەوە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

هێشتا نـا. دوایی دێت بۆ ئێرە.

**هوڤستاد**

من لە دوێنێ ـ ئێوارەوە تا ئێستا بڕێک بیرم لەم مەسەلەیە کردووەتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ بەڵێ؟

**هوڤستاد**

بۆ ئێوه، وەکو دکتۆر و وەکو کەسێکی زانا، ئەم دیاردەی پیسبوونی دەزگای ئاو دابەشکردنە شتێکە تەنها تایبەت بەخۆی. مەبەستم ئەوەیە، ئێوە بیرتان لەوە نەکردووەتەوە، کە ئەمە پەیوەندی بە زۆر شتی ترەوە هەبێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، چۆن ـ؟ با دانیشین، ئازیز. ـ نەخێر، لەوێدا لەسەر قەنەفەکە.

هوڤستاد لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ، دکتۆریش لە سەر کورسییەکی قوڵداری لاکەی تری مێزەکە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ؟ کەوابێ ئێوە مەبەستان ـ؟

**هوڤستاد**

ئێوە دوێنێ وتان، کە ئەو ئاوە ئاڵودە بووە لە پیسایی ژێر زەوییەوە دێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، تەواو بێ دوودڵی ئەو ئاوە لە سەرەوە لە زەلکاوە ژەهراوی بووەکەی دۆڵی ـ مۆلەوە ـ سەرچاوەدەگرێت.

**هوڤستاد**

ببورە، جەنابی دکتۆر، من لەو باوەڕەدام، ئەو ئاوە بەتەواوی لە زەلکاوێکی ترەوە سەرچاوەدەگرێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەو زەلکاوە دەبێ کامە بێت؟

**هوڤستاد**

ئەو زەلکاوەی، کە تەواوی ژیانی ئەنجومەنی شارەوانی ئێمەی تێدا ڕاوەستاوە و بەرەو داڕزان دەچێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی شەیتان بە نەفرەت بیت، نەخێر، جەنابی هوڤستاد، ئەمە چ قسەیەکە؟

**هوڤستاد**

تۆزە تۆزە هەموو کاروباری شارەکە کەوتە دەست کۆمەڵێ فەرمانبەری پلەداری دەوڵەتەوە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ، خۆ ئەوان هەمویان فەرمانبەری پلەداری دەوڵەت نیین.

**هوڤستاد**

نەخێر، بەڵام ئەوانەی، کە فەرمانبەری پلەبەرزی دەوڵەت نین، ئەوانە لە هەموو حاڵەتێکدا هاوڕێی فەرمانبەرە پلەدارەکانی دەوڵەتن و سەربەوانن؛ ئەوانەش هەموو دەوڵەمەندەکان و، هەموو ئەوانەن کە لە کۆنەوە لە شارەکەدا ڕێز لە ناو و لەقەبیان دەگیردرێ؛ ئەوە ئەوانەن، کە ڕابەرایەتی و حکومڕانی ئێمە دەکەن.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەڵام بە هەقیقەت ئەو خەڵکانە خاوەنی زیرەکی و تێگەیشتنیشن.

**هوڤستاد**

ئایا کاتێک ئەوان کە بۆری ئاو دابەشکردنیان لەو شوێنەی کە ئێستادا بۆرییەکانی تێدایە، دامەزراند، زیرەکی و تێگەیشتنیان پیشاندا؟

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر، بێگومان ئەوە دەبەنگیەکی گەورە بوو لەوانەوە. بەڵام ئێستا ئیتر ئەو شتە ڕاستدەکرێتەوە.

**هوڤستاد**

ئێوە لەو باوەڕەدان، ئەوە هێندە بەئاسانی دەکرێ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئاسان بێ و ئاسان نەبێ، ـ لەهەموو حاڵەتێکدا دەبێ بکرێ.

**هوڤستاد**

بەڵێ، ئەگەر میدیا بێتە ناوەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

هەرگیز پێویست بەوە ناکات، ئازیزم، من دڵنیام لەوەی، کە براکەم ـ

**هوڤستاد**

بم بوورە، جەنابی دکتۆر، بەڵام من دەمەوێ پێتان ڕابگەیەنم، کە من نیازی ئەوەم هەیە، ئەو کەیسە بخەمە بەرباس.

**دکتۆر ستۆکمان**

لە ڕۆژنامەدا؟

**هوڤستاد**

بەڵێ، ئەو کاتەی کە ڕۆژنامەی " پەیامی خەڵک"م گرتە ئەستۆ، بیر و نەخشەی من ئەوەبوو، کە بازنەی ئەو پیرگەلە سەرسەخت و کۆنەوارخوازو مێشک وشکانە هەڵوەشێنمەوە، کە هەموو دەسەڵاتەکانیان خستبووە ژێر دەستی خۆیانەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام ئێوە خۆتان پێتان وتم، ئەو گردبوونەوەیە چۆن کۆتایی پێهات؛ چۆن لەسەر ئەوە خەریکبووە ڕۆژنامەکە بفەوتێنن.

**هوڤستاد**

بەڵێ، زۆر ڕاستە، ئەو جارە ناچار بووین دەست لەو ململانێیە هەڵگرین. چوونکە ئەگەر بهاتایە و ئەو پیاوانە ئەوسا بکەوتنایە، مەترسی ئەوە هەبوو، کە پرۆژەی گەرماوە گشتییەکە نەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە،. بەڵام ئێستا گەرماوە گشتییەکە هەیە و، دەتوانرێت دەست لەو جەنابە پایە بەرزانەش هەڵبگیردرێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

دەستیان لێ هەڵبگیردرێ، بەڵێ؛ بەڵام بەڕاستی ئێمە زۆر قەرزارباری ئەوانین و دەبێ سوپاسیان بکەین.

**هوڤستاد**

ئەوەش بە هەموو شێوەیەکی لایەق و شایستە، ددانی پێدادەنرێت. بەڵام ڕۆژنامە نووسێکی وەک من لەسەر ڕێبازی خەڵکخواهی ناتوانێ، بوارێکی وەکوو ئەمە، لە کیس خۆی بدات. پێویستە ئەو ئەفسانەیەیی کە لەبارەی ڕابەرانی بێ هەڵەوەیە بخرێتە ژێر گومانەوە. شتی ئەوها دەبێ وەکو هەموو خورافیاتەکانی تر ڕاماڵدرێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

لە کامی دڵەوە من لەوەدا لە گەڵتانم، جەنابی هوڤستاد؛ ئەگەر خورافاتێک هەبێ، دەبێ ڕامالدرێ!

**هوڤستاد**

زۆر بەناچاری من ئێستا دەخوازم لە قایمقامەوە دەست پێبکەم، لەبەرئەوەی براتانە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێوەش وەکو من پێتانوایە، کە ڕاستی لە پێش هەموو دڵراگرتنێکەوەیە (ئیعتیبارێکەوەیە).

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە. ـ (بە هەڵچوونەوە) بەڵێ بەڵام ـ! بەڵی بەڵام ـ !

**هوڤستاد**

ئێوە نابێ باوەڕتان دەربارەی من خراپ بێت. من لە چاو زووربەی خەڵکی تردا نە زۆر بەرژەوەن پەرستم و نە زۆر چڵێسی دەسەڵاتیشم.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام ئازیزم، ـ کێ ئەوەی بەبیردا دێ؟

**هوڤستاد**

وەکو دەزانن، من لە خەڵکێکی ناگرنگ و سادە کەوتوومەتەوە؛ ئینجا تا ڕادەیەکیش ئەو بوارەم هەبووە ببینم، کە لە چینی هەرە بەرەژێری کۆمەڵگەدا چ شتێک زیاتر پێویستە. ئینجا ئەوانە، پێویستە لە ڕابەرایەتیکردنی دامەزراوە گشتییەکاندا بن، جەنابی دکتۆر. ئەوە ئەو شتەیە، کە پەرە بە تواناکان و زانستەکان و هەست بەخۆکردنەکان دەدات ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

من زۆر باش لەوە تێدەگەم ـ

**هوڤستاد**

بەڵێ، ـ ئینجا پێموایە، ڕۆژنامەوانێک خۆی دەخاتە ژێر باری بەرپرسیارییەتیکی دژوارەوە، ئەگەر هات و لە پێناوی ئازادی زۆرینە و، لە پێناوی مرۆڤە بچکۆلەکان و، لە پێناوی چەوساوەکان، هەلێکی گونجاو لەدەست خۆی بدات. من دەزانم، بەرەی ئۆردوگای گەورەکان بەوە دەڵێن گێرەشێوێنی لە دژی دەسەڵات یان شتێک لەو بابەتە؛ بەڵام چۆنیان پێخۆشە ئەوان ناوی بنێن با ناوی بنێنن. کاتێک کە من تەنها خاوەنی ویژدانێکی ئازادم ، ئیتر ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

دروست ئەوەیە، بەڵێ! دروست ئەوەیە، جەنابی هوڤستادی ئازیز. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ـ بۆ خاتری شەیتان ـ ! (لەدەرگا دەدرێ) وەرە ژوورەوە!

ئەسلاکسنی خاوەن چاپخانە لە ناو دەرگای هۆڵەکەدا. جلەکانی بەری هەرزان و خراپن بەڵام بە ڕێکوپێکانە خۆی گۆڕیوە، جلەکانی ڕەشن، پەڕۆیەکی سپی هەندێک چرچ بووی لە ملدایە، دەستکێش و شەپقە درێژکۆلەکەی بەدەستەوەیە.

**ئەسلاکسن** دەچەمێتەوە

بەداوای لێبووردنەوە، جەنابی دکتور، کە من هێندە چاوقایمم ـ

**دکتۆر ستۆکمان** هەڵدەستیتە سەرپێ

سەیرکە، سەیرکە، خۆ ئەوە ئەسلاکسنی خاوەن چاپخانەیە!

**ئەسلاکسن**

بەڵێ بە هەقیقەت خۆیەتی، جەنابی دکتۆر.

**هوڤستاد** هەڵدەسێتە سەرپێ

ئەسلاکسن ئەوە بەدوای مندا دەگەڕێن؟

**ئەسلاکسن**

نەخێر، بەدوای ئێوەدا ناگەڕێم، هەرنەمشم دەزانی کە لێرە یەکتری دەبینین. نەخێر، بێگومان ئەوە خودی دکتۆر بوو کە بەدوایدا دەگەڕام ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ، ئەرکێ خزمەتێ؟

**ئەسلاکسن**

ڕاستە، وەک لە جەنابی بیلینگم بیست ، کە دکتۆر بیر لە بەدەست هێنانی دەزگایەکی ئاودابەشکردنی باشتر دەکاتەوە بۆمان؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بۆ گەرماوە گشتییەکە.

**ئەسلاکسن**

بەڵێ؛ بێگومان من لەوە تێدەگەم. ئینجا، ئەوە منیش هاتووم تا پێتان بڵێم، کە منیش بە هەموو هێز و توانامەوە پشتگیری لەو مەسەلەیە دەکەم.

**هوڤستاد** ڕوودەکاتە دکتۆر

خۆ دەبینن!

**دکتۆر ستۆکمان**

زۆر لەدڵەوە سوپاستان دەکەم بۆ ئەو شتە؛ بەڵام ـ

**ئەسلاکسن**

چوونکە ڕەنگە پێوستکات ئێمەی سەر بە چینی ووردە بۆرژوواشت لە پشت بێ. ئێمە ئێستا بەڕواڵەت زۆرینەیەکی پتەو لە شارەکەدا پێکدەهێنین.ـ ئەگەر ئێمە خۆمان بەڕاستی بمانەوێ. ئینجا ئەوەش شتێکی باشە؛ جەنابی دکتۆر، کە هەمیشە زۆرینەت لەگەڵ بێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

ڕاستە ئینکاری ئەوە ناکرێ. بەڵام من هەر لەوە تێناگەم، کە لێرەدا بۆ دەبێ هەندێ ئامادەکاری تایبەتی لەم مەسەلەیەدا زەرووری بن. من پێموایە، کە مەسەلەیەکی هێندە ڕوون و سادە ـ

**ئەسلاکسن**

ئا بەڵێ، سەرەڕای ئەوەش ڕەنگە ئەوە تاڕادەیەک شتێکی باش بێ؛ چوونکە من زۆر باش دەسەڵاتدارانی ئەم ناوچەیە دەناسم، دەسەڵاتدارانی ئێرە بەمەیل و دڵخوازی خۆیان پێشنیارێک قبوڵناکەن، کە لە خەڵکی ترەوە بێ. لەبەرئەوە من پێموایە، کە ئەوە هیچ ڕێگر نابێ، ئەگەر ئێمە کەمێک خۆ پیشاندان بکەین.

**هوڤستاد**

دروست ئەوە، بەڵێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

وتان، خۆپیشاندان؟ بەڵێ، بەڕاستی ئێوە دەتانەوێی چۆن خۆپیشاندان ئەنجامبدەن؟

**ئەسلاکسن**

بێگومان زۆر لەسەرخۆ و میانڕەوانە، جەنابی دکتۆر، من هەمیشە بۆ میانڕەوی هەوڵدەدەم؛ چوونکە، ـ بەبۆچوونی من میانڕەوی، یەکەمین سیفەتی ئاکاری هاوڵاتی بوونە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێوەش هەر بەوە ناسراون، جەنابی ئەسلاکسن.

**ئەسلاکسن**

بەڵێ، بێگومان من دەتوانم بڵێم ئەوە وایە. ئینجا ئەم مەسەلەی دەزگای ئاوە، بۆ ئێمەی چینی وورده بۆرژوا هێجگار زۆر گرنگە. گەرماوەکە بەشێوەیەکی وا لە شارەکەدا وێنەنیان دەکرێ وەکوو ئەوەی کە ببێت بە چاڵەئاڵتونێکی بچکۆلانە. ئەوە گەرماوەکەیە، کە ئێمە هەموو لەسەری دەژین، ئینجا ئێمەی خاوەن موڵکیش زیاتر. بۆیە ئێمە بە خۆشحاڵییەوە بەهەموو شێوەیەک دەخوازین ئەوەندەی بتوانین پشتگیری لە گەرماوە گشتییەکە بکەین. ئینجا منیش ئێستا سەرۆکی سەندیکای موڵکدارانم ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ ـ؟

**ئەسلاکسن**

بێجگەلەوە نوێنەری کۆمەڵەی میانڕەوخوازانیشم[30]ـ بەڵێ، خۆ دکتور دەزانێ، کە من کارێگەریم لەسەر مەسەلەی میانڕەوی لە بەکار هێنانی کهولی قورسیشدا هەیە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بێگومان.

---

[30] بزوتنەوەی میانرەوێتی لە بەکارهێنانی کهولی قورسدا. یەکەم جار ئەم بزوتنەوەیە لە ساڵی ١٨٠٠ دا لە ئەمریکای باکور دروست بوو. پاشان لە ساڵی ١٨٣٠ لە نەرویج سەری هەڵدا. ئەم کۆمەڵەیە لە نەرویج ئامانجیان وریاکردنەوەی خەڵک بوو لە زۆر بەکار هێنانی کهولی قورس.وەرگێر.

**ئەسلاکسن**

ئێ،ـ کەوابێ ئەوە مایەی تێگەیشتنە، کە من بە خەڵکێکی زۆرەوە دێم بۆ ئەو خۆپیشاندانە. منیش ناسراوم بەوەی کە هاونیشتمانییەکی لەسەرخۆم و گوێڕایەڵی یاساشم، هەروەکو دکتۆر خۆی وتی؛ کەوابوو من تا ئەندازەیەک لە شارەکەدا کارێگەریم لەسەر شتەکان هەیە، ـ بابڵێم،ـ جۆرە دەسەڵاتێکی بچکۆلانە.

**دکتۆر ستۆکمان**

من زۆر باش ئەوە دەزانم، جەنابی ئەسلاکسن.

**ئەسلاکسن**

بەڵێ تەماشاکە ـ بۆیە ئەوە بۆ من مەسەلەیەکی ئاسانە، کە بەینامەیەکی گشتی (بەناوی کۆمەڵە و سەندیکاکەمانەوە) بێنمە ئاراوە، ئەگەر گیروگرفتێک بێتە پێشەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

وتان، بەیانامەیەکی گشتی؟

**ئەسلاکسن**

بەڵێ، جۆرە سوپاس نامەیەکی گشتی لە چینی ووردە بۆرژوای شارەکەوە بەو بۆنەیەوەی کە ئێوە ئەم پرسە گرنگەی کۆمەڵگەتان هێناوەتە پێشەوە. بێگومان ئەوە ئاشکرایە، کە ئەوە دەبێت بە شێوەیەکی میانڕەوانەی ئاکار بەرزانە دابڕێژرێت، هەتا فەرمانڕەواکان و ماباقی ئەوانەشی، کە خاوەن دەسەڵاتن پێی زویرنەبن. ئینجا ئەگەر ئێمە باش بەووردی ئاگاداری ئەوە بین، ئەوا ئیتر هیچ کەس ناتوانێ ئێمە بە خراپکار بدا لە قەڵەم، من ئەوە دەزانم.

**هوڤستاد**

ئێ، سەرەڕای ئەوەی ئێوە ئەوەتان زۆر بەدڵ نەبوو، کەوابێ ـ

**ئەسلاکسن**

نەخێر، نەخێر، نەخێر؛ بەبێ هیچ نزیک بوونەوەیەک لە دژایەتیکردنی دەسەڵات، جەنابی هوڤستاد. بەبێ هیچ بەرهەڵستیکردنێک دژ بەخەڵکانێک، کە زۆر بەچڕی هاتوونەتە ژیانمانەوە. من ئەوەم بەئەندازەی پێویست لە ژیاندا بینیوە؛ ئینجا ئەوەش هەرگیز ئەنجامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە. بەڵام مافی خۆدەربڕینی هاونیشتیمانیەکی لەسەرخۆ و ئازا نابێ هیچ پیاوێک ڕەتیبکاتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** سەری بادەدات

ناتوانم پێتان بڵێم، جەنابی ئەسلاکسن ـ ی ئازیز، چەند لە ناخەوە ئەوە دڵخۆشم دەکات کە ئەم هەموو پشتگیرییە لە لایەن هاوولاتییەکانمەوە دەبینم. من زۆر دڵخۆشم،ـ زۆر دڵخۆشم! گوێبگرە؛ پەرداخێک شێری بچکۆلە نەخۆینەوە؟ ها!

**ئەسلاکسن**

نەخێر زۆر سوپاس، من هەرگیز ئەو جۆرە خواردنەوە قورسانە بەکار ناهێنم.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ، کەوابێ پەرداخێک بیرە؛ بۆ ئەوەیان دەڵێن چی؟

**ئەسلاکسن**

سوپاس، ئەوەشیان نا؛ جەنابی دکتور؛ من ئاوها زوو بە ڕۆژ لەزەت لە هیچ شتێک نابینم. بەڵام ئێستا حەزەکەم بڕۆمە دەرەوە بۆ ناو شار و قسە لەگەڵ هەندێ لە موڵکدارەکان بکەم و بیانخەمە دۆخی ئامادە باشییەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئەوە شتێکی تابڵێی میهرەبانانەیە لە ئیوەوە؛ جەنابی ئەسلاکسن؛ بەڵام من بە هیچ شیمانەیەک ئەوە ناچێتە مێشکمەوە، کە ئەو هەموو هەوڵ و خۆ ئامادەکردنە زەرووری بن؛ من پێموایە مەسەلەکە خۆی بە ئاسانی بڕوا بە ڕێوە.

**ئەسلاکسن**

دەسەڵاتداران هەندێ بەسەختی کاردەکەن، جەنابی دکتۆر. بەڵێ، خوا ئاگادارە، من ئەوە ناڵێم بۆئەوەی بارتان گرانکەم -

**هوڤستاد**

سبەینێ لە ڕۆژنامەکەدا ئەوەی دکتۆر بڵاودەکەینەوە، ئەسلاکسن.

**ئەسلاکسن**

بەڵام بە شێوەیەکی توندوتیژانە نا، جەنابی هوڤستاد. میانڕەوانە بچۆرە پێشەوە، ئەگینا ئێوە ئەوانتان لەجێی خۆیان بۆ نابزوێنرێ؛ گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکەم بن؛ چوونکە من لە قوتابخانەی ژیان ئەزموونم وەرگرتووە.- بەڵێ، ئێستا ئیتر من دەخوازم بە دکتور بڵێم خوات لەگەڵ. ئێستا دەزانن، کە ئێمەی ووردە بۆرژوا لە هەموو حاڵەتێکدا وەک دیوارێک لە پشتانەوەین. ئێوە زۆرینەی جێگیر و پتەو لایەنگیرتانە، جەنابی دکتۆر.

**دکتۆر ستۆکمان**

سوپاس بۆ ئەو هەڵوێستە، جەنابی ئەسلاکسن - ی ئازیز. (دەستی دەباتە پێشەوە بۆ تەوقەکردن) خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ!

**ئەسلاکسن**

دێن بۆ چاپخانەکە، جەنابی هوڤستاد؟

**هوڤستاد**

من دوایی دێم؛ هێشتا کەمێك شت ماوە لابەلای بکەمەوە.

**ئەسلاکسن**

چاکە، چاکە.

خواحافیزی دەکا و دەڕوات؛ دکتۆر ستۆکمان تا ئەو دیو دەرگای هۆڵەکە بەڕێیدەکات.

**هوڤستاد** لەو کاتەدا کە دکتور دووبارە دێتەوە ژوورەوە.

ئێ، ووتان چی، جەنابی دکتور؟ پێتانوانییە، کاتی ئەوە هاتووە، کە هەوای ئێرە بگۆردرێت و ئەو هەموو بێ ووزەیی و ناڕوونی و ترسنۆکییە لێرە دابتەکێنرێت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

مەبەستان ئەسلاکسن ـ ی چاپخانەیە؟

**هوڤستاد**

بەڵێ، مەبەستم ئەوە. ئەو یەکێکە لەوان، یەکێک لەوانەی کە لە زۆنگاوەکەدا قەتیسماون ـ سەرەڕای ئەوەی پیاوێکی زۆر باشیشە. زووربەی خەڵکی لای ئێمەش بەو شێوەیەن؛ ڕاڕا و دوو دڵن لە نێوان هەردوولا دا ؛ هەر لەبەر پەرۆشی و وورد ڕامانیان ناتوانن هەرگیز هەنگاوی تەواو بنێن.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەڵام من پێموایە، ئەسلاکسن زۆر لە دڵەوە هاوسۆزی مەسەلەکە بوو.

**هوڤستاد**

شتێک هەیە، کە لەلای من باڵاترە؛ ئەوەش ئەوەیە کە ئەو وەک پیاوێکی زامن و، متمانە بەخۆ بوو ڕاوەستێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

لەوەدا بەتەواوەتی هەق بە ئێوە دەدەم.

**هوڤستاد**

بۆیە من ئێستا دەمەوێ هەوڵی ئەوە بدەم ئەو فرسەتە بقۆزمەوە، تا بزانم داخوا من ناتوانم کارێکەم کە ئەو مرۆڤە دڵسۆزانە یەک کەڕەت خۆیان گورج بکەنەوە و هیمەتێک بکەن. دەسەڵات پەرستی لەم شارەدا پێویستە ڕیشەکێش بکرێ. ئەم هەڵە گەورە نابەرپرسانەیەیی دەزگای ئاودابەشکردن پێویستە بۆ هەموو ئەو هاووڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەیە ئاشکرا بکرێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

باشە؛ ئەگەر ئێوە پێتانوایە، ئەوە لە بەرژەوەندی گشتیدایە، با بکرێ؛ بەڵام نەک پێش ئەوەی من قسە لەگەڵ براکەمدا بکەم.

**هوڤستاد**

لەهەموو حاڵەتێکدا تا ئەو کاتە من گوتاری سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دەنووسم و تەواویدەکەم. ئەی ئەگەر قایمقام نەویست مەسەلەکە باسبکرێ ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام ئاخر ئێوە چۆن بیر لە شتی ئەوها دەکەنەوە؟

**هوڤستاد**

بێگومان بیری لێ دەکرێتەوە. ئەی ئەوسا ـ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئەوسا من بەڵێنتان دەدەمێ؛ـ گوێبگرە، ـ ئەوسا ئێوە دەتوانن وورد و درشتی، ـ لێکۆڵینەوەکەی من هەمووی بڵاوبکەنەوە.

**هوڤستاد**

دەتوانم؟ بەڵێنبێ؟

**دکتۆر ستۆکمان** ڕەشنووسەکەی دەداتە دەست

ئەوەتا لەبەر دەستاندایە، لەگەڵ خۆتان بیبەن؛ هیچ زیانی نییە، ئەگەر ئێوە بیخوێننەوە و؛ پاشان بیدەنەوە دەستم.

**هوڤستاد**

باشە، باشە؛ بێگومان هەروادەکەم. کەوابێ خوات لەگەڵ، جەنابی دکتۆر.

**دکتۆر ستۆکمان**

خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ. بەڵێ، ئەوا دەشی بینن، جەنابی هوڤستاد، ئەو مەسەلەیە زۆر ئاسان جێ بەجێ دەبێ، زۆر ئاسان!

**هوڤستاد**

هــم، ـ بابزانین.

خواحافیزی دەکاو لە هۆڵەکە دەچێتە دەرەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** دەچێ سەیری ناو هۆڵی نانخواردنەکە دەکا

کاترینا ـ! ئێ، پێترا، ئەوە هاتیتەوە ماڵەوە؟

**پێترا** دێتە ژوورەوە

بەڵێ، ئێستا لە قوتابخانە هاتمەوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** دێ

هێشتا نەهاتووە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

پێتەر؟ نەخێر. بەڵام من لەگەڵ هوڤستاد دا زۆرم قسەکرد. ئەو دۆزینەوەیەی من کردوومە، تەواو کاریتێکردوە. بەڵێ، چوونکە ئەو دۆزینەویە مەودایەکی زۆر لەوە دوورتری هەیە، کە من یەکمجار بیرم لێیکردبووەوە، دەزانی. ئینجا ڕۆژنامەکەشی خستووەتە بەردەستم، ئەگەر پێویست بەوە بکات.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵام لەو باوەڕەدای پێویست بەوە بکات؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئۆ نەخێر بەهیچ کلۆجێک. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوە شانازییەکی هۆشمەندانەیە، کە مرۆڤ ئەو میدیا بیرئازد و سەربەخۆیە لایانگری بێ. بەڵێ، ئینجا تۆ سەیرکە ـ لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی سەندیکای موڵکدارانیش سەردانیکردم.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئێ؟ ئەو چی دەویست؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەویش بۆ پشتگیریکردنم. ئەوان هەموویان دەخوازن پشتگیریم بکەن، لە حاڵەتێکدا ئەگەر کارەکە دژوار بوو. کاترینا ـ دەزانیت، چ شتێکم لە پشتە؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

لە پشت؟ نەخێر؛ چ شتێکت لە پشتە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

زۆرینەی تۆکمە و پتەو.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڕاست ، ئینجا ئەوە باشە بۆ تۆ، تۆماس؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بە ڕای من، ئەوە شتێکی باشە!( دەستەکانی لەیەک دەخشێنێ و دێ و دەچێ) بەڵێ، خوای گەورە، چەند خۆشە ئەوها لە یەکێتییەکی برایانەدا لەگەڵ هاونیشتمانیەکانتدا پێکەوە وەستابن!

**پێترا**

ئینجا بۆ ئەنجامدانی کارێکی هێجگار چاک و بەسوودیش، باوکە!

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کارە بۆ شارەکەی خۆشت بێت، ها!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

زەنگی دەرگا بوو.

**دکتۆر ستۆکمان**

بێگومان ئەوە. - - ( لەدەرگادەدرێ) فەرموو!

**قایمقام ستۆکمان** لەدەرگای پیش هۆڵەکەوە دێت

بەیانیتان باش.

**دکتۆر ستۆکمان**

پێتەر، بەخێر بێیت!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ڕۆژباش، شووبرا. چۆنی؟

**قایمقام**

سوپاس؛ باشە ـ باشە.( ڕوودەکاتە دکتۆر) دوێنێ دوای دەوام، لەسەر مەسەلەی ئاوی حەمامە گشتییەکە، توێژینەوەیەکی زانستیانەم لە تۆوە پێگەیشت.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئەی خوێنتەوە؟

**قایمقام**

بەڵێ، خوێندمەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی تۆ لەبارەی ئەوە مەسەلەیەوە چی دەڵێی؟

**قایمقام** بەلاچاو سەیرکردنەوە

هــم -

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

پێترا، وەرە.

هاوسەر خانمی ستۆکمان و پێترا دەچنە ژوورەکەی دەستی چەپ

**قایمقام** دوای وەستانێک

پێویستی بەوە دەکرد لەپشت سەری منەوە ئەو هەموو پشکنینانە ئەنجامبدەی؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، هیچ بەڵگەیەکی ڕەهام بەدەستەوە نەبوو، ناچار بووم ـ

**قایمقام**

ئینجا کەوابێ، بە ڕای تۆ، تۆ ئێستا ئەو بەڵگەیەت هەیە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، تۆ خۆت باش قەناعەتت بەو بەڵگەیە هێناوە.

**قایمقام**

تۆ مەبەستت ئەوەیە، کە ئەو بەڵگەنامەیە وەکو بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی بخەیتە بەردەمی دەستەی کارگێڕی حەمامەکە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ. خۆ دەبێ شتێک لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا بکرێت؛ ئینجا زۆر بەپەلەش.

**قایمقام**

تۆ، هەروەکو لەسەری ڕاهاتووی، لە توێژینەوەکەشدا شێوە دەربڕینێکی زبر بەکاردەهێنیت. بۆ نموونە تۆ دەڵێیت، ئەوەی کە، ئێمە بەبەردەوامی پێشکەشی گەشتیارانی گەرماوەکەمانی دەکەین، ژەهراویکردنیانە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئا بەڵام، پێتەر، دەشێ بەشێوەیەکی جیاوازتر وەسفی ئەوە بکرێ؟ تۆ هەر بیر لەوە بکەرەوە،ـ ئاوی ژەهراوی هەم بۆ ناوەوە و هەم بۆ دەرەوی لەشی ئەو مرۆڤگەلە نەخۆشە بەسەزمانەی، کە بە دڵێکی پاکەوە پەنا بۆ ئێمە دەهێنن و، پارەیەکی زۆر دەدەن بۆئەوەی دووبارە تەندروستییان بۆ بگەڕێتەوە!

**قایمقام**

ئینجا تۆش لە ڕوونکردنەوەکەتدا دەگەیتە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئێمە پێویستە زێرابێک دروستبکەین، بۆ ئەوەی ئەو پیساییە نەسەلمێنراوەی دۆڵی مۆلە بگرێتەخۆی و، هەروەها بۆریەکانی ئاودابەشکردنیش سەرلەنوێ دابمەزرێنرێتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، هیچ ڕێگە چارەیەکی تر پێدەزانیت؟ من هیچ ڕێگەچارەیەکی تر پێنازانم.

**قایمقام**

من ئەم بەیانیە بەفەرمانێک سەرم لە ئەندازیاری دەوڵەتی دا. ئینجا ـ وەک شتێک بە نیوە سوعبەتێکەوە ـ مەسەلەی ئەو هەنگاو هەڵگرتنە پێویستانەم هێنایە پێشەوە، کە ڕەنگەبێ جارێک لە جاران لە ئایندەدا پێویستبکات ئێمە بیانخەینە ژێر هەڵسەنگاندنەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

جارێک لەجاران لە ئایندەدا!

**قایمقام**

بێگومان ـ ئەو بەو گریمانە زیاد لە پێویست وێنەنیانکراوەی من پێکەنی. ئەی تۆ ئەو زەحمەتت داوەتە بەر خۆت بیر لەوە بکەیتەوە، کە ئەو گۆڕانکارییە پێشنیارکراوانە چەندیان تێدەچێت؟ بەپێی ئەو زانیاریانەی، من پێم گەیشتتون، پارەی تێچوونیان ڕەنگە بەرەوژووربێتەوە بگاتە چەند سەدهەزار کرۆنێک.

**دکتۆر ستۆکمان**

هێندە گران دەکەوێتەوە؟

**قیمقام**

بەڵێ، ئینجا لە هەمووشی خراپتر. ئەو ئیشە ماوەیەکی پێدەچێت، کەمترین شت دوو ساڵ.

**دکتۆر ستۆکمان**

وتت، دوو ساڵ؟ دوو ساڵی تەواو؟

**قیمقام**

کەمترین شت. ئینجا باشە ئەو ماوەیە ئێمە چی لە گەرماوەکە بکەین؟ دایخەین؟ بەڵێ، ناچارین دایخەین. یان لەوانەیە تۆ لەو باوەڕەدا بیت، کاتێ دەنگۆی مەترسی ئاوەکە بۆ سەر تەندروستی بڵاو بووەوە، خەڵکێک هەبن بخوازن بێن بۆ سەردان بۆ ئێرە بۆ لامان؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئا بەڵام، پێتەر، ئەوە وایە.

**قایمقام**

ئینجا ئەمەش هەمووی لەم کاتەدا. دروست ئێستا، کە گەرماوە گشتییەکە لە برەودایە. شارەکانی دراوسێمان هەمان ئەو مەرجانەیان تێدایە کە وەک مەلەوانگە بەکاربهێنرێن. لەو باوەڕەدانیت، ئەوان دەست بەجێ بیانەوێ دەستکەن بەچالاکی کردن بۆئەوەی تەوژمی هاتنی بیگانەکان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن؟ با، هیچ گوومانی تێدا. ئینجا ئێمە لەو پێگەیەداین؛ باوای دابنێین کە پیویستە ئێمە ئەو گەرماوە گشتییە بەهادارە بەتەواوی دابخەین؛ کەوابێ تۆ هاتی شاری لەدایکبوونی خۆت نابووت کرد.

**دکتۆر ستۆکمان**

من ـ نابووتمکرد ـ!

**قایمقام**

تەنها لەڕێگەی گەرماوەکەوە، شارەکە ناوێکی بەهادار بۆ خۆی لە ئایندەدا پەیدا دەکا. بە دڵنیاییەوە تۆش وەکو من ئەوە باش دەزانیت.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی کەوابێ تۆ بیرت لە چیکردووەتەوە، بکرێ؟

**قایمقام**

من نەمتوانی لە ڕێی توێژینەوەکەی تۆ وە، قەناعەت بە خۆم بهێنم، کە ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە ئاوی گەرماوەکەوە هەیە هێندە مەترسیدار بن، وەکو تۆ باسیان دەکەیت.

**دکتۆر ستۆکمان**

خراپترێکیش دەبن، بەم زووانە، بابزانییت! بەلای کەمەوە لە هاویندا خراپترێکیش دەبن، کە گەرماکە هات.

**قایمقام**

وەکو وتم، من پێموایە، تۆ هێجگار زیادەڕۆیی دەکەیت. دکتۆری زیرەک دەبێ لەکاتی خۆیدا هەنگاوی پێویست بنێ. دەبێ لەوە تێبگات کە چۆن پێش بە کاریگەرییە زەرەرمەندەکان دەگرێ و بۆ نەهێشتنیان هاریکاری پەیدادەکات، ئەگەرهات و ئەو کاریگەریانە بە شێوەیەکی بەرچاو ویستیان خۆیان بەرکاربکەن.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ ـ؟ ئینجا چی تریش ـ؟

**قایمقام**

ئەو دەزگا جێگیربووەی دابەشکردنی ئاوی گەرماوەکە ئێستا واقیعێکە و بێگومان دەبێ هەر بەو شێوەیەش مامەڵەیبکرێت. بەڵام ڕەنگە، کە کاتی خۆی هات، دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دژی ئەوە نەبێ دوسێی مەسرەفێکی گونجاو بەگوێرەی توانا بۆ جێبەجێکردنی هەندێ چاکسازی بخاتە ژێر هەڵسەنگاندنەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئینجا تۆ لەوباوەڕەدای، من هەرگیز فروفێڵێکی ئەوها قبووڵکەم!

**قایمقام**

فڕوفێڵ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئەوە دەبێتە فڕوفێڵێک،ـ ناپاکیکردنێک، درۆیەک، تاوانێکی ڕاستەوخۆ دژ بە خەڵک و هەموو کۆمەڵگە!

**قایمقام**

من، هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا، نەمتوانی ئەو قەناعەتە بەخۆم بهێنم، کە بەم نزیکانە هیچ هەڕەشەیەکی مەترسیداری ڕاستەقینە لە ئارادا بێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

با، تۆ قەناعەتت بەو شتە هەیە! شتێکی دی جگە لە قەناعەت هێنان مەحاڵە. ئەوەی من خستوومەتە ڕوو زۆر ڕاست و دروستە، خۆم ئەوە دەزانم! تۆش زۆر باش ئەوە دەزانی، پێتەر؛ بەڵام تەنها ئەوەیە تۆ ناتەوێ ددان بەوەدا بنێیت. ئەوە تۆ بوویت، کارێکی ئەوهاتکرد، کە هەم بینای گەرماوەکە و هەم دەزگای دابەشکردنی ئاوەکەش، لەو جێگەیەی ئێستایاندا، دروست کرێن؛ ئەوەش ئەوەیە،ـ ئەم هەڵە نەعلەتییەیە، کە تۆ ناتەوێ ددانی پێدا بنێیت. حای، ـ بۆ وازانیت من نازانم تۆ مەبەستت چییە؟

**قایمقام**

ئینجا ئەوە واش بوو؟ ئەگەر پێویستکا من بە جۆرە ترسێکەوە بوێرم لە پلەو پایەیی خۆم تێپەڕێنم، دەیکەم وەک دیارییەک بۆ شارەکەم. من بەبێ هەیمەنەی ئەخلاقی ناتوانم بەڕێوەبەری و ڕابەرایەتی دوسییەکان بەو شێوەیە بەکەم، وەکو خۆم کە پێموایە لەخزمەتی باشی هەموواندایە. لەبەرئەوە و، ـ هۆکاری دی فرەجۆر،ـ بۆ من هێجگار گرنگە، کە توێژینەوەکەت نەدرێت بە دەستەی کارگێری گەرماوەکە. ئینجا لەبەر بەرژەوەندی گشتیش دەبێ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی ئەو مەسەلەیە بکرێ. دوایی من خۆم مەسەلەکە دەخەمەوە بەر باس و گفتوگۆ و ئێمەش بەبێ دەنگی ئەوەی لەدەستمان بێت دەیکەین؛ بەڵام نابێ هیچ شتێک،ـ هەتا تاکە وشەیەکیش، نابێ دەربارەی ئەم مەسەلە شوومە بکەوێتە دەست زانیاری گشتی.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئەو مەسەلەیە ئێستا ناتوانرێ پێشگیری لێبکرێت، پێتەرە ئازیزەکەم.

**قایمقام**

دەبێ و پێویستە پێشگیری لەو شتە بکرێ و نەهێلدرێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

دەڵێم، ئەوە ناکرێ؛ ئەوانەی کە بەو شتە دەزانن، زۆر زۆرن.

**قایمقام**

ئەوانەی بەو شتە دەزانن! کێن؟ ناشێ هەرگیز ئەوانە ئەو بەڕێزانەی "پەیامی خەڵک" بن، کە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

با بەڵێ؛ ئەوانیش. بێگومان ئەو میدیا بیر ئازاد و سەربەخۆیەش لە هەوڵی ئەوەدان، کە ئەرکی سەرشانی خۆیان جێ بەجێ بەکەن.

**قایمقام** دوای وەستانێکی کورت

تۆماس، تۆ پیاوێکی لەئەندازەبەدەر هەڵەشەی. ئەی تۆ بیرت لەوە نەکردووەتەوە، کە ئەمە ئاقیبەت چ دەرئەنجامێکی بۆ تۆ دەبێ ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئاقیبەت؟ ئاقیبەت بۆ من؟

**قایمقام**

بەڵێ، بۆ تۆ و ماڵ ومندالەکەشت.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی نەفرەت لە شەیتان ئەوە مانای چی؟

**قایمقام**

وابزانم، من هەموو ژیانم وەک برایەک لەبەرامبەر تۆدا، وا خۆم پیشان داوە کە حەزم بە خزمەتکردنت و یارمەتی دانتە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، وا بوویت؛ منیش سوپاست دەکەم.

**قایمقام**

پێویست ناکات. چوونکە بەشێکی لە ناچارییا دەبووایە من بیکەم ـ لەبەر خاتری خۆم. من هەمیشە کە یارمەتی دارایی تۆم داوە، هیوام ئەوە بووە، کە بتوانم تاڕادەیەک بتخەمە ژێر ڕکێفی خۆمەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

چۆن؟ کەوابێ ئەوە هەر لەبەر خاتری خۆت بووە ـ!

**قایمقام**

دەڵێم، بەشێکی. ئەوە شتێکی ناخۆشە بۆ فەرمانبەرێکی پلەدار، کە خزم و کەس وکارەکەی جار لەدوای جار خۆیان بخەنە حاڵەتی ئابڕووچوونەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئینجا تۆ پێتوایە، من ئەوە بکەم؟

**قایمقام**

بەڵێ، بەداخەوە، بەبێ ئەوەی تۆ خۆت بەوە بزانیت، وا دەکەیت. تۆ سروشتێکی نائارام و، شەڕانگیز و، یاخی گەرانەت هەیە. ئینجا ئەو ئارەزووە شوومەشت بۆ نووسین لەبارەی هەموو بابەتگەلێکی مومکین و نا مومکینەوە لە بڵاوکراوە گشتییەکاندا. هەموو جارێ کە بیرۆکەیەکت بۆ دێ، دەم و دەست،ـ یەکسەر دەتەوێ وتارێک بۆ ڕۆژنامە یان نامیلکەیەک لەبارەیەوە بنووسی.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەڵام ئەی ئەرکی هاوڵاتی ئەوە نییە کاتێک کە بیرۆکەیەکی نوێی بۆ دێ، بە خەڵکی ڕابگەیەنێت!

**قایمقام**

ئۆ، خەڵک هەرگیز پێویستی بە هیچ بیرۆکەیەکی نوێ نییە. خەڵک باشترین سود و کەڵکی لەو بیرۆکە کۆنە، باشە، دان پیانراوانەوە وەرگرتووە، کە ئێستا خاوەنێتی.

**دکتۆر ستۆکمان**

تۆ هەروا ڕاستەوخۆ ئەو قسەیەدەکەی!

**قایمقام**

بەڵێ، بەڕاستی خۆ دەبێ من بۆجارێک لەگەڵ تۆ ڕاستەوخۆ قسەبکەم. هەتا ئێستا هەوڵمداوە کە خۆم لەوە بدزمەوە، چوونکە دەزانم، تۆ چەند توندمەزاجی؛ بەڵام من پێویستە ئێستا ڕاستیت پێ بڵێم، تۆماس. تۆ هەر نایە بە عەقڵتا، کە بە زاڵنەبوونت بەسەرخۆتتدا چ زەرەرێکی زۆر بە خۆت دەگەیەنیت. تۆ گلەیی لە دەسەڵاتدارەکان دەکەیت، بەڵێ، لە خودی حکومەت،ـ تەنانەت قسەی سوکیشیان پێدەڵێیت،ـ پێداگری لەوە دەکەیت، کە پەڕاوێز خراویت و، ئازاردراویت. بەڵام دەکرێ تۆ چاوەڕێی شتێکی تر بی لەوە زیاتر،ـ تۆیەک، کە پیاوێکی زۆر دژواری.

**دکتۆر ستۆکمان**

چی،ـ من دژوارم؟

**قایمقام**

بەڵێ، تۆماس، تۆ پیاوێکی تابڵێی دژواری بۆ ئیش لەگەڵدا کردن. من هەستم بەوەکردووە. گوێ بە هیچ شتێک نادەیت؛ تۆ تەواو ئەوەت لە بیر چووتەوە، کە بۆ وەرگرتنی پۆستەکەت وەک دکتۆری گەرماوەکە دەبێ سوپاسی من بکەیت ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بێ چەندوچۆن ئەو ئیشە هەر ئیشی خۆم بوو! هەر هی من بەتەنیا و کەسی ترنا! من یەکەم کەس بووم، کە زانیم، دەکرێ شارەکە بکرێ، بە شوێنێکی گەشاوە بەهۆی دامەزراندنی گەرماوێکەوە بۆ چارەسەرکردن؛ من تاکە کەس بووم، کە یەکەمجار بەوەم زانی. هەرخۆم تاکە کەس بووم کە بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر لەگەڵ ئەو بیرەدا هەوڵمدەدا و، بەردەوام خەریکی نووسین بووم.

**قایمقام**

نکوڵیناکرێ. بەڵام ئەوە هێشتا کاتی خۆی نەهاتبوو ئەوسا؛ ئێ، تۆش لەو سەرەوە لەو چۆڵەوانییەیی خۆتتدا نەت دەتوانی حکوم بدەیت. بەڵام کە ساتەوەختی گونجاوی خۆی هات، ئەوسا من ـ و ئەوانی دی ـ مەسەلەکەمان گرتە دەستی خۆمان.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئینجا ئێوە هەموو ئەو پلانە باشەی منتان دابەسەریەکدا. ئەی چۆن، ئێستا بەباشی دەردەکەوێ، کە ئێوە پیاوانێکی چەند ئاقڵ بوون!

**قایمقام**

وادیارە دوای ئەوەی کە من ڕای خۆم لەوبارەیەوەدا، تۆ دیسان بۆ دەرکردنی ئارەزووی جەنگ و ناکۆکیت پێویستت بە کردنەوەی دەلاقەیەک هەیە. دەخوازی ژیان لەبەرلێپرسراوەکانت ببڕی؛ـ ئەوە پیشەی کۆنتە. تۆ تەحەمولی هیچ دەسەڵاتێک لەسەروی خۆتەوە ناکەیت؛ تۆ بە چاوی گومانەوە سەیری، هەموو خاوەن وەزیفەیەکی پلەداری دەست ڕۆیشتوو دەکەیت؛ ئەو کەسە وەکو دوژمنی شەخسی خۆت تەماشادەکەیت،ـ ئیتر یەکسەر هەموو چەکێک بۆ پەلاماردان لەلای تۆ، وەک یەک بەکەڵکن. بەڵام ئەوا ئێستا من تۆم لەوە ئاگادارکردەوە، کە ئەو بەرژەوەندیانەی لەشارەکەدا دەکەونە بەر مەترسی لەدەستدان کامانەن،ـ بێگومان منیش دەگریتەوە. لەبەرئەوە ئەوا پێت دەڵێم، تۆماس، من لە ئاست ئەو داخوازیەدا دڵڕەقانە بێ ڕەحمم و، بەنیازشم دژت بووەستمەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە چ داخوازییەکە کە تۆ لە ئاستیا دڵڕەقانە بێ ڕەحمی؟

**قایمقام**

ئەوەی کە تۆ دەم بەهاوارانە باسی ئەو دامەزراوە هەستیارەت لەلای خەڵکی نەخوازراو کردووە، ئەگەرچی ئەو شتە دەبوایە وەکو نهێنیەک هەر لە نێوان دەستەی بەڕیوەبەرایەتیدا بمایاتەوە، بیگومان تازە ناتوانرێ ئەو مەسەلەیە بشاردرێتەوە. هەموو جۆرە دەنگۆیەک بەملاولادا بڵاودەبێتەوە، ئینجا ئەوەش وا لە پیاوخراپانی ناومان دەکات ئەو دەنگۆیانە گەورەبکەن و شتی هەمەجۆری زیاتری پێوە نێن. لەبەر ئەوە پێویستە ، کە تۆ بە شێوەیەکی ڕەسمی بەرپەچی ئەو جۆرە دەنگۆیانە بدەیتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

من! چۆن چۆنی؟ لێت تێناگەم.

**قایمقام**

دەکرێ چاوەڕێی ئەوە بکرێ، کە تۆ لە ڕێی پشکنینێکی تازەوە بگەیت بەو دەرئەنجامەی، کە مەسەلەکە بەهیچ شێوەیەک ئەمەندە مەترسیدار یان مایەیی نیگەرانی نییە، بەو شێوەیەیی کە تۆ یەکمجار وێنەنیانتکردبوو.

**دکتۆر ستۆکمام**

ئاوهــا، ـ کەوابێ تۆ چاوەڕێی ئەوەیت!

**قایمقام**

سەرباری ئەوەش خەڵک چاوەڕێی ئەوەن، تۆ نزیک بیتەوە و بەشێوەیەکی ڕەسمی قسە لەسەر متمانەکردن بە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بکەیت، کە چەند بە ووردی و بەویژدانەوە ئەوان، بۆ ئەگەری هاتنە پێشەوەی ڕووداوە نەرێنیەکان، لە هەوڵی ئامادەکردن و بەدەستهێنانی یارمەتیە زەروریەکاندان.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ بەڵام پیتەر، تا ئێوە لەسەر گزی و ساختەکاری بەردەوام بن، هەرگیز بەهیچ شێوەیەک ناخوازن ئەو کارە بکەن. ئەوا من ئەوەم پێوتی ، ئەوەش قەناعەتی تەواو و جێگیری منە ـ!

**قایمقام**

وەک فەرمانبەر بۆت نییە نزیک هیچ قەناعەتێکی جیاواز بیتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** بەسەرسوڕمانەوە

بۆم نییە ــ؟

**قایمقام**

دەڵێم، وەکو فەرمانبەر. ئەگینا وەکو کەسێکی تایبەت و نا ڕەسمی، ـ نەعوزوبیلا، ئەوە مەسەلەیەکی ترە. بەڵام وەک فەرمانبەرێکی ژێردەست و مووچەخۆر لە گەرماوەکە، تۆ بۆت نییە هیچ قەناعەتێ دەربڕیت، کە دژ بە سەرکارەکانت بوەستێتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەمە لە سنوری خۆی چووە دەرەوە! کە من، وەک دکتۆر، وەک پیاوایکی زانا، بۆم نەبێ کە ـ!

**قایمقام**

ئەو دۆسێیەیی، کە ئێمە لێرەدا لەبارەیەوە دەدوێین، شتێکی تەواو زانستی نییە ئەوە دۆسێیەکی تێکەڵاوە؛ هەم تەکنیکیە و هەمیش ئابووریە.

**دکتۆر ستۆکمان**

واز لەوە بهێنە بۆ من، چۆنە و چۆن نییە! من ئازادیم دەوێ تا لەبارەی هەموو مەسەلە مومکینەکانی تەواوی دنیاوە قسەبکەم!

**قایمقام**

فەرموو. بەڵام بەس لەبارەی گەرماوەکەوە نا ـ ئەوەت لێ قەدەغەدەکەین.

**دکتۆر ستۆکمان** دەقیژێنێ

ئێوە لێم قەدەغەدەکەن ـ! ئێوە! شتی وەکو ئێوە ـ!

**قایمقام**

من ئەوەت لێ قەدەغەدەکەم، ـ من، باڵاترین بەرپرسیاری تۆم؛ کاتێکیش من شتێکت لێ قەدەغەدەکەم، ئەوا تۆ دەبێ گوێڕایەڵ بی.

**دکتۆر ستۆکمان** خۆی دەگرێ

پێتەر،ـ بەڕاستی تۆ برای من نەبوویت ـ

**پێترا** بەتووندی دەرگاکە دەکاتەوە

باوکە، نابێ تۆ تەحەمولی ئەمە بکەیت!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** بەدوایدا

پێترا، پێترا!

**قایمقام**

ئەها، گوێیان لێگرتبووین.

**هاوسەرخانی ستۆکمان**

دەنگ زۆر دێتە ژوورەوە بۆ ئەوێ؛ نەماندەتوانی لەوە قوتاربین کە ـ

**پێترا**

بەڵێ، من وەستابووم و گوێم لێدەگرتن.

**قایمقام**

ئێ، ئەوە خۆشحاڵم دەکات ـ

**دکتۆر ستۆکمان** نزیکتر دەبێتەوە

تۆ لەبارەی لێ قەدەغەکردن و گوێڕایەڵ بوونەوە قسەت بۆدەکردم ـ؟

**قایمقام**

تۆ زۆرت بۆهێنام کە بەو تۆنە قسەبکەم.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئینجا (وتیشت) دەبێ من لە ڕاگەیاندنێکی گشتیدا، دژ بە خۆم قسەبکەم؟

**قایمقام**

ئێمە پێمانوایە زەروورییە، کە تۆ ئەو ڕوونکردنەوە ناچارییە بەڕەسمی ڕاگەیەنیت، بەو شێوەیەیی، کە من دەمەوێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی ئەگەر من ـ گوێڕایەڵی نەکەم؟

**قایمقام**

ئەوسا ئێمە خۆمان بۆ ئارامکردنەوەی جەماوەر ڕاگەیاندنێک دەردەکەین.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ، باشە؛ بەڵام ئەوسا منیش لە دژتان دەنووسم. خەریکی کاری خۆمدەبم؛ دەخوازم بیسەلمێنم، کە من لەسەر هەقم و ئێوە ناهەقن. ئەی ئەوکاتە ئێوە چی دەکەن؟

**قایمقام**

ئەوسا منیش ڕێگریناکەم لەوەی، کە تۆ لەکار دووربخرێیتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

چی -!

**پێترا**

باوکە،ـ لەکار دوورخستنەوە!

**هاوسەرخانی ستۆکمان**

لە کار دوورخستنەوە!

**قایمقام**

لەکار دوورخستنەوەت وەک دکتۆری گەرماوەکە. ئەوسا دەخوازم هۆکارێک بدۆزمەوە بۆئەوەی یەکسەر بە ڕەسمی داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنی دامەزراندنەکەشت بکەم، لە هەموو ئەوەشی کە پەیوەندی بە گەرماوەکەوە هەیە، دوورتخەمەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئینجا ئیوە جورئەت دەکەن شتی وا بکەن!

**قایمقام**

ئەوە لێرەدا تۆ خۆتی، کە ئەو کایە جەربەزانەیە گەمە دەکەیت.

**پێترا**

مامە، ئەوە ڕەفتارێکی بێ ئابڕوانەیە بەرامبەر بە پیاوێکی وەکو باوکم!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

پێترا، دەتوانی تۆ بێدەنگ بی!

**قایمقام** تەماشای پێترا دەکات

ئەها، هەر لە ئێستاوە خەڵک بە وشە گوزارش لە دەربڕینی ڕای گشتی دەدەن. بەڵی بێگومان. (ڕوودەکاتە خانمی ستۆکمان) براژن، ڕەنگە ئیوە ئارامترین کەسی ئەمماڵە بن. کارێگەری ئەو ئارامییە، پێویستە بۆسەر پیاوەکەتان بەکاربهێنن؛ وای لێبکەن کە درک بەوە بکات، کە ئەمە چی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ هەم بۆ سەر خێزانەکەی ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

لە خۆم زیاتر کەسی تر هەقی بەسەر خێزانی منەوە نیە!

**قایمقام**

ـ دەڵێم، هەم بۆ خێزانەکەی و، هەمیش بۆ ئەو شارەی، کە تێیدا دەژی.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە منم، کە بەڕاستی خۆشگوزەرانی شارەکەم دەوێ! من دەمەوێت ئەو کەموکوڕیانە بخەمەڕوو، کە درەنگ یان زوو هەر دەبێ بکەونە بەر ڕووناکی ڕۆژگار. ئۆو، بێگومان هەر دەردەکەوێ، کە من زێدی خۆم خۆشدەوێ.

**قایمقام**

تۆ، کە بە کەللە ڕەقیەکی کوێرانەوە دەچی گرینگترین سەرچاوەی ژیار و بژێوی شارەکە دەبڕیت.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەو سەرچاوەیە ژەهراوی بووە، ئاخر بەشەر! تۆ شێتی! ئێمە لێرە لەسەر قازانجێکی بێ ڕەوشتانەی گەندەڵکارانە دەژین! بژێوی تەواوی ژیان و گەشانەوەی کۆمەڵگەکەمان لەسەر بنەمای درۆیەکە!

**قایمقام**

ئەوەی تۆ دەیڵێیت خەیاڵاتە ـ یان لەوەش خراپتر. ئەو پیاوەی، هێندە پێداگرانە ناڕاستەوخۆ دژ بە نیشتمانی خۆی قسە فڕێدەدات، دەبێ دوژمنی کۆمەڵگەکەی خۆی بێت.

**دکتۆر ستۆکمان** بۆی دەچێ

تۆ چۆن جەسارەت دەکەیت ـ!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** خۆی فڕێدەداتە نێوانیانەوە

تۆماس!

**پێترا** قۆڵی باوکی دەگرێ

باوکە، لەسەرخۆ!

**قایمقام**

من نامەوێ خۆم بخەمە بارودۆخێکەوە توندو تیژی لێبکەوێتەوە. ئەوە تۆ ئێستا لەوە ئاگادارکرایتەوە. بیری لێبکەرەوە، تۆ چ ئەرکێکت لەبەرامبەر خۆت و ماڵ و منداڵەکەتتدا لەسەر شانە. خوات لەگەڵ.

دەڕوات.

**دکتۆر ستۆکمان** بەژوورەکەدا سەرو خواردەکات

ئینجا وەرە من دەبێ لە ماڵەکەی خۆمدا تەحەمولی مامەڵە لەگەڵداکردنێکی ئەوها بکەم، کاترینا! تۆ ڕات چییە لەو بارەیەوە!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ تۆماس، بێگومان ئەوە نەنگ و شورەییە ـ

**پێترا**

بەڕاستی هاتبوومە سەر ئەوەی لە مام بدەم ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە خەتای خۆمە؛ دەبوایە من زۆر زووتر بچوومایە بە گژیاندا.ـ کەڵبەکانم پیشاندابانایە.ـ بەرگریم لە خۆم بکردایە!ـ ئینجا پێشم دەڵێ دوژمنی گۆمەڵگە! بە من! منیش هیچ ناڵێم، دەک گیان و بەختم، سەرگەردان بن.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵام، تۆماس ـ ە میهرە بانەکەم، ئێستا ڕوون و ئاشکرایە براکەت خاوەن دەسەڵاتە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەڵام من لەسەر هەقم، دەزانی!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئاخر بەڵێ، هەق، هەق؛ بە کەڵکی چی دێ، تۆ لەسەر هەقبی یان نا، ئەگەر تۆ هیچ دەسەڵاتێکت نەبێ؟

**پێترا**

نـــا دایکە، ـ چۆن وا دەڵێیت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

کەوابێ لە کۆمەڵگەیەکی ئازادا هەق بەلاوە بوون هیچ کەڵکی نیە؟ تۆ هەزەلیت، کاترینا. ئینجا سەرباری ئەوەش، ـ ئەی من ئەو میدیا بیر ئازادە سەربەخۆیەم لەبەردەمدا نییە، ـ ئەی من ئەو زۆرینە بەهێز و پتەوەم لە پشت نییە؟ ئێ بێگومان ئەوە بە ڕای من بە ئەندازەی خۆی، دەسەڵاتێکی باشە!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵام بۆ خاتری خوا، تۆماس، خۆناشێ تۆ هەرگیز بیر لەوە بکەیتەوە کە ـ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە چییە کە ناشێ بیری لێبکەمەوە؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ـ مەبەستم ئەوەیە، کە ناشێ بەرەنگاری براکەت بیتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی گوایە تۆ دەتەوێ، من چی بکەم، ئەگەر نەتوانم سەرقاڵی هەق و ڕاستی، بم؟

**پێترا**

بەڵێ، بە هەقئقەت منیش هەر ئەو پرسیارە دەکەم؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵام ئەوە بە هیچ شیوەیەک بەکەڵکت نایە؛ ئەگەر ئەوان نەخوازن، ئەوا ئیتر ناخوازن.

**دکتۆر ستۆکمان**

هۆهۆ، کاترینا،هەر وەختم بدەرێ، ئەوا دەیبینی، بێگومان من ئەم جەنگە هەڵدەگیرسینم.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ، ڕەنگە تۆ ئەو جەنگە هەڵبگیرسێنی، وەلێ کارەکەت لە دەست دەدەیت،ـ ئەوەش وایە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوسا لەهەموو حاڵەتێکدا ئەوا ئیتر من ئەرکی سەرشانی خۆم لەبەرامبەر خەڵک،ـ لەبەرامبەر کۆمەڵگەدا بەجێهێناوە. من، کە پێم دەڵێن دوژمنی کۆمەڵگە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵام ئەی لەبەرامبەر خێزانەکەتدا چی ، تۆماس؟ لەبەرامبەر ئێمە لێرە لەم ماڵەدا؟ پێتوایە، کە لەبەرامبەر ئەوانەیشدا، تۆ ئەرکی سەرشانتە و، دەبێ بەخێویان بکەیت؟

**پێترا**

دایکە، ئیتر بەردەوام هەر بیر لە ئێمە مەکەرەوە پێش هەموو شتێ.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ، قسەکردن بۆ تۆ ئاسانە؛ تۆ لەکاتی تەنگانەدا دەتوانی لەسەر پێی خۆت بووەستی. ـ بەڵام بیر لە کوڕەکان بکەرەوە، تۆماس؛ ئینجا کەمێکیش بیر لە خودی خۆت و هەروەها منیش بکەرەوە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام من پێموایە تۆ تەواو شێتی، کاترینا! چوونکە ئەگەر من بەبێ غیرەتییەکی خەمبارانەوە کەوتم بەسەر دەست و پێی ئەم پێتەرە و جەماعەتە خوا غەزەب لێگرتووەکەیدا، ـ پێتوایە من هەرگیز ببمەوە بە خاوەنی ساتێکی خۆشبەختانەی زیاتر لە ژیانمدا؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ من ئەوە نازانم؛ بەڵام ئەگەر تۆ لەسەر سەرپێچیکردنی خۆت بمێنیتەوە، ئەوا مەگەر هەر خوای گەورە بمانپارێزێت، لەو چارەنووسەی هەموومان دووچاری دەبین. ئەوسا تۆش دیسان بەبێ قوتی ژیان، بەبێ موچەی مانگانە دەمێنیتەوە. وابزانم، وەختی خۆی کۆن ئێمە بەشی خۆمان لەو نەهامەتییە بەرکەوت؛ هەرئەوە بەبیری خۆت بهێنەرەوە، تۆماس؛ بیر لەوەبکەرەوە ئەوسا بزانە چ مانایەکی هەیە.

**دکتۆر ستۆکمان** بە تووڕەییەوە ئاوڕدەداتەوە و دەستەکانی پیکەوە گریدەدات

ئینجا ئەگەر ئەم کۆیلانەی فەرمانگەکان بتوانن بەڵایەکی ئەوها بەسەر پیاوێکی ئازادی ڕاستگۆدا بهێنن! ئەی ئەوە شتێکی مەترسیدار نییە، کاترینا؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

با، ئەو مامەڵەیە لەبەرامبەر تۆدا مامەڵەیەکی خەتابارانەیە، بەدڵنیاییەوە وایە. بەڵام، خوای گەورە، ناهەقی هێندە زۆرە، دەبێ لەم دنیایەدا مرۆڤ خۆی لە ژێریاندا بچەمەێنیتەوە. ـ تۆماس، ئەوە کورەکانن! سەیریانکە! دەبێ ئەوان چیان بەسەر بێ؟ ئۆ نەخێر، نەخێر، تۆ هەرگیز دڵت نایە ـ

ئەیلیف و مۆرتن، بە کتێبەکانی قوتابخانەوە، لەو ماوەیەدا هاتوونەتە ژوورەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

کوڕەکان ـ**!** (یەکسەر توند و تۆڵ ڕادەوستێ) نەخێر، ئەگەر هەموو دنیا لەناو چووبێ، من لەژێر باری نیری سەرملم ناچەمێمەوە.

بەرەو ژوورەکەی خۆی دەڕوا

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** بەدوایدا

تۆماس،ـ دەتەوێت چی بکەیت**!**

**دکتۆر ستۆکمان** لەلای دەرگاکەوە

من ئەو مافە دەخوازم کە بتوانم جارێک تەماشای چاوی کوڕەکانم بکەم، کە گەورە دەبن و دەبنە پیاوێکی ئازاد.

دەڕواتە ژوورەوە

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** دەداتە پڕمەی گریان

ئۆف خوای گەورە یارمەتی هەمووومان بدا و دڵنەوایمان باتەوە**!**

**پێترا**

باشە؛ باوکم، مل نادات**!**.

کوڕەکان بەسەرسوڕمانەوە دەپرسن، چی ڕوویداوە ؛ پێترا ئیشارەتیان بۆ دەکات کە بێدەنگ بن.

## دیمەنی سێیەم

نووسینگەی سەرنووسەری " پەیامی خەڵک". لە دواوە بەلای چەپدا دەرگای هاتنە ژوورەوە؛ لای ڕاستی هەمان دیوار دەرگایەکی جامخانەیی تری تێدایە، کە لێیەوە ناو چاپخانەکە دەبینرێ. دیواری دەستە ڕاست دەرگایەکی تێدایە. لە ناوەڕاستی نووسینگەکەدا مێزێکی گەورە دەبینرێ، کە بە کاغەز و، ڕۆژنامە و، کتێب داپۆشراوە. بەشی پێشەوەی لای چەپ پەنجەرەیەکە و لەبەردەم پەنجەرەکەدا مێزێک بۆ لەسەر نووسین و کورسییەکی پشت بەرزی دانراوە . دوو کورسی قۆڵداریش لەتەنیشت مێزەکەوەن، بەدرێژای دیوارەکەش هەندێ کورسی تر دانراون. ژوورەکە نیوە تاریک و ناخۆشە، کەل و پەلەکانی ناوی کۆنن،

کورسییە قۆڵدارەکان شڕ و پڕن. لەناو چاپخانەکەدا دوو کرێکار دەبینرێ کە خەریکی کارکردنن؛ کەمێک لەولاتروە دەزگایەکی دەستی گوشاری چاپی تیپۆگرافی (پیت چن) لە کاردایە.

سەرنووسەر هوڤستاد لە پشت مێزی نووسینەکەوە دانیشیووە و دە نووسێ. پاش کەمێک بیلینگ ڕەشنووسەکەی دکتۆری بەدەستەوەیە و لەلای ڕاستەوە و دێتە ژوورەوە.

**بیلینگ**

ئێ، دەبێ بڵێم -

**هوڤستاد** بەدەم نووسینەوە

هەموویتان خوێندەوە؟

**بیلینگ** ڕەشنووسەکە دەخاتە سەر مێزەکە

بەڵێ، بێگومان هەموویم خوێندەوە.

**هوڤستاد**

پێتان وانیە دکتۆر لە خۆدەربڕیندا ڕەق و تیژ بێ؟

**بیلینگ**

هەر ڕەق و تیژ؟ خوا بمکوژێ، قسەکانی تێکشکێنەرن. یەک بەیەکی وشەکانی قورسایی تەواوی خۆیان هەیە، دەتوانم - بڵێم - کاریگەری قسەکانی وەک زرمەی تەوری وەشێندراوە.

**هوڤستاد**

بەڵێ، بەڵام ئەو خەڵکانە بەزرمەی یەکەم وەشاندنی تەور لێیان ناکەون.

**بیلینگ**

ڕاستە؛ بەڵام ئێمەش - یەک لەسەر یەک، بەردەوام دەبین لەسەر تەور وەشاندن، هەتا تەواوی دەسەڵاتی پیاوە گەورەکان پێکەوە هەرەس دەهێنن. کە لەوێ لە ژوورە دانیشتبووم و ئەمەم دەخوێندەوە، وەک ئەوەی لە دوورەوە چاووم لە سەرهەڵدانی شۆرشێک بێت وابوو.

**هوڤستاد** ئاوڕدەداتەوە

ووس؛ وا مەڵێ با ئەسلاکسن گوێیی لێ نەبێ.

**بیلینگ** دەنگ نزم دەکاتەوە

ئەسلاکسن بێ غیرەتە، ترسنۆکە؛ جوورئەت و ئازەیەتی پیاوانەی تێدا نییە. بەڵام ئەوان ئەمجارە ئیتر ویست و ئیرادەی خۆیان بەئەنجام دەگەیەنن؟ وانییە؟ نامەکەی دکتۆر بڵاودەکرێتەوە؟

**هوڤستاد**

بەڵێ، ئەگەر قایمقام لەو فشارو زۆر بۆ هێنانەدا خۆی بەدەستەوە نەدات، ئەوا ئیتر ـ

**بیلینگ**

شەیتان بەنەفرەت بێت ئەوسا ئەوە زۆر شتێکی ناخۆش دەبێت.

**هوڤستاد**

ئێ، خۆشبەختانە ئێمە هەرچییەک ڕوو‌بدات، دەتوانین کەڵکی لێ وەرگرین. قایمقام پێشنیارەکەی دکتۆر پەسەند نەکات، ئەوا هەموو چینی ناوەند بەرەو ڕووی دەوەستنەوە، ـ تەواوی سەندیکای موڵکداران و ئەوانی تریش. پەسەندیشی بکات، ئەوا لەگەڵ ڕەوەیەک لە پشکدارانی گەورەی گەرماوەکەدا، کە تا ئێستا باشترین پشتیوان و هاوکاری بوون دەکەویتە ناکۆکییەوە ـ

**بیلینگ**

بەڵێ، ئەی چۆن؛ لەبەرئەوەی ئەوسا ئەوان بە دڵنیاییەوە دەبێ پارەیەکی زۆر زۆر زیاتر بدەن ـ

**هوڤستاد**

بەڵێ، دەتوانن لەوە دڵنیابن. ئەوسا ئیتر بازنەکە هەڵدەوەشێتەوە، تێگەیشتن، ئینجا ئێمەش لە ڕۆژنامەکەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆ خەڵکی ڕووندەکەینەوە، کە قایمقام لە هەموو شتێکدا ناکارامەو بێ ئەزموونە، بۆیە دەبێ هەموو وەزیفە متمانەپێکراوەکانی شار، تەواوی ئەنجومەنی شارەوانی، بکەوێتە دەستی کەسانی لیبراڵ و (بیرئازادی) ەوە.

**بیلینگ**

ئەوە، خوا لەناوم بەرێ، ئەمەنەدە ڕاستە نەبێتەوە! من لێم ڕوونە،ـ لێم ڕوونە؛ ئێمە لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشەوە نزیکین!

لەدەرگادەدەرێ

**هوڤستاد**

ووس!(هاواردەکات) وەرە ژوورەوە!

دکتۆر ستۆکمان لە دەرگاکەی دواوەی دەستی چەپەوە دێتە ژوورەوە.

**هوڤستاد** بەرەو ڕووی دەچێت

ئۆ، ئەوە دکتۆر خۆیەتی. ئێ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

جەنابی هوڤستاد، فەرموو چاپیکە!

**هوڤستاد**

کەوابێ مەسلەکە ئەوها کەوتەوە؟

**بیلینگ**

هوورا!

**دکتۆر ستۆکمان**

دەڵێم، چاپیکە. بەدڵنیاییەوە وای لێ هات. بەڵام ئێستا ئەوان وەک ئەوەی خۆیان دەخوازن، ئەوها ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ. ئێستا دەبێتە جەنگ لێرە لە شاردا، جەنابی بیلینگ!

**بیلینگ**

هیوادارم ببێتە، جەنگێکی بێ ڕەحمانە و خوێناوی! کە چەقۆی تێدا بخرێتە سەر گەردن، جەنابی دکتۆر!

**دکتۆر ستۆکمان**

لێکۆڵینەوە زانستییەکە هەر سەرەتایە. من لەئیستاوە مێشکم پڕە لە ڕەشنووسی چوار ـ پێنج گوتاری دی. ئەوە ئەسلاکسن لە کوێیە؟

**بیلینگ** بەرەو نێو چاپخانەکە هاوار دەکات

ئەسلاکسن، کەمێک تا ئێرە وەرە!

**هوڤستاد**

گوتان، چوار ـ پێنج گوتاری دی؟ دەربارەی هەمان مەسەلە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر، بەڕێزم ـ دوور لەو مەسەلەیە. نەخێر، تەواو دەربارەی شتی تر. بەڵام هەموویان هەر پەیوەندییان بە دەزگای ئاو و ئاوەڕۆوە هەیە. یەک یەکی دی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ، تێگەیشتن. وەک چۆن یەکێک دەستبکات بە ڕووخانی بینایەکی کۆن، ـ دروست بەو شێوەیە.

**بیلینگ**

ئەوە، خوا عەلیمە، ڕاستە؛ یەکێک کە دەستی دایە ئەو شتە پێیوایە هەرگیز تەواوی ناکات، هەتا هەمووی دانەڕمێنێ.

**ئەسلاکسن** لە چاپخەنەکەوە

داڕماندن! هەڵبەتە دکتۆر بیری لەوە نەکردووەتەوە کە بینای گەرماوەکە داڕمێنێ؟

**هوڤستاد**

بەهیچ شێوەیەک؛ مەترسە.

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر، ئەوە تەواو شتی تر دەگرێتەوە. ئێ، ئێوە ڕاتان چییە لەبارەی لێکۆڵینەوە زانستییەکەی منەوە، جەنابی هوڤستاد؟

**هوڤستاد**

پێموایە شاکارێکی تەواوە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، وانییە توخوا ـ؟ ئێ، ئەوە خۆشحاڵم دەکات، خۆشحاڵم دەکات.

**هوڤستاد**

هێندە ئاسان و هێندەش ڕوونە؛ کە بە هیچ شێوەیەک پێویست ناکات خەڵک پسپۆڕبن بۆئەوەی لێی تێبگەن. دەتوانم بڵێم، یەکە بەیەکەی پیاوە ڕۆشنبیرەکان دەبنە لایەنگری ئێوە.

**ئەسلاکسن**

ئینجا هەموو خەڵکە لەسەرخۆکەش؟

**بیلینگ**

خەڵکە ئارام و نائارەمەکە هەردووکیان، ـ بەڵێ، بەڕای من تاڕادەیەک هەموو شارەکە.

**ئەسلاکسن**

ئێ، کەوابێ ئێمە جوورئەتی ئەوەدەکەین چاپی بکەین.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ منیش هەمان ڕام هەیە!

**هوڤستاد**

بەیانی زوو بڵاودەکرێتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ سوێند بەخوا، نابێ تاقە ڕۆژێک لەکیس بدرێ. گوێبگرە، جەنابی ئەسلاکسن، ئەوەی من دەمویست داواتان لێبکەم ئەمە بوو: کە ئێوە دەبێ خۆتان بەشەخسی ئاگاداری ڕەشنووسەکە بن.

**ئەسلاکسن**

بێگومان.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئاگاداری بە، وەکوو زێڕ. بێ هەڵەی چاپ؛ یەک بەیەکی وشەکان گرنگن. پاشان دووبارە سەر دەدەمەوە؛ ڕەنگە کەمێک لە هەڵەی پاک بکەمەوە. ـ بەڵێ، ناتوانم پێتان بڵێم، کە من چەند تینوی ئەوەم ئەم بابەتە چاپ بکرێ و، ـ لەدەرەوە چەخماخە بدات ـ

**بیلینگ**

چەخماخە بدات، ـ ئـا، وەک هەورە تریشقە!

**دکتۆر ستۆکمان**

ـ ببێتە بابەتێک و بکەوێتە بەر حوکمی هەموو هاولاتییەکی شارەزا و کارامە. ئۆو، هەرگیز نایەتە بەر زەین و خەیاڵتان، کە من ئەمڕۆ دووچاری چ شتێک بووم. خەڵکێک بەمە و بەوە هەڕەشەیان لێدەکردم؛ کەسێک دەیویست ئەو مافانەم لێ زەوتکات، کە وەک خۆر ئاشکرا و دیارن، مافە مرۆییەکانم ـ

**بیلینگ**

چی! مافەمرۆییەکانتان!

**دکتۆر ستۆکمان**

ـ کەسێک دەیویست سوکایەتم پێبکات و، بمکا بە کەسێکی زەلیل و داماو، داوای ئەوەی لێم دەکرد، کە من بەرژەوەندی شەخسی خۆم بخەمە پێش پیرۆزترین بڕوا وباوەڕی، ناخ و دەروونم.

**بیلینگ**

ئەوە، خوا بمکوژێ یاخوا، شتێکی هیجگار قوورسە.

**هوڤستاد**

بەڵێ ئاخر، مرۆڤ دەبێ لەو لایەنەوە چاوەڕێی هەموو شتێک بێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام لەگەڵ مندا ئەوان کورتی دەهێنن؛ من ئەم قسەیەیان لەسەر کاغەزی سپی بۆ ئیمزادەکەم. ئێستە دەمەوێ وەکوو بڵێی لە پەنـا (پەیامی خەڵک) دا، هەموو ڕۆژێک سەنگەریان لێبگرم و بە فیشەک داینگرمەوە، یەک لەسەر یەک و ئەو ناوەیان لێبکەم بە ئاگر کە هەر نەتوانن سەردەربهێنن.

**ئەسلاکسن**

ئا، بەڵام گوێبگرە ـ

**بیلینگ**

هووڕڕا؛ جەنگ هەڵدەگیرسێ، جەنگ هەڵدەگیرسێ!

**دکتۆر ستۆکمان**

ـ دەیاندەم بە زەویا، تێکیان دەشکێنم، قەڵای بەرگریان بە بەرچاوی جەماوەری دادپەروەرەوە دادەڕمێنم! منیش ئاوهایان لێدەکەم.

**ئەسلاکسن**

بەڵام دواجار جەنابی دکتۆر، مەیانرەوانە ئەوکارە ئەنجامدە؛ سنوری خۆت لە تەقەکردندا بزانە ـ

**بیلینگ**

نەخێر؛ نەخێر! دینامیت پاشەکەوت مەکە!

**دکتۆر ستۆکمان** هەروەکوو خۆی بەبێ شڵەژان

چوونکە ئێستا مەسەلە هەر مەسەلەی دامەزراوەی ئاو و ئاوەرۆ نییە بەتەنها، وەک خۆتان دەبینن. نەخێر، مەسەلە هەموو کۆمەڵگاکەیە، کە پێویستە پابکرێتەوە و تەعقییمکرێ ـ

**بیلینگ**

ئەو قسەیە وەک سەرفرازکردنی قسەی دڵی خەڵک وەها بوو!

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەو پینەوپەڕۆکاریە خراپەی ـ پیرەپیاوان، لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا! پێویستە هەموویان ڕامالْدرێن، تێگەیشتن. ئەمڕۆ مەودایەکی بەرفراونی هێجگار بێ کۆتایی بۆ وچانێک خۆی بۆ ئاوەڵاکردم. هێشتا بەتەواوەتی لێم ڕوون نییە؛ ئەما بێ شک ئاشکرا دەبێ. هاوڕێیانم؛ ئەوانەی کە ئێمە دەبێ لەدەرەوە بە دوایاندا بگەڕێین، گەنجانی تەندروست ساز و ئاڵا هەڵگرن؛ پێویستە ئێمە کەسانی نوێ مان هەبێ، کەسانێ کە توانای سەرۆکایەتیان لە هەموو بەرەکانی پێشەوەدا هەبێ.

**بیلینگ**

گوێبگرە، گوێبگرە!

**دکتۆر ستۆکمان**

تەنها با ئێمە یەکبگرین، ئەوسا کار زۆر بەئاسانی دەڕوا، زۆر بە ئاسانی! گۆڕانکاری بنەڕەتی بۆیەکمجار وک کەشتیەک دەخرێتە گەڕ. بەڵێ، ئێوەش لەو باوەڕەدا نین؟

**هوڤستاد**

من بەلای خۆمەوە لەو باوەڕەدام، کە ئێمە ئێستە دیمەنەکەمان هەمووی لێوە دیارە بۆئەوەی ئەو دەستەی کارگێری شارەوانیە لە شوێنێک دابنێین، کە بەهەق شوێنی خۆیەتی و دەبێ هەر لەوێشدابێ.

**ئەسلاکسن**

هەر ئێمە بەهێمنی ولەسەرخۆیی بچینە پێشەوە، ئەوا من هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم، کە ئەمە شتێکی مەترسیدار بێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

کێ گوێ دەداتە ئەوەی ئایا ئەمە مەترسیدارە یان نا! ئەوەی، من دەیکەم، لە پێناوی ڕاستیی و لەبەر خاتری ویژدانی خۆم دەیکەم.

**هوڤستاد**

ئێوە پیاوێکن، جەنابی دکتور، کە شایەنی ئەوەن پشتگیری بکرێن.

**ئەسلاکسن**

بەڵێ، نکوڵی لەوە ناکرێ، کە دکتور هاوڕێی ڕاستەقینەی شارەکەیە؛ هاوڕێیەکی ڕاستی کۆمەڵگەیە.

**بیلینگ**

ئەسلاکسن، خوا بمکوژێ یاخوا گەر درۆبکەم، دکتور ستۆکمان، دۆستی خەڵکە!

**ئەسلاکسن**

بیرم بۆ ئەوە دەچێ، کە بەم زووانە سەندیکای موڵکداران ئەو زاراوەیە (بۆ دکتۆر) بەکاردەهێنێ.

**دکتۆر ستۆکمان** جێگە دەگۆڕێ، دەستی دەگوشێ

سوپاس، سوپاس، هاوڕێ ئازیزە، دڵسۆزەکانم؛- ئەم قسانە زۆر هێزو تینم پێ دەبەخشن کە گوێم لێیان دەبێ؛ ـ جەنابی براکەم ناوێکی زۆر جیاوازتری لە من نا. ئەما، ڕۆحم بە قازانجەوە دووبارە هەقی ئەو قسەیەیی لێ وەردەگرێتەوە! وەلێ ئێستا من بۆ تەماشای ئیبلیسێکی بەسەزمان دەبێ بەرەو ژوورهەڵکشێم ـ وەکوو ووتم، من دووبارە دەگەڕێمەوە. باش ئاگات لە ڕەشنووسەکە بێ، جەنابی ئەسلاکسن؛- وە، هیچکام لە نشانەی پرسیارەکانیش بەهیچ شێوەیەک، نەکوژێننەوە! بگرە دوو نیشانەی پرسیاری تریشیان بۆ زیادکەن! چاکە، چاکە؛ جارێ خواتان لەگەڵ؛ خواتان لەگەڵ، خواتان لەگەڵ!

بەدەم خودا حافیزی لەیەکتری کردنەوە تا بەردەرگاکە لەگەڵی دەچن و ئەو دەڕوا.

**هوڤستاد**

ستۆکمان بۆمان دەبێتە پیاوێکی دەگمەن.

**ئەسلاکسن**

بەڵێ، هەتا ئەوکاتەی تەنها خەریکی مەسەلەی ئەم گەرماوە گشتییە بێ. بەڵام لەوە بترازێ، ئیتر هیچ پەند و ئامۆژگاریەک لە یاوەریکردن و لایەنگرتینیدا نییە.

**هوڤستاد**

هـــم، ئەوە ئیتر پەیوەندی بە ـ

**بیلینگ**

ئەسلاکسن، ئێوەش ئیتر هەر زۆر ترسنۆکن.

**ئەسلاکسن**

ترس؟ بەڵێ، کە مەسەلە هاتە سەر دەست ڕۆیشتوانی خۆماڵیی، من دەترسم، جەنابی بیلینگ؛ ئەوە با پێتان بڵێم، ئەوە شتێکە من لە قوتابخانەی ئەزموونی ژیانەوە فێری بووم. ئەمما وەرە بمخەرە نێو کایە ڕامیارییە گەورە بەرێزە گشتگیرەکانی، کە لەهەمبەر خودی حکومەتدان، ئینجا ئەوسا بزانە، من دەترسم.

**بیلینگ**

نەخێر بەدڵنیاییەوە ناترسن، نەخێر؛ بەڵام ئاخر خۆبەدرۆخستنەوەکەی ئێوە، دروست ئەوەیە.

**ئەسلاکسن**

من پیاوێکی خاوەن ویژدانم، ئەوە مەسەلەکەیە. ئەگەر یەکێک پەلاماری حکومەت بدات، لە هەموو حاڵەتێکدا هیچ زەرەرێک بە کۆمەڵگە ناگەیەنێ؛ چوونکە پیاوانی حکومەت گوێ بەو شتە نادەن، تێگەیشتن؛ بگرە ئەوان چۆنیش بوون هەروا دەمێننەوە. بەڵام دەستەڵادارانی ناوخۆ، ڕەنگە لابرێن و، ڕەنگە کەسانی نەشارەزاش جیگەیان بگرنەوە، ئەوەش بۆ موڵکداران و بۆ ئەوان تریش ببێتە مایەیی زەرەرێکی ئەوتۆ چاکبوونەوەی ئەستەم بێ.

**هوڤستاد**

بەڵام ئەی پەروەردەی هاوڵاتیان لە ڕێگای خۆبەڕێوەبردن چی، ـ بیر لەوە ناکەنەوە؟

**ئەسلاکسن**

پیاوێک کە پارەیەکی زۆری خرایە بەردەست، بۆئەوەی ئاگاداری بێ، ناتوانێ بیر لە هەموو شتێک بکاتەوە، جەنابی هوڤستاد.

**هوڤستاد**

دەی یاخوا من هەرگیز هیچ پارەی زۆرم نەکەوێتە دەست!

**بیلینگ**

گوێ بگرە.ـ گوێبگرە!

**ئەسلاکسن** پێدەکەنێت

هــم. (بەپەنجە ئیشارەت بۆ مێزو کورسییەکە دەکات) پێش ئێوە لەوێ، لەسەر ئەو مێزی ـ سەرنووسەرییە ستێنسگۆردی حاکمی شارداریيەکان دانیشتبوو.

**بیلینگ** تف دەکاتەوە

تف**!** لە کەسی هەڵگەڕاوەی ئەوها.

**هوڤستاد**

من پیاوێکی ڕاڕا و ( ئۆپۆرتوونیست) نیم ـ هەرگیزیش نابم بە کەسێکی ئەوها.

**ئەسلاکسن**

سیاسەتمەدار نابێ لەدنیادا سوێند لەسەر ڕوونەدانی هیچ شتێک بخوات، جەنابی هوڤستاد. ئێوەش، جەنابی بیلینگ، پێموایە کە لەم ڕۆژانەدا دەبێ بەوپەڕی لەسەرخۆییەوە بجوڵێنەوە؛ چوونکە ئێوە داوای پۆستی سکرتێری قەزاتانکردووە.

**بیلینگ**

من ـ**!**

**هوڤستاد**

بیلینگ، وایە**!**

**بیلینگ**

ئا بەڵێ،ـ بەڵام خۆ ئێوە دەبێ ئەوە بزانن، کە ئەوە هەر بۆ میزاج تێکدانی ئەو جەنابە هێجگار بەڕێزانە بوو.

**ئەسلاکسن**

بەڵێ، ئەوە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە منەوە نییە. بەڵام کاتێک من بە ترسنۆک و کابرایەکی ناساز لە هەڵوێستمدا لەقەڵەمبدرێم، کەوابێ ئەوە ئەو شتەیە، کە من حەزدەکەم تەئکیدی لێ بکەمەوە؛ ڕابردووی ڕامیاری ئەسلاکسنی کتێب لەچاپدەر بۆ هەریەکێک و بۆ هەمووان کراوەیە. من هیچ گۆڕانکارییەکی ترم بەسەر ئەو ڕابردووەدا نەهێناوە، جگە لەوەی کە من میانڕەوترێک بووم، تێگەیشتن. دڵم تا ئێستاش لەلای خەڵکە؛ بەڵام ئەوەش ڕەتناکەمەوە، کە هەستەکانم هەندێک بەلای دەست ڕۆیشتووانیشەوەیە، ـ بەڵێ، بەلای ئەوانەی ناوخۆی خۆشمانەوە ئیتر.

دەڕواتە ژوورەوە بۆ ناو چاپخانەکە.

**بیلینگ**

هوڤستاد، ئەمە لە خۆمان دوور نەخەینەوە؟

**هوڤستاد**

کەسێکی تر دەناسن، کە لە کاغەز و هەقدەستی چاپکردندا ئێمە متمانەی پێبکەین؟

**بیلینگ**

زۆر ناخۆشە، کە ئێمە ئەو سەرمایە پێویستەمان نییە.

**هوڤستاد** لەسەر میز و کورسییەکە دادەنیشێت

بەڵێ، ئەگەر ئەوەمان هەبووایە، ئەوا ـ

**بیلینگ**

ئەی چۆنە ئەگەر ئێوە ئەو باسە لەگەڵ دکتۆر ستۆکمان ـ دا بکەن؟

**هوڤستاد** کاغەزەکان هەڵدەداتەوە

ئێ، بەکەڵکی چی دێ؟ خۆ ئەو خاوەنی هیچ نییە.

**بیلینگ**

نەخێر؛ بەڵام ئەو پیاویکی باشی بەدەستەوەیە بۆ ئەو کارە، مۆرتن شیلی پیر، ـ کە ئێوە پێی دەڵێن" سیخوڕە".

**هوڤستاد** بەدەم نووسینەوە

ئینجا ئێوە زۆر بە دڵنیاییەوە ئەوە دەزانن، کە ئەو خاوەنی شتە؟

**بیلینگ**

بەڵێ، خوا بمکوژێ یاخوا، ئەو هەیەتی! بەشێکیش لەو سەرمایەییە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خێزانەکەی ستۆکمان. خۆ هیچ نەبێ ئەو دەبێ بیر لە دابینکردنی کەرەسەی ـ منداڵەکانی بکاتەوە.

**هوڤستاد** نیوە ئاورێک دەداتەوە

ئەوە ئێوە سەربەخۆ قسە هەڵدەبەستن؟

**بیلینگ**

قسە هەڵبەستن؟ بێگومان من هیچ قسەهەڵنابەستم.

**هوڤستاد**

لەوەدا ڕاستدەکەن. بۆ وەزیفەیەیی قەزاکەش پێویست ناکات ئێوە هیچ قسەیەک هەڵبەستن؛ چوونکە من دەتوانم لەوە دڵنیاتانبکەمەوە، کە ئەو وەزیفەیە وەرناگرن.

**بیلینگ**

نەخێر، بۆ ئێوە لەو باوەڕەدانین کە من ئەوە زۆر باش دەزانم؟ بەڵام من زۆر حەزم دەکەم، ئەو ئیشەم بۆ نەبێت. پشتگوێ خستنێکی ئاوها حەماسەتی دژایەتیکردن دروست دەکات؛ ـ هەروەک ئەوەی یەکێک لینجە زراوی تازە بڕژێتەوە کیسەی زراوی، ئەوەش بێگومان بۆ شوێنێکی لاتەریکی وەکو ئێرە پێویستە، کە زۆر بە دەگمەن دەنەدانی ڕاستەقینەی تێدا روودەدات.

**هوڤستاد** کە خەریکی نووسینە

ئا بەڵێ، ئا بەڵێ.

**بیلینگ**

ئێ،ـ تۆ بەم زووانە گوێت لە من دەبێتەوە!ـ دەچمە ژوورەوە و بانگەوازەکە بۆ سەندیکای موڵکداران دەنووسم.

ئەو دەچێتە ژوورەکەی لای ڕاستەوە.

**هوڤستاد** لە تەنیشت مێزەکەوە دانیشتووە، (کلکەدارینەکەی نوکی پاندەنەکە) ی دەجوێ و لەسەرخۆ دەڵێ

هـەم،ـ بەڵێ باشەـ (لەدەرگا دەدرێ) وەرە ژوورەوە!

پێترا لە دەرگاکەی دواوەی دەستی چەپەوە دێتە ژوورەوە.

**هوڤستاد** هەڵدەستێتە سەرپێ

نـــا، ئەوە ئێوەن؟ هاتوون بۆ ئێرە؟

**پێترا**

بەڵێ، دەبێ ببوورن ـ

**هوڤستاد** کورسییەکی قۆڵدار دێنێتە پێشەوە

دانانیشن؟

**پێترا**

نەخێر سوپاس؛ دەبێ دیسان هەرئێستا بڕۆم.

**هوڤستاد**

ڕەنگە ڕاسپاردەیەکتان لە باوکتانەوە هێنا بێ، کە ـ؟

**پێترا**

نەخێر، خۆم ڕاسپاردەیەکم هەیە . ( کتێبێک لە گیرفانی پاڵتۆکەی دەردەهێنی) ئەوە چیرۆکە ئینگلیزییەکە.

**هوڤستاد**

بۆ دەیگەڕێننەوە؟

**پێترا**

ئــاخر، لەبەرئەوەی نامەوێ تەرجەمەیکەم.

**هوڤستاد**

بەڵام ئێوە زۆر بەدڵنیاییەوە گفتی تەرجەمەکردنیتان پێدام ـ

**پێترا**

بەڵێ، ئەوسا کتێبەکەم نەخوێند بووەوە. بەدڵنیاییەوە ئێوەش نەتان خوێندووەتەوە؟

**هوڤستاد**

نەخێر؛ ئێوە خۆتان دەزانن، من لە ئینگلیزی تێناگەم؛ بەڵام ـ

**پێترا**

نەخێر وایە؛ بۆیە من دەمەوێ پێتان بڵێم، کە ئێوە پێویستە بەدوای شتێکی تردا بگەڕێن. (کتێبەکە دەخاتە سەر مێزەکە) ئەم کتێبە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ لە " پەیامی خەڵک" دا بەکار بهێنرێ.

**هوڤستاد**

بۆچی؟

**پێترا**

لەبەرئەوەی ئەو کتێبە تەواو دژ بە ڕاوبۆچوونەکانی خۆتانە.

**هوڤستاد**

ئێ، هەر لەبەر ئەو مەسەلەیە ـ

**پێترا**

بێگومان ئێوە لە من تێناگەن. ئەم کتێبە باس لەوەدەکات، کە چۆن، هێزێکی بان سروشتی ڕابەر، ئاگاداری ئەوانە دەکات کە لەم دنیایەدا پێیاندەڵێن مرۆڤگەلی چاک و لە کۆتایشدا ڕابەرایەتی هەموو شتەکانیان دەکات بۆ بەرەو باشتر چوون، ـ ئینجا هەموو ئەوانەشی کە پێیاندەڵێن مرۆڤگەلی خراپ بە سزای خۆیان دەگەن.

**هوڤستاد**

بەڵێ بەڵام ئەوە شتێکی باشە. ئەوە دروست ئەو شتەیە، کە خەڵک دەیانەوێ.

**پێترا**

ئینجا ئێوە دەتانەوێ ئەو کەسە بن، کە ئەو جۆرە شتانە دەدەن بە خەڵک؟ ئێوە خۆتان باوەڕتان بە یەک وشەی نییە. ئێوە زۆر باش ئەوە دەزانن، کە لە هەقیقەتدا ئەوە ئەوها نییە.

**هوڤستاد**

ئێوە تەواو ڕاستن؛ بەڵام سەرنووسەر ناتوانێ هەمیشە، بەو شێوەیەی خۆی دەخوازێ مامەڵە بکات. مرۆڤ دەبێ هەمیشە ملکەچی بیروبۆچوونی خەڵک بێ لە شتە کەم بایەخدارەکاندا. بەڕاستی سیاسەت مەسەلەی سەرەکییە لە ژیاندا ـ یان بەهەرحال بۆ گۆڤارێک؛ ئینجا ئەگەر من بخوازم خەڵک بۆ ڕزگاریجوازی و پێشکەوتنخوازی لەگەڵمدا بن، ئەوا دەبێ کارێ نەکەم بترسن و لێم بتەکێنەوە. کاتێک ئەوان چیرۆکێکی ئاکارخوازانەی بەو شێوەیە لە بەشی ژێرەوەی ڕۆژنامەکەدا دەخوێننەوە، ئەوسا ئەوان بەویست و مەیلی خۆیان زیاتر دوای ئەو شتە دەکەون، کە ئێمە لەبەشی سەرەوەی ڕۆژنامەکدا چاپی دەکەین؛ ـ وەکو بڵێی بەو شێوەیە ئەوان زیاتر هەست بە دڵنیایی دەکەن.

**پێترا**

نـا؛ ناکرێ ئێوە هێندە بەمەرامێکی مەترسیداری پەنهانەوە داو بۆ خوێنەرەکانتان بنێنەوە؛ خۆ ئێوە جاڵجاڵۆکە نین.

**هوڤستاد** پێدەکەنێ

سوپاس، بۆ باوەڕ و متمانەی هێندە باشتان دەربارەی من. نەخێر، ئەوە لەڕاستیدا شێوازی بیرکردنەوەی بیلینگ ـ ە بە تەنها نەک من.

**پێترا**

بیلینگ!

**هوڤستاد**

بەڵێ، بەهەرحاڵ ئەو لێرە ڕۆژێکیان ئەوهای دەگووت. هەر بیلینگ ـ یشە کە هێندە بە پەلەیە کە ئەو چیرۆکە دابەزێنین و بڵاوبکەینەوە؛ ئەگینا من ئاشنای ئەو کتێبە نیم.

**پێترا**

بەڵام بیلینگ بە ڕا وبۆچونی ئازادانەی خۆیەوە چۆن دەتوانێ ـ!

**هوڤستاد**

ئۆ، بیلینگ فرەجۆرە، ئەو. ئەو ئێستا، وەکوو دەبیستم، داوای وەرگرتنی پۆستی سکرتێری قەزاشی کردووە.

**پێترا**

باوەڕ ناکەم، هوڤستاد. ئەو چۆن دەتوانێ شتی ئەوها بکات؟

**هوڤستاد**

بەڵێ، دەبێ ئێوە ئەوە لە خۆی بپرسن.

**پێترا**

هەرگیز بیرم بۆ شتی ئەوها لەبارەی بیلینگ ـ وە نەدەچوو.

**هوڤستاد** چاوی تێدەبڕێ

نا؟ بۆ ئێوە ئەوە شتێکی زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو؟

**پێترا**

بەڵێ، یا بەهەرحاڵ لەوانەشە نەخێر. ئۆف، بەهەقیقەت من نازانم ـ.

**هوڤستاد**

ئێمەی ڕۆژنامەنووسان زۆر بە کەڵک و سوود نین، خاتوون.

**پێترا**

بەڕاستیتانە؟

**هوڤستاد**

جاروبارئەو بیرە دەکەمەوە.

**پێترا**

بەڵێ، لەژێر فشاری هەراوهوریایی ڕۆژانەی ئاساییدا؛ بێگومان من لەوە تێدەگەم. بەڵام ئێستا، ئیتر ئێوە دەستان بۆ مەسەلەیەکی گەورە بردووە ـ.

**هوڤستاد**

مەبەستان، مەسەلەکەی باوکتانە؟

**پێترا**

بەڵێ، دروست ئەو مەسەلەیە. ئێوە دەبێ وەکو پیاوێک ، کە بەرگەی زۆر شت دەگرێ، هەست بە خۆتان بکەن.

**هوڤستاد**

بەڵێ، ئەمڕۆ من هەستێکی لەو جۆرەم هەیە.

**پێترا**

ئـا، وانییە؛ هەست بەوە ناکەن؟ ئۆو، ئەوەی ئێوە هەڵتان بژاردووە، بەدەنگەوە چوونی بانگەوازی باڵای خودی ژیانە. کە ئاوها بەو شێوەیە ڕێگە بۆ ڕاستییە بەهەڵە حوکم بەسەردا دراوەکان و بیر و بۆچوونی بوێرانەی نوێ خۆشدەکەن ـ؛ بەڵێ هەرتەنها ئەوەی، کە بەبێ ترس بێیتە پێشەوە و لەسەر پیاوێکی زوڵم لێکراو هەڵبەیتێ ـ

**هوڤستاد**

لە سەرو هەموو شتێکیشەوە ئەم پیاوە زوڵم لێکراوە ـ، هـم،ـ نازانم بەڕاستی، چۆن چۆنی ـ

**پێترا**

مەبەستت ئەوەیە، کە هێندە پەرۆشی هەق و ڕاستی و هێندەش ڕاستگۆیە.

**هوڤستاد** بەدەنگی نزم

لەسەروهەموویانەوە مەبەستم ئەوە بوو، کە ئەو باوکی ئێوەیە.

**پێترا** لەناکاو سەراسیمەن دەبێ

لەبەر ئەوە؟

**هوڤستاد**

بەڵێ، پێترا، ـ خاتوو پێترا.

**پێترا**

ئەمە ئەوەیە، کە ئێوە بەپلەی یەکەم و پێش هەمووشتێ چاوتان تێبڕیوە؟ کەوابێ خودی مەسەلەکە نییە؟ هەقیقەت نییە؛ لەبەر دڵە گەورە گەرمە پڕ بەزییەکەی باوکم نییە؟

**هوڤستاد**

با، ـ چۆن! بێگومان، ئەوەشە.

**پێترا**

نەخێر سوپاس؛ هوڤستاد، تازە قسەکەتان لەدەم دەرچوو؛ منیش هەرگیز لەوە زیاتر ئیتر، لە هیچ شتێک دا باوەڕتان پێناکەم.

**هوڤستاد**

لەبەرئەوەی بەشی زۆری ئەوەی من دەیکەم لەبەرخاتری ئێوەیە، بۆیە هێندە خراپ تەماشام دەکەن ـ؟

**پێترا**

ئەو شتەی، کە من لەسەری لێتان تووڕەم، ئەوەیە، کە ئێوە لەبەرامبەر باوکمدا ڕاستگۆنە بوون. ئێوە بەشێوەیەکی ئەوها قسەتان بۆ ئەو دەکرد، وەک ئەوەی هەقیقەت وخۆشگوزەرانی کۆمەڵگە لای ئێوە لە پێشترین مەسەلەبێ؛ ئێوە هەم باوکم و هەم منیشتان لەخشتەبردوە؛ ئێوە ئەو پیاوە نەبوون، وەک ئەوەی کە خۆتان پیشاندەدا. لەبەرئەوە من هەرگیز ـ هەرگیز لێتان نابوورم!

**هوڤستاد**

خاتوو پێترا، بەلای کەمەوە ئێستا لەم کاتەدا؛ پێویستی نەدەکرد ئێوە ئەو شتە هێندە بە زمانێکی زبر بە من بڵێن.

**پێترا**

بۆچی ئێستا؟

**هوڤستاد**

چوونکە ئیستە باوکتان ناتوانێ دەستبەرداری کۆمەک و یارمەتی من بێت.

**پێترا** بە گاڵتەپێهاتنەوە سەیری دەکات

کەوابێ ئێوە کەسێکی ئەوهان؟ بەزیاد نەبێ!

**هوڤستاد**

نەخێر، نەخێر، من وا نیم؛ هەر لە خۆمەوە ئەوەم بۆهات بەبێ هیچ مەبەستێک؛ ئێوە نابێ باوەڕ بەوەبکەن کە وتم.

**پێترا**

من دەزانم، دەبێ باوەر بە چی بکەم. خوات لەگەڵ.

**ئەسلاکسن** لە چابخانەکەوە، بەخێرایی دێت وەکو ئەوەی نهێنییەکی پێبێت

بۆ خاتری خوا، جەنابی هوڤستاد ـ (پێترا دەبینێت) ئاخ، دەها خراپتر ـ

**پێترا**

کتێبەکەش ئەوەتا لەوێدا؛ بیدەن بە کەسێکی دی. (بەرەو دەرگای چوونە دەرەوە دەچێ)

**هوڤستاد** بەدوایدا دەڕوات

بەڵام، خاتوون ـ

**پێترا**

خوات لەگەڵ.

دەڕوات.

**ئەسلاکسن**

گوێبگرە، جەنابی هوڤستاد!

**هوڤستاد**

ئێ، ئێ دەی؛ چییە؟

**ئەسلاکسن**

قایمقام، لە ژوورەوەیە لە چاپخانەکە.

**هوڤستاد**

وتان، قایمقام؟

**ئەسلاکسن**

بەڵێ، دەیەوێت قسەتان لەگەڵ بکات؛ لە دەرگای پشتەوە هاتووە، ـ حەزی نەکردوە ببینرێت، تێگەیشتن.

**هوڤستاد**

دەبێ چی بێت؟ نـــا بووەستە، خۆم دەچم ـ

دەچێتە لای دەرگای چابخانەکەوە، دەرگاکە دەکاتەوە، سڵاو دەکات و فەرموو لە قایمقام دەکات بێتە ژوورەوە.

**هوڤستاد**

وریابە، ئەسلاکسن، با کەس ـ

**ئەسلاکسن**

دەزانم ـ ( دەچێتەوە ناو چاپخانەکە)

**قایمقام**

بێگومان جەنابی هوڤستاد چاوەڕێی ئەوە نەبوو من لێرە ببینێت.

**هوڤستاد**

نەخێر، بەڕاستی چاوەڕێی ئەوە نەبووم.

**قایمقام** لەدەورووبەری خۆی دەڕوانێ

شوێنێکی خۆشتان بۆ خۆتان دابینکردووە؛ بەڕاستی ڕێک و پێکە.

**هوڤستاد**

ئـۆ ـ

**قایمقام**

منیش هەروا لە خۆمەوە هاتووم و لە وەختان دەگرم.

**هوڤستاد**

فەرموون، جەنابی قایمقام؛ من لە خزمەتتاندام. بەڵام ناکرێ ئەو شتانەتان لێ وەرگرم ـ؟( شەپقە و گۆچانەکەی قایمقام لەسەر کورسییەک دادەنێت) ئەی قایمقام دانانیشێ؟

**قایمقام** لەتەنیشت مێزەکەوە دادەنیشێ

سوپاس.

هوڤستادیش لەتەنیشت مێزەکەوە دادەنیشێ.

**قایمقام**

جەنابی هوڤستاد، ئەمڕۆ ـ من تووشی نارەحەتیەکی زۆر بووم.

**هوڤستاد**

بەڕاست؟ ئا بەڵێ؛ ئەو ئیش و کارە زۆرەی کە قایمقام هەیەتی، دیارە ئیتر ـ

**قایمقام**

ئەوەی ئەمڕۆ بەهۆی دکتۆری گەرماوەکەوە بوو.

**هوڤستاد**

بەڵێ ئەوها؛ بەهۆی دکتۆرەوە؟

**قایمقام**

هاتووە شتێکی نووسیوە وەک جۆرە پێشنیارێک بۆ دەستەی کارگێڕی گەرماوەکە دەربارەی ئەوەی گوایە بە قسەی خۆی هەندێ کەم و کوڕی لە گەرماوەکەدا هەیە.

**هوڤستاد**

نـــا، بەڕاست؟

**قایمقام**

بەڵێ، بۆ پێی نەوتوون ـ؟ وامدەزانی، پێی وتوون ـ

**هوفستاد**

ئـۆو، بـا، ڕاستە، ئەو هەندێ قسەیکرد ـ

**ئەسلاكسن** لە چاپخانەكەوە

بێگومان دەستنووسەكەم دەوێ ـ

**هوفستاد** بەتوورەییەوە

هـم؛ ئەوەتا لەوێدا، لەسەر مێزەكەیە.

**ئەسلاكسن** دەیدۆزێتەوە

باشە.

**قایمقام**

بەڵام تۆ سەیركە ، ئەوە خۆ دروست ـ

**ئەسلاكسن**

بەڵێ، ئەوە گوتارەكەی دكتورە، جەنابی قایمقام.

**هوفستاد**

ئـێ، بۆ ئێوە باسی، ئەمە دەكەن؟

**قایمقام**

تەواو خۆیەتی. ڕاتان چییە لەسەری؟

**هوفستاد**

من كەسێكی پسپۆڕ نیم و، هەر زۆر بەخێرایش خوێندمەوە.

**قایمقام**

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە بە چاپكردنی دەدەن؟

**هوفستاد**

نووسراوەكە ناوی كابرا خۆی پێوەیە ئیتر ناتوانم ڕەتیبكەمەوە ـ

**ئەسلاكسن**

من هیچ شتێکم لە ڕۆژنامەکدا نییە، جەنابی قایمقام ـ

**قایمقام**

تێدەگەم.

**ئەسلاکسن**

من هەر ئەوە چاپدەکەم، کە دەیدەنە دەستم.

**قایمقام**

زۆر لە جێگەی خۆیدایە.

**ئەسلاکسن**

ئینجا لەبەرئەوە من دەبێ ئیتر ـ (بەرەو چاپخانەکە دەڕوات)

**قایمقام**

نــا ، کەمێک بووەستە، جەنابی ئەسلاکسن. بە یارمەتی خۆتان، جەنابی هوڤستاد ـ

**هوڤستاد**

تکایە، جەنابی قایمقام ـ

**قایمقام**

جەنابی ئەسلاکسن، ئێوە پیاوێکی عاقڵ و لەسەرخۆن.

**ئەسلاکسن**

مایەیی خۆشحاڵیمە، کە قایمقام لەو باوەڕەدایە.

**قایمقام**

ئینجا ئێوە پیاوێکیشن کە لە نێو گروپێکی بەرفراواندا کاریگەری خۆتان هەیە.

**ئەسلاکسن**

ئەوەش، زیاتر لە نێو خەڵکی هەژاراندا.

**قایمقام**

ئەو باج دەرە بچکۆلانانەش لێرە ـ وەک شوێنەکانی تر ژمارەیان زۆرە.

**ئەسلاکسن**

بەڵێ بێگومان ژمارەیان زۆرە.

**قایمقام**

ئینجا بێگومانیشم لەوەی کە ئێوە مەزاجی زۆربەیان شارەزان. وانییە؟

**ئەسلاکسن**

بــەڵێ، جەنابی قیمقام، دەتوانم بڵێم ئەوە، وایە.

**قایمقام**

بەڵێ،- کاتێک کەسێکی هێندە شایستە و قوربانیدەر، قسە ڕۆیشتوو و خاوەن دەسەڵات بێ، لەلای ئەو کەمینە هاوڵاتییە کەم تا زۆر موڵکدارەی شارەکە، ئەوا ئیتر -

**ئەسلاکسن**

چۆن چۆنی؟

**هوڤستاد**

قوور بانیدەر؟

**قایمقام**

ئەوە نیشانەیەکی جوانی ئەو هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەیە، کە خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەی کردووەتە ئامانج؛ نیشانەیەکی هێجگار جوان. دەتوانم بڵێم، من چاوەڕێی ئەوە نەبووم. بەڵام ئێوە لە من باشتر ئاشنای بارودۆخەکەن.

**ئەسلاکسن**

بەڵێ بەڵام، جەنابی قایمقام -

**قایمقام**

ئینجا بەڕاستیش ئەو قوربانیە کەم نابێ، کە شارەکە بەناچاری دەبێ بیدا.

**هوڤستاد**

شارەکە؟

**ئەسلاکسن**

بەڵام من تێناگەم -. ئەوە گەرماوەکەیە -!

**قایمقام**

بەگوێرەی هەڵسانگاندنێکی کاتی، ئەو گۆڕانکاریانەی کە دکتۆری گەرماوەکە داویان دەکات، دەگاتە چەند سەدهەزار کرۆنێک.

**ئەسلاکسن**

ئەوە پارەیەکی زۆرە؛ بەڵام ـ

**قایمقام**

بێگومان ئەگەر ئەوە شتێکی پێویست بێت، ئەوا قەرزێکی شارەوانی وەردەگرین.

**هوڤستاد** هەڵدەستێتە سەرپێ

ئینجا باشە خۆ هەرگیز مەبەست ئەوە نییە ، کە شارەکە ـ؟

**ئەسلاکسن**

ئینجا ئەوە دەبێ لە قاسەی شار بچێتە دەرەوە**!** لە گیرفانی بەتاڵی هاوڵاتیانی وورەدبۆرژوای کەم دەرامەت**!**

**قایمقام**

بەڵێ، جەنابی ئەسلاکسنی بەڕێز، ئەی گوایە ئەو پارەیە لە کوێی ترەوە بێنین؟

**ئەسلاکسن**

ئەو پارەیە با ئەو بەڕێزانە مشووری بخۆن، کە خاوەنی گەرماوەکەن.

**قایمقام**

خاوەنەکانی ـ گەرماوەکە ناتوانن لەوە زیاتر سەرفکەن کە کردویانە.

**ئەسلاکسن**

ئایا ئێوە تەواو لەوە دڵنییان، جەنابی قایمقام؟

**قایمقام**

من لەوە دڵنیام. ئەگەر مرۆڤ ئارەزووی ئەو گۆڕانکارییە گشتگیرانەیە بکات، ئەوا شارەکە دەبێ پارەی ئەو گۆڕانکاریانە دابینکات.

**ئەسلاکسن**

بەڵام بۆ خاتری خوا ـ ببوورن**!** ـ بەڵام ئەمە بەتەواوەتی مەسەلەیەکی ترە، جەنابی هوڤستاد**!**

**هوڤستاد**

بەڵێ بێگومان وایە.

**قایمقام**

قەزاوقەدەریش ئەوەیە، کە ئێمە ناچاردەبین گەرماوەکە بۆ ماوەی دوو ساڵێک دابخەین.

**هوڤستاد**

دابخرێ؟ بەتەواوی دابخرێ!

**ئەسلاکسن**

بۆ دوو ساڵ!

**قایمقام**

بەڵێ، ئیتر ئیشەکە چەندی پێ بچێت ئەوەندە ـ بەلایانی کەمەوە دووساڵ.

**ئەسلاکسن**

نەخێر خاک بەسەرمان، ئێمە هەرگیز بەرگەی ئەمە ناگرین، جەنابی قایمقام! ئەی باشە ئێمەی موڵکداران بەچی بژین تا ئەوکاتە؟

**قایمقام**

بەداخەوە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە هێجگار سەختە، جەنابی ئەسلاکسن. بەڵام ئێوە دەتانەوێ، ئێمە چی بکەین؟ ئێوە لەو باوەڕەدان یەک کەس بێت بۆ ئێرە بۆ سەردانی گەرماوەکە، کاتێک کەسانێک بچن ئەو وێنەیە لایان دروستبکەن، کە ئاوەکە پیس و ئاڵوداوییە، کە ئێمە لەسەر ئەرزێک دەژین کە پەتای تاعونی تێدا بڵاوە، کە تەواوی شارەکە ـ

**ئەسلاکسن**

ئینجا هەمووشی تەنها هەر شتێکی خەیاڵیە؟

**قیمقام**

من بە باشترین خواست و ئیرادەی خۆمەوە هەرچەندمکرد نەم توانی باوەڕبە شتێکی تر بێنم، جگە لەوەی کە ئەوە هەمووی خەیاڵە.

**ئەسلاکسن**

بەڵێ کەوابێ ئیتر ئەوە تەواو شتێکی نابەرپرسیارانەیە لە دکتۆر ستۆکمان ـ ەوە ـ؛ داوای لێبووردن دەکەم، جەنابی قائمقام، بەڵام ـ

**قایمقام**

ئەوەی ئێوە دەیڵێن، هەقیقەتێکی ناخۆشە، جەنابی ئەسلاکسن. بەداخەوە براکەم هەمیشە پیاوێکی هەڵەشە و هەڵەباش بووە.

**ئەسلاکسن**

ئینجا هێشتا ئێوەش دەخوازن لەشتێکی ئاوهادا پشتگیری بکەن، جەنابی هوڤستاد!

**هوڤستاد**

بەڵام کێ بەبیریدا دەهات، کە ـ؟

**قایمقام**

من بەیاننامەیەکی کورتم لەسەر بابەتەکە نووسیوە، بەشێوەیەک، کە ئەو بابەتە پێویستە لە گۆشە نیگایەکی واقیعبینانەوە تێگەیشتنی بۆبکرێ؛ ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەوەمکردووە، کە چۆن ئەو ئیحتیمالگەلە نەرێنیانە پێویستە بە شێوەیەکی وا چاوەڕێی چارەسەرکردنیانبکرێت، کە لەتوانای دەغیلەی گەرماوەکەدا بێت.

**هوڤستاد**

ئێوە ئەو گوتارەتان پێیە، جەنابی قایمقام؟

**قایمقام** گیرفانەکانی دەگەڕێت

بەڵێ؛ لەگەڵ خۆم هێنام لەبەر ئەوەی ئەمە دنیایە، ئێوە ـ

**ئەسلاکسن** بەپەلە

وەی خاک بەسەرم، ئەوە هات!

**قایمقام**

کێ؟ براکەم؟

**هوڤستاد**

کوا، ـ کوا؟

**ئەسلاکسن**

لەنێو چاپخانەکەوە هات.

**قایمقام**

کارەساتە. من نامەوێ لێرە لەگەڵ ئەو تووشمان بێ بەتووشی یەکەوە، ئینجا هێشتا زۆر شتیشم ماوە کە لەبارەیەوە قسەتان لەگەڵ بکەم .

**هوڤستاد** ئیشارەت بۆ دەرگاکەی لای ڕاست دەکات

جارێ بڕۆ ژوورەوە بۆ ئەوێ.

**قایمقام**

بەڵام ـ؟

**هوڤستاد**

هەر بیلینگ ـ ی لێیە.

**ئەسلاکسن**

خێرا، خێرا، جەنابی قایمقام؛ ئەوا هات.

**قایمقام**

باشە، باشە؛ بەڵام شتێک بدۆزەرەوە و زوو بەڕێیکە.

قایمقام لەدرگاکەی لای ڕاستەوە، کە ئەسلاکسن بۆی دەکاتەوە و پاشانیش دایدەخاتەوە، دەچێتە دەرەوە.

**هوڤستاد**

ئەسلاکسن، شتێ بدۆزەرەوە خۆتی پیوە مەژغوڵکەیت.

هوڤستاد دادەنیشێ و دەست دەکات بە نووسین. ئەسلاکسن بە نێو ئەو رۆژنامانەی، کە لەسەرکورسیەک لەلای ڕاستەوە لەسەر یەک سەفتەکراون دەست دەکات بەگەڕان.

**دکتۆر ستۆکمان** لە چاپخانەکەوە دێتە ژوورەوە

ئەوە دیسانەوە هاتمەوە بۆ لاتان. (شەپقە و گۆجانەکەی لە شوێنێکدا دادەنێت)

**هوڤستاد** بەدەم نووسینەوە

هەروا زوو، جەنابی دکتور؟ ئەسلاکسن، خێراکەن لەوەی کە باسمانکرد.

**دکتۆر ستۆکمان** ڕوودەکاتە ئەسلاکسن

وەک دەبینم، هێشتا هیچ ڕاستکردنەوەیەکتان نییە.

**ئەسلاکسن** بەبێ ئاوردانەوە

نەخێر، یەعنی چۆن دکتۆر؟

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر. نەخێر؛ بەڵام من سەبرم نەماوە، لەوە تێدەگەن. ئارام و ئۆقرەم نابێ، هەتا نەیبینم بە چاپکراوی.

**هوڤستاد**

هـم؛ بەدڵنیاییەوە ئەوە ماوەیەکی باشی پێدەچێ. ئێوەش لەو باوەڕەدا نین، ئەسلاکسن؟

**ئەسلاکسن**

بـا، منیش تاڕادەیەک دەترسم پێی بچێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

باشە، باشە، هاوڕێ ئازیزەکانم؛ دووبارە دێمەوە؛ ئەگەر پێویست بکات، بەخۆشحاڵییەوە دووجاری تریش دێمەوە. بابەتێکی هێندە گەورە،ـ تەواوی خۆشگوزەرانی شار ـ؛ بەهەقیقەت وەختی تەمەڵی نییە. ( دەیەوێ بڕوات، بەڵام دەوەستێ و دەگەڕێتەوە) نەخێر، گوێبگرە،ـ هێشتا شتێک ماوە، کە پێویستە من لەبارەیەوە قسەتان لەگەڵ بکەم.

**هوڤستاد**

ببوورە؛ بەڵام ئێمە ناتوانین جارێکی تر ـ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە زۆر کەمە بە دوو ووشە دەبڕێتەوە. ئەوە هەر ئەوە بوو، وەک دەزانن، ـ کاتێک خەڵک سبەینێ لە گۆڤارەکەدا گوتارەکەی من دەخوێنێتەوە و بۆی دەردەکەوێت، کە من تەواوی زستان لێرە لە بێدەنگیدا کارم لە پێناوی باشترکردنی بارودۆخی شارەکەمدا کردووە ـ

**هوڤستاد**

بەڵێ بەڵام، جەنابی دکتور ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

من دەزانم، ئیوە دەتانەوێ بڵێن چی. ئێوە پێتانوانییە، ئەوەی کە من کردوومە لە ئەرکی نەفرەتلێکراوی سەرشانم، ـ ئەرکی ساکاری خۆم وەک هاوڵاتییەک زیاتر نییە. نەخێر، بێگومان؛ منیش هەروەکو ئێوە ئەوە باش دەزانم. بەڵام هاونیشتمانانی من، دەزانن ـ؛ خوای گەورە، ئەو مرۆڤگەلە بەر ڕەحمەتی خوا کەوتووانە، ئەوان خۆ تابڵێی هێجگار منیان خۆشدەوێت ـ

**ئەسلاکسن**

بەڵێ، هاونیشتمانیان، ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ هێجگار زۆریان خۆش دەوێن، جەنابی دکتۆر.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئینجا دروست لەبەرئەوە من دەترسم، کە ـ؛ ئەو شتەی کە من دەمەوێت بیڵێم، ئەوەیە: کاتێک ئەمەیان پێدەگات ـ کاتێک دەگات بە چینی هەژاران ـ وەک بانگهێشتکردنێک بۆ ڕێنمایکردن لەبارەی ئەوەی کە ئەوان لەئایندەدا مەسەلەکانی شارەکە بگرنە دەستی خۆیان ـ

**هوڤستاد** هەڵدەسێتە سەرپێ

هــم، جەنابی دکتۆر، من نامەوێ لێتانی بشارمەوە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەهــا، ـ دەبووایە من ئەوەم بزانییایە کە شتێک لە ئارادایە! بەڵام من نامەوێ ئەوە بزانم. کاتێک مرۆڤ خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ شتێکی ئەوها ـ

**ئەسلاکسن**

چ شتێک؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئیتر، هەرکامێکیان بێ، ـ ڕێپێوان بێ یان سازدانی ئاهەنگێکی خواردنی نانی ئێوارە یان بەڵێنی شیرینی وەرگرتن ـ یان هەر شتێکی تر لەوبابەتانە، ئێوە دەبێ بەڵێنی تەواوم بدەنێ ئەو هەوڵانە پووچەڵ بکەنەوە. ئینجا ئێوەش، جەنابی ئەسلاکسن؛ گوێتان لێیە!

**هوڤستاد**

ببوورە، جەنابی دکتور؛ ئێمە دەتوانین هەر لەسەرەتاوە هەقیقەتی تەواوتان پێ بڵێین ـ

هاوسەر خانمی ستۆکمان، بە شەپقە و باڵاپۆشەوە، لە دوواوە لەدەرگاکای لای چەپەوە دێتە ژوورەوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** تەماشای ستۆکمان دەکا

بەڵێ، زۆر ڕاستە!

**هوڤستاد** بەرەو ڕووی دەچێت

نا ئەوە، خانمیش هات؟

**دکتۆر ستۆکمان**

کاترینا، ئەوە تۆ بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

خۆت دەبێ بزانی، من بۆچی هاتووم.

**هوڤستاد**

دانانیشن؟ یان ڕەنگبێ ـ

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

سوپاس؛ خۆتان سەخڵەت مەکەن. ئێوە نابێ لەوە تووڕە بن، کە من هاتووم ستۆکمان بەرمەوە؛ چوونکە من دایکی سێ منداڵم، با پێتان بڵێم.

**دکتۆر ستۆکمان**

قسەی هیچ، قسەی قۆڕ؛ ئێمە ئەوە باش دەزانین.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئێ، بەخوا لەوە ناچێ، تۆ ئەمڕۆ بیر لە ماڵ و منداڵ بکەیتەوە؛ ئەگینا نەدەچووی ئاوها هەموومان بەدبەخت بکەیت.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە تۆ شێت بووی، کاترینا! پیاوێکی خاوەن ژن و مناڵ بۆی نییە هەقیقەت ڕاگەیەنێت،۔ بۆی نییە هاوڵاتیەکی بەسوود و چالاک بێت،۔ بۆی نییە خزمەتی ئەو شارە بکات کە تێیدا دەژی!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

هەموو شتێ بە هێواشی و میانڕەوی، تۆماس!

**ئەسلاکسن**

منیش هەر ئەوە دەڵێم. میانڕەوی لە هەموو شتێکدا.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

لەبەرئەوە جەنابی هوڤستاد، ئێوە خەتامان بەرامبەر دەکەن، کاتێک پیاوەکەم لە ماڵ و منداڵی خۆی هەڵدەفریوێنن و بۆ ئەم بەزمە فریویدەدەن.

**هوڤستاد**

بەدڵنیاییەوە من کەس فریونادەم.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەو فریوم دەدا! تۆ لەوباوەڕەدای، من بهێڵم فریوبدرێم.!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ، تۆ فریودەخۆیت. من باش ئەوە دەزانم، کە تۆ زیرەکترین پیاوی شارەکەیت؛ بەڵام فریودانی تۆ هێجگار ئاسانە، تۆماس. (ڕوودەکاتە هوڤستاد) تەنها بیر لەوە بکەرەوە، ئەگەر بێتو ئێوە ئەوشتەی کە ئەو نووسیویەتی چاپیکەن، ئەوا ئەو ئیشەکەی لەدەست دەدات، ۔

**ئەسلاکسن**

چی؟

**هوڤستاد**

بەڵێ کەوابوو دەزانن چی، جەنابی دکتۆر -

**دکتۆر ستۆکمان** پێدەکەنێت

هـاها، وازیان لێ بێنە با تاقیبکەنەوە -! ئۆ نەخێر، ئەوە بەڕاستانە، - بێگومان ئەوان ڕێزی خۆیاندەگرن. چوونکە من زۆرینەی گەورە و گرانم لەپشتە، تێگەیشتن!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئاخر، دروست ئەوە کارەساتەکەیە، کە تۆ شتێکی ئەوها خراپەت لە پشتە.

**دکتۆر ستۆکمان**

قسەی هیچ، کاترینا؛ - بڕۆ ماڵەوە ئاگات لە ماڵەکەت بێت و لێگەڕێ منیش ئاگام لە کۆمەڵگە بێت. تۆ چۆن بۆچی ئەوەندە دەتریست، کاتێک کە من هێندە دڵخۆش و لە ئاماندام؟ (دەستەکانی لەیەک دەخشێنێ و سەروخوار دەکات) حەقیقەت و خەڵک ئەم شەڕە دەبەنەوە، تۆ دەبێ لەوە دڵنیابیت. ئۆ، من هەموو ئەو هاوڵاتییە بیرئازادانە دەبینم کە لە سوپایەکی سەرکەوتوودا کۆدەبنەوە - ! (لەلای کورسییەکەوە دەوەستێ) چی - ئەوە چییە بۆ خاتری شەیتان؟

**ئەسلاکسن** تەماشادەکات

ئۆفف!

**هوڤستاد** هەمان شت

هـــــم -

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە خۆ ئەوپەڕی دەسەڵاتە لەوێدا

بەهێواشی بەسەری پەنجەکانی کڵاوە ڕەسمییەکەی قایمقام هەڵدەگرێ و بەرزیدەکاتەوە.

**خانمی ستۆکمان**

کڵاوەکەی قایمقام!

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوەش دارەکەی بندەستییەتی. ئەی شەیتان بە نەفرەت بیت ئەمەیان چی -؟

**هوڤستاد**

باشە ئەوە ئیتر -

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەهـا، تێگەیشتم! ئەو هاتبوو بۆئەوەی زۆرتان لێبکات. ها ها، بۆ لای کەسی ڕاست هاتبوو! بەڵام کە لەچاپخانەکەدا منی بینی ـ. (دەداتە قاقای پێکەنین) ڕایکرد، جەنابی ئەسلاکسن؟

**ئەسلاکسن** بەپەلە

ئا خوائاگاداره ڕایکرد، جەنابی دکتۆر.

**دکتۆر ستۆکمان**

وا بۆی هەڵهات کە هەم گۆچان و ـ قسەی هیچ؛ پێتەر لەبەر هیچ شتیکدا هەڵنایەت. بەڵام ئەی کوا شەیتان بەنەفرەت بێت چیتان لێیکرد؟ ئەهـا. ـ بێگومان لەوێ لە ژوورەوەیە. ئەوا دەشی بینی، کارتینا!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

تۆماس، ـ تکات لێدەکەم ـ !

**ئەسلاکسن**

ئاگاتان لە خۆتان بێت، جەنابی دکتۆر!

دکتۆر ستۆکمان کڵاوەکەی قایمقامی کردووەتە سەری و گۆچانەکەشی گرتووە بەدەستەوە؛ پاشان دەڕوات، دەرگاکە دەکاتەوە و بەدەستی سڵاوکردن بۆ سەر کاسکێتەکەی سەری بەرزدەکاتەوە.

قایمقام دێتە ژوورەوە، لە تووڕەییاندا سوور هەڵگەڕاوە. بێلیینگ لەدوایەوە دێتە ژوورەوە.

**قایمقام**

ئەم هات و هاوارە مانای چی؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ڕێزی خۆتبگرە، پێتەرە باشەکەم. ئێستا من، لە شارەکەدا دەسەڵاتدارم.

بەدەم پیاسەکردنەوە دەڕوات و دەگەڕێتەوە

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** بەدەنگێکی تاڕادەیەک گریاناوی

نـــــا تۆماس ئەوەنا!

**قایمقام** لەدوایەوە دەڕوات

کڵاو و گۆچانەکەم بدەرەوە!

**دکتۆر ستۆکمان** هەروەکو پێشو

ئەگەر تۆ سەرۆکی پۆلیسیت، ئەوا منیش سەرۆکی هاوڵاتیانم، ـ من سەرۆکی هەموو شارەکەم، من، ئەوە بزانە!

**قایمقام**

ئەڵێم، ئەو كڵاوە داكەنە. بیرت نەچێت، ئەوە كڵاوی ڕەسمییە!

**دكتۆر ستۆكمان**

پیف؛ لە تۆ وایە ئەو شێرەخەڵكە بەئاگاهاتووە كڵاوی ڕەسمی دەیانترسێنێ؟ بەڵێ، ئێمە سبەینێ شۆڕش پەرپادەكەین، بابزانیت. تۆ هەڕەشەی لەسەركار لابردنت لە من دەكرد؛ بەڵام ئێستا ئەوە منم كە تۆ لەسەركار لادەبەم،ـ لەسەر هەموو كارە متمانەپێكراوەكانت لاتدەبەم ـ لە تۆ وایە من ئەوەم پێناكرێ؟ با پێمدەكرێت، بابزانیت؛ من دەسەڵاتە سەركەوتووەكانی كۆمەڵگەم لە پشتە. لە سبەینێ زووتر نییە، هوڤستاد و بیلینگ دەیكەن بە هەورەگرمەی دوای هەورە بروسكە لە " پەیامی خەڵك" دا، ئینجا ئەسلاكسنی كتێب لە چاپدەریش پێش سەندیكای موڵكداران دەكەوێت و قسەی خۆی دەكات ـ

**ئەسلاكسن**

من شتی وا ناكەم، جەنابی دكتۆر.

**دكتۆر ستۆكمان**

با بێگومان ئێوە ئەوە دەكەن ـ

**قایمقام**

ئەهـا؛ لەوانەیە جەنابی هوڤستاد بەرەی گێرەشێوان هەڵبژێرێ؟

**هوڤستاد**

نەخێر، جەنابی قایمقام.

**ئەسلاكسن**

نەخێر، جەنابی هوڤستاد هێندە شێت نییە، پچێ هەم خۆی و هەم ڕۆژنامەكەش لە پێناو شتێكی دروستكراودا دارمێنێ.

**دكتۆر ستۆكمان** سەیری دەوروبەری خۆی دەكات

ئەمە مانای چی؟

**هوڤستاد**

ئێوە مەسەلەكەتان بە نادروستی ڕونكردەوە، جەنابی دكتۆر؛ لەبەرئەوە من ناتوانم پشتگیری لێبكەم.

**بیلینگ**

نەخێر، دوای ئەوەی، جەنابی قایمقام زۆر دڵفراونە ئەوەی بۆ باسكردم لە ژوورەوە، ئەوا ئیتر ـ

**دكتۆر ستۆكمان**

درۆیە! بۆ خۆمی بە جێبهێڵن. ئێوە هەر گوتارەکەم چاپکەن؛ بێگومان من ئەو پیاوەم کە بەرگری لێبکەم.

**هوڤستاد**

من چاپیناکەم. ناتوانم و ناخوازم و جورئەت ناکەم چاپی بکەم.

**دکتۆر ستۆکمان**

ناوێرن؟ ئەو قسەیە چییە؟ ئێوە سەرنووسەرن؛ من لەو باوەڕەدام ئەوە سەرنووسەرەکانن، کە تەحەکوم بە میدیاوە دەکەن!

**ئەسلاکسن**

نەخێر، ئەوە بەشداربووانن، جەنابی دکتۆر.

**قایمقام**

خۆش بەختانە، بەڵێ ئەوانن.

**ئەسلاکسن**

ئەوە ڕای گشتیە، جەماوەری ڕۆشنبیرە، موڵکدارەکان و هەموو ئەوانی ترن؛ ئەوە ئەوانن، کە تەحەکوم بە ڕۆژنامەکەوە دەکەن.

**دکتۆر ستۆکمان** تێدەگات

تەواوی ئەو دەسەڵاتانەش هەموویان دژی منن؟

**ئەسلاکسن**

بەڵێ، ئێستا تێگەیشتن. ئەگەر بێت و ئەو گوتارەی ئێوە چاپبکرێت، بەتەواوەتی دەبێتە هۆی مایەپوچی چینی بۆرژوا.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوهــا. ـ

**قایمقام**

کڵاو و گۆچانەکەم!

دکتۆر ستۆکمان کڵاوەکە دادەکەنێت و لەگەڵ گۆچانەکەدا دەینخاتە سەر مێزەکە.

**قایمقام** هەردوکیان هەڵدەگرێت

ماوەی سەرۆک شارەوانێتیکەت زوو کۆتایهات.

**دکتۆر ستۆکمان**

هێشتا کۆتایی نەهاتووە. (ڕوودەکاتە هوڤستاد) واتە بە هیچ شێوەیەک ئیمکان نییە کە گوتارەکەم لە "پەیامی خەڵک" دا چاپبکرێت؟

**هوڤستاد**

بەهیچ شێوەیەک ئیمکان نییە؛ ئینجا لەبەر خێزانەکەشتان.

**خانمی ستۆکمان**

ئۆ، بە هیچ شێوەیەک پێویست ناکات ئێوە بیر لە خێزانەکەی بکەنەوە، جەنابی هوڤستاد.

**قایمقام** کاغەزێک لە گیرفانی دەردەهێنێت

بۆ ڕێنماییکردنی جەماوەر هەر ئەمە بەسە، کاتێک بڵاودەکرێتەوە ؛ ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی ڕەسمییە. فەرموو.

**هوڤستاد** کاغەزەکەی لێ وەردەگرێت

چاکە؛ هەوڵی بلاوکردنەوەی دەدرێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام ئەوەی من نا. خەڵک وادەزانن، کە دەتوانن من و هەقیقەت بەبێدەنگی لەناوبەرن! بەڵام هێندە بە ئاسانی بۆیان ناچێتە سەر وەکو پێیانوایە. جەنابی ئەسلاکسن، دەتوانی هەرئێستا ئەو نووسراوەی من بەریت و وەکو بەیان چاپیکەیت ـ لەسەر حیسابی خۆم، ـ لە دەزگای چاپەمەنی خۆم. من چوارسەد نوسخەم دەوێت؛ نـا، پێنج سەد ـ شەشسەت دانەم دەوێت؛

**ئەسلاکسن**

نەخێر، ئەگەر زێڕیشم بخەیتە بەردەم، بۆ من دەوێرم چاپخانەکەم بخەمە قەبەڵی شتێکی لەو چەشنەوە، جەنابی دکتۆر، ناوێرم لەبەر ڕای گشتی. لە هیچ شوێنێکی تر لە تەواوی ئەم شارەدا ئەوەتان بۆ چاپ ناکرێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

کەواتە بمدەرەوە.

**هوڤستاد** دەستنووسەکەی بۆ ڕادەگرێت

فەرموو.

**دکتۆر ستۆکمان** شەپقە و گۆچانەکەی دەهێنێت

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە دەبێ ئێستا بگات بە دنیایی دەرەوە. لە خەڵک گردبوونەوەیەکدا من دەیخوێنمەوە؛ هەموو هاوڵاتیانم دەبێ دەنگی هەقیقەت ببیستن!

**قایمقام**

هەموو شارەکە بگەڕێیت هیچ سەندیکایەک لۆکاڵت بۆ بەکارهێنانی ئەو مەبەستە ناداتێ.

**ئەسلاکسن**

هیچ کامیان؛ من زۆر بە دڵنیاییەوە ئەوە دەزانم.

**بیلینگ**

نەخێر، خوا بمکوژێ یاخوا، ئەگەر بتدەنێ!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڕاستی ئەوە شتێکی شەرم ئاوەرە! بەڵام بۆچی پیاوان هەموویان بەو شێوەیە، بەرنگارت دەبنەوە؟

**دکتۆر ستۆکمان** بەتووڕەییەوە

ئا، پێتدەڵێم بۆ. لەبەرئەوەی لێرە لەم شارە هەموو پیاوەکان وەک ژن ترسنۆکن ـ وەکو تۆ؛ هەموویان هەر بیر لە خێزانەکانیان دەکەنەوە نەک لە کۆمەڵگە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** قۆڵی دەگرێ

بەڵام من تەنها بۆ جارێک ـ کەسێکیان پیشاندەدەم ـ ئەو کەسەش ژنێکە، کە دەتوانێت پیاو بێت. چوونکە من ئێستا لایانگری تۆم، تۆماس!

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە قسەیەکی چاک بوو، کاترینا. بە ڕۆح و ژیانم قەسەم! هیچ لۆکاڵم بۆ پەیدا نەکرێ، ئەوا دەهۆڵێک پەیدادەکەم و بە شارەکەدا دەگەڕێم و، لە هەموو سوچ و قژبنێکدا ئەوەی نووسیومە دەیخوێنمەوە.

**قایمقام**

هێجگار بەو ڕادەیەش شێت نیت!

**دکتۆر ستۆکمان**

با، من تا ئەورادەیە شێتم!

**ئەسلاکسن**

یەک پیاو چییە لە هەموو شارەکەدا دواتان ناکەوێت.

**بیلینگ**

نەخێر، خوا بمکوژێ یاخوا، ئەگەر کەسێک دواتان کەوێت!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

تەنها کۆڵ مەدە، تۆماس. من داوا لە کوڕەکان دەکەم لەگەڵت بن.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە بیرۆکەیەکی ناوازەیە!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

مۆرتن زۆر بە خۆشحاڵییەوە دێت لەگەڵت؛ ئایلیف، ئەویش بێگومان لەگەڵت دێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئەی پێتراش! ئینجا تۆ خۆشت، کاترینا!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

نـا، نـا، من خۆم نا؛ بەڵام من لە ناو پەنجەرەکەی ماڵەوەدا دەوستم و سەیرت دەکەم؛ من وا دەکەم.

**دکتۆر ستۆکمان** باوەشی پێدادەکات و ماچی دەکات

سوپاس بۆ تۆ! ئێستا ئێمە دەخوازین جەنگێک تاقی بکەینەوە، پیاوە باشەکان! بەڕاستی من ئێستا دەمەوێ ئەوە بزانم، ئایا خراپەکاران دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە دەمی ئەو نیشتمانپەروەرە بگرن، کە دەخوازێ کۆمەڵگە لە شتی خراپ پاک بکاتەوە!

ئەو و خانم لە دەرگای چەپی دواوە دەچنە دەرەوە.

**قایمقام** بەدەم بیرکردنەوەوە سەر دەلەقێنێ

ئەوە ئەویشی شێت کرد.

## بەشی چوارەم

هۆڵێکی گەورەی کۆن لە ماڵی کاپتن هۆشتەردا. دەرگایەکی گەورەی دووتاکی کراوە لەدواوە کە دەچێتەوە سەر پێش ژوورێک. دیوارە درێژەکەی لای چەپ سێ پەنجەرەی تێدایە؛ لە ناوەڕاستی دیوارەکەی بەرامبەردا سەکۆیەک دروستکراوە، مێزیکی بچکۆلە لەسەر سەکۆکەیە، کە دوو مۆم و ، سوراحیەک ئاو و، پەرداخێک و، سەعاتێکی لەسەرە. بە هۆی چرا هەڵواسراوە کانی نیوان پەنجەرەکانەوە هۆڵەکە

رووناکە. بەشی پێشەوەی لای چەپ مێز و کورسییەکی لێدانراوە و مێزەکە مۆمی لەسەرە.  دەرگایەکیش لە بەشی پێشەوەی لای ڕاستدا هەیە، کە دوو کورسی لەلاوەیە.

کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆر لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ. لە ناویاندا چەند ئافرەتێک و هەندێ مێرد منداڵی قوتابی دەبینرێت. لە دواوەش هەتا دێت زیاتر خەڵک دێنە ژوورەوە، هۆڵەکە پڕ دەبێت لە خەڵک.

**هاوڵاتیەک** ڕوودەکاتە هاوڵاتیەکی دی، کە بەیەک دەگەن

لامستاد، ئەم ئێوارەیە تۆش لێرەیت؟

**کەسی قسە لەگەڵ کراوە**

من لە هەموو کۆبوونەوەکانی خەڵکدام، من.

**یەکێک لەوانەی لە نزیکیانەوە وەستاوە**

من بزانم، بووقەکەشتان لەگەڵ خۆتان هێناوە؟

**هاوڵاتییەکەی تر**

بەڵێ هێناومە، بۆ ئێوە نەتان هێناوە؟

**سێیەمیان**

بـا بـا. کاپیتان ئێڤێنسن ـ یش دەیویست ـ لور[31]ـ یکی گەورە و گران لەگەڵ خۆی بهێنێ، خۆی وتی.

**هاوڵاتییەکەی تر**

ئێڤنسن، خۆشە.

قاقای پێکەنین

**هاوڵاتیەکی چوارەم** دێتە پێشەوە

گوێبگرە، ئا پێم بڵێ، ئەوە چییە، کە ئەم ئێوارەیە ئەم خەڵکەی لیرە لە خۆی کۆکەدووەتەوە؟

**هاوڵاتیەکەی دی**

ئەوە دکتۆر ستۆکمانە، دەیەوێت گوتارێک دژی قایمقام بدات.

**کەسێکی تازە هاتوو**

بەڵام قایمقام خۆ برایەتی.

[31] ئالەتێکی کوناودەری هەواییە، لە دار یان لە میتاڵ دروست دەکرێت. وەرگێر.

**هاوڵاتی یەکەم**

فەرقناکا؛ دکتۆر ستۆکمان ناترسێت، ئەو ناترسێت.

**هاوڵاتی سێیەم**

بەڵام خۆ ئەو لەسەر هەق نییە؛ لە " پەیامی خەڵک" دا نووسرابوو.

**هاوڵاتی دووەم**

بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەمجارەیان دەبێ ئەو لەسەر هەق نەبێت؛ چوونکە نە سەندیکای موڵکداران و نە یانەی هاوڵاتیانیش هیچ کامیان هۆڵیان بەقەرز دایە.

**هاوڵاتی یەکەم**

نەیتوانی تەنانەت سالۆنی گەرماوەکەش قەرزبکات.

**ئەوەی دووەم**

نەخێر، ئیتر تۆ بزانە.

**پیاوێک** لە نێو گروپێکی بچکۆلەی تروە

ئەرێ خەڵکینا، ئێستا لەم مەسەلەیەدا مرۆڤ لایەنی کێ بگرێ؟

**پیاوێکی تر** لەهەمان شویندا

تەنها تەماشای ئەسلاکسنی خاوەن چاپخانە بکەو، ئەوەش بکە، کە ئەو دەیکات.

**بیلینگ** فایلێکی لەبنباڵدایەو، لە نێو حەشاماتەکەوە ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوە.

ببورن، بەڕێزان! ئەگەر ڕێگەم بدەن بچمە پێشەوە؟ دەخوازم ڕاپۆرتێ لەبارەیەوە بدەم بە " پەیامی خەلک" زۆر سوپاس!

لەتەنیشت مێزەکەی لایچەپەوە دادەنیشێ.

**کرێکارێک**

ئەوە کێ بوو؟

**کرێکارێکی تر**

چۆن نایناسیت؟ ئەوە ئەو بیلینگەیە، کە بۆ ڕۆژنامەکەی ئەسلاکسن ئیش دەکات.

کاپتن هۆشتەر لە دەرگاکەی پێشەوەی لای ڕاستەوە خانمی ستۆکمان و پێترا دەهێنێتە ژوورەوە. ئایلیف و مۆرتن ـ یشان بە دواوەیە.

**هۆشتەر**

بیرم لەوە کردبووە خێزانەکە لێرەدا دابنیشن؛ چوونکە ئەگەر هاتوو شتێک بوو، مرۆڤ بە ئاسانی لێرەوە دەچێتە دەرەوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

لەو باوەڕەدان گێرەشێوێنی دروست بێت؟

**هۆشتەر**

هەرگیز کەس نازانێ ـ؛ لە نێوان خەڵکێکی هێندە زۆردا چی ڕوودەدات ـ. بەڵام زۆر بە هێمنی بۆخۆتان دانیشن.

**خانمی ستۆکمان** دادەنیشێ

چەند میهرەبان بوون ئێوە، کە ئەم هۆڵەتان خستە خزمەتی ستۆکمانەوە.

**هۆشتەر**

کەسی تر نەیدەویست ئەوە بکات، ئیتر ـ

**پێترا** کە دانیشتووە

هۆشتەر، ئەوەی تۆ کردت جەسورانە بوو.

**هۆشتەر**

ئۆ، وابزانم، ئەوە جەسارەتێکی هێندە زۆری نەدەویست.

هوڤستاد ـ ی سەرنووسەر و ئاسلاکسن ـ ی کتێپ لە چاپەر لە هەمانکاتتدا دێنە ژوورەوە بەڵام بەیەکەوە نا هەریەکە بۆ خۆی بە نێو حەشاماتەکەدا دێنە پێشەوە.

**ئەسلاکسن** دەچێتە لای هۆشتەرە وە

ئەوە هێشتا دکتۆر نەهاتووە؟

**هۆشتەر**

لە ژوورەوەیە چاوەڕێدەکات.

لە دواوە لەلای دەرگاکەوە جموجۆڵێک دروست دەبێت.

**هوڤستاد** ڕوودەکاتە بێلینگ

ئەوەش قایمقامە، خۆ دەیبینن!

**بیلینگ**

بەڵێ، خوا بمکوژێ یاخوا، ئەوە نییە لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی خۆیدا هاتووە!

ستۆکمانی قایمقام هێواش و لەسەرخۆ بە ناو حەشاماتەکەدا ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوە، بە ئەدەبەوە سڵاو دەکات و لەتەنیشت دیوارەکەی لای چەپەوە دەوستێ. پاش کەمێک دکتۆر ستۆکمان لەدرگاکەی بەشی پێشەوەی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە. باڵاپۆشێکی ڕەشی پۆشیوە و ملپێچێکی سپیشی لەملدایە. تاک و تەرایەک بە دوودڵییەوە دەست دەکەن بە چەپڵە لێدان، بەڵام ئەو چەپڵانە لەلایان هەندێکەوە بە هش هش و بێدەنگی بێدەنگی دادەمرکێنرێتەوە. بێدەنگی دروست دەبێت.

**دکتۆر ستۆکمان** بەدەنگێکی کەمێک بەرز

کاترینا، چۆنی؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئا، باشم. (بەدەنگێکی نزم) تۆماس، هەر لەسەرخۆ تووڕە نەبیت.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئۆ، بێگومان من دەزانم چۆن جڵەوی خۆمبگرم، دڵنیابە. (تەماشای سەعاتەکەی دەستی دەکات، دەچێتە سەر سەکۆکە و بۆ سڵاوکردن خۆی دەچەمێنێتەوە) چارەکێک لەکاتی خۆی لایداوە، ـ لەبەرئەوە من دەخوازم دەست پێبکەم ـ (دەسنووسەکەی دێنێتە پێشەوە)

**ئەسلاکسن**

سەرەتا پێویستە کەسێک هەڵبژێردرێ بۆ جڵەوگیری نۆبەتی قسەکردن لەم کۆبوونەوەیەدا.

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر؛ بە هیچ شێوەیەک پێویست بەوە ناکات.

**هەندێ پیاو** هاوارەدەکەن

با، با!

**قایمقام**

بۆچوونی منیش هەرئەوەیە، کە پێویستە ڕابەرێک هەڵبژێردرێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام من دەخوازم کاتی ئەم کۆبوونەوەیە تەرخانکەم بۆئەوەی موحازەرەیەکی تێدا بڵێمەوە، پێتەر!

**قایمقام**

موحازەرەی دکتۆری گەرماوەکە، ڕەنگە لەباریدابێ بوار بە دەربڕینی ڕاوبۆچوونی جیاوازیش بدات.

**چەند دەنگێک** لە نێو حەشاماتەکەوە

کەسێک بۆ سەرپەرشتی کۆڕ! ڕابەرێک!

**هوڤستاد**

خواستی هاوڵاتیانی ئامادە بوو ئەوەیە کە کەسێک بۆ سەرپەرشتی کۆڕ پێویستە.

**دکتۆر ستۆکمان** خۆگرتووانە

باشە؛ با بە خواستی هاوڵاتیان خۆیان بێت.

**ئەسلاکسن**

ئەی جەنابی قایمقام ناخوازێ ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی؟

**سێ پیاو** دەست دەکەن بە چەپڵە لێدان

براڤو! براڤو!

**قایمقام**

لەبەر چەند هۆیەک کە تێگەیشتنیان ئاسانە، من دەبێ ئەو ئەرکە ڕەتکەمەوە. بەڵام خۆشبەختانە لە ناو ئێمەدا پیاوێک هەیە، کە من پێموایە هەموومان لەسەری هاوڕاین. مەبەستم جەنابی ئەسلاکسن ـ ی سەرۆکی سەندیکای موڵکداران و، خاوەن چاپخانە یە.

**کۆمەڵە دەنگێکی زۆر**

بەڵێ، بەڵێ! بژی ئەسلاکسن! هوررا ئەسلاکسن!

دکتۆر ستۆکمان دەسنووسەکەی هەڵدەگرێ و لە سەر سەکۆکە دێتە خوارەوە.

**ئەسلاکسن**

کاتێک متمانەی هاوڵاتیان هاوارم بۆ دەهێنێ، نابێ دژی بووستمەوە ـ

چەپڵە لێدان و هاتوهاوار. ئەسلاکسن دەچێتە سەرەوە بۆ سەر سەکۆکە.

**بیلینگ** دەنووسێ

ئینجا ـ " بەچەپڵە ڕێزان خاونی چاپخانە، ئەسلاکسن هەڵبژێردرا ـ"

**ئەسلاکسن**

ئینجا من کە ئێستا لەم شوێنەدا ڕاوەستاوم، پێویستە ڕێگەم بدەن کە بە کورتی دوو قسەتان بۆ بکەم. من پیاوێکی هێمن و ئاشتیخوازم، کە لەگەڵ میانڕەوی بەسەبر و دانبەخۆداگرتوو وە ـ میانڕەوی ماقوڵ و بەجێدام؛ هەموو ئەوانەی من دەناسن، ئەوە دەزانن.

**چەند دەنگێکی زۆر**

بەڵێ! بەڵێ ئەسلاکسن، بێگومان!

**ئەسلاکسن**

من لە قوتابخانەی ژیان و تەجروبەوە فێربووم، کە مەیانڕەوی فەزیلەیەکە، کە بە باشترین شێوە یارمەتی هاوڵاتی دەدات ـ

**قایمقام**

گوێبگرن!

**ئەسلاکسن**

ـ ئینجا هێمنی و مەیانڕەویش ئەو شتانەن، کە باشترین قازانج بە کۆمەڵگە دەگەیەنن. بۆیە من داوا لەو هاوڵاتیە بەڕێزە دەکەم، کە بانگێهێشتی بۆ ئەم کۆبوونەوەیە کردووە، زۆر لە خۆی بکات و هەوڵبدات لە سنوری مەیانڕەوی دەرنەچێ.

**پیاوێک** لەسەرەوە لەلای دەرگاکەوە

لە چـاوی سەندیکای مەیانڕەوان!

**دەنگێک**

نەفرەت لە شەیتان!

**خەڵکێکی زۆر**

هیش، هیش!

**ئەسلاکسن**

بەبێ هیچ قسەپێبڕینێک، بەڕێزەکانم! ـ کەس هەیە، کە بخوازێ قسەبکات.

**قایمقام**

جەنابی ڕابەر!

**ئەسلاکسن**

جەنابی ستوکمانی قایمقام نۆبەی قسەکردنێتی.

**قایمقام**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پەیوەندیە خزمایەتییە نزیکەی، کە هەموو دەزانن، من، لەگەڵ دکتۆری گەرماوەکەدا هەمە، حەزدەکەم ئەم ئێوارەیە لێرە قسە نەکەم. بەڵام پێگەی من وەک وەزیفەداریک لە بەرامبەر گەرماوە گشتییەکە و هەروەها ڕەچاوکردنی گرنگترین بەرژەوەندیەکانی شارەکەش، ناچارم

دەکەن پێشنیارێک بکەم. پێشنیارەکەش دەتوانم وای دابنێم، کە هیچ کەسێک لەم هاوڵاتیانەی لێرە ئامادەن، نابێ ئارەزووی ئەوە بکەن ئەو باس و خواسە ناڕاست و زێدەڕۆتێداکراوانەی کە لە بارەی گەرماوەکە و پاک و خاوێنی شارەکەوە، ئەمڕۆ لەم شوێنەدا دەخرێنە ڕوو، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی تردا لە دەرەوە باسی بکەن و بڵاوبێتەوە.

**کۆمەڵە دەنگێکی زۆر**

نەخێر، نەخێر، نەخێر! شتی وا نابێ! ئێمە ئیعتیراز دەگرین!

**قایمقام**

دەلەبەرئەوە من پێشنیاردەکەم، کە ئامادەبووانی ئەم کۆبوونەوەیە ڕێگە نەدەن بە دکتۆری گەرماوەکە، کە ڕاوبۆچوونەکانی خۆی دەربارەی ئەو بابەتە بە خوێندنەوە یان بە موحازەرە وتنەوە بخاتە ڕوو.

**دکتۆر ستۆکمان** هەڵچوانە

ڕێگەنەدەن -! ئەوە مانای چی!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** دەکۆکێ

ئهـــم - ئهـــم !

**دکتۆر ستۆکمان** دان بەخۆیدا دەگرێ

ئێ؛ کەوابێ ڕێگەنەدەن.

**قایمقام**

من لە ڕوونکردنەوەکەمدا بۆ " پەیامی خەڵک"، جەماوەرم لە هەقیقەتە هەرە جەوهەرییەکان ئاگادار کردووەتەوە، بەشێوەیەکی ئەوها کە هەموو هاوڵاتیەکی خاوەن بیری باش بەئاسانی دەتوانێت حوکمی خۆی بەسەر ئەو مەسەلەیەدا بدات. لەوێشدا مرۆڤ دەتوانێت، پێشنیارەکەی دکتۆری گەرماوەکە و،- جگە لەوەش بڕیاری متمانەنەکردنی پیاوانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گەرماوەکەش دژ بە پێشنیارەکەی دکتۆری گەرماوەکە ببینێت،- ئەوەش لەبەر ئەو ئەرکە گرانەیە کە دەکەوێتە سەرشانی باجدەرانی دانیشتووی شارەکە، خەرجیەکی ناپێویست کە بەلایەنی کەمەوە خۆی دەدات لە سەد هەزار کڕۆن.

ناڕەزایی دەربڕین و فیکە لێدان.

**ئەسلاکسن** زەنگۆڵە لێدەدات

بێدەنگی، بەڕێزەکان! من دەبێ مافی ئەوەم هەبێ کە پشتیوانی لە پێشنیارەکەی قایمقام بکەم. منیش هەمان بۆچوونم هەیە، کە مەبەستێکی شاراوە لەپشت وروژاندنەکەی دکتۆرەوەیە. ئەو باسی گەررماوەکە دەکات؛ بەڵام ئەوەی ئەو هەوڵی بۆ دەدات، بەرپابوونی شۆڕشە ؛ دەخوازێ ڕابەرایەتی شارەکە بخاتە دەستی خەڵکێکی ترەوە. کەس گومانی لە مەبەستی ڕاست و دروستی دکتۆر نییە؛ خوا پەنامان بدات، ئا لەوێدا بۆ چوونکەی بەڕێزیان دوو لێکدانەوە هەڵناگرێ. منیش لەگەڵ خود بەڕێوەبەرێتی خەڵکدام، بەمەرجێک

ئەوکارە بەگران لەسەر جەماوەری باجدەر نەکەویتەوە. بەڵام لێرەدا حاڵەتەکە بەگران لەسەر جەماوەری باجدەر دەکەوێتەوە؛ ئنجا لەبەر ئەوە ـ؛ نەخێر نە بە خوا ـ لەگەڵ داوای لێبووردندا ـ من نا توانم ئەمجارە پشتگیری لە دکتۆر ستۆکمان بکەم. بەپارە ئینسان چی بخوازێ دەتوانێ بیکات؛ ئەوە بیروبۆچوونی منە.

پشتگیریکردنێکی زیندوانە لەهەموو لایەکەوە

**هوڤستاد**

هەست دەکەم کە پێویستە منیش ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی هەڵوێستی خۆمەوە بدەم. لەسەرەتادا وا دەردەکەوت کە وروژاندنەکەی دکتۆر ستۆکمان هەموو دەنگەکان بۆ خۆی بەرێتەوە و، منیش ئەوەندەی توانیم زۆر بێ لایانانە پشتیوانیم لێیکرد. بەڵام پاشان زانیمان، کە ئێمە بە ڕوونکردنەوەیەکی نادروست گومڕاکراوین ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

نادروست ـ!

**هوڤستاد**

یان ڕوونکردنەوەیەک کە کەمتر لە ڕاستییەوە نزیکە. ڕوونکردنەوەکانی قایمقام ئەوەی دەرخست. هیوادارم کەس لێرە لەم شوێنەدا گومان لە سروشت و هەستی (لیبراڵانەی)، ئازادیخوازانەی من نەکات؛ هەموو کەسێ هەڵوێستی " پەیامی خەڵک" لە مەسەلە ڕامیارییە گرنگەکاندا باش دەزانێ. بەڵام من لە ئەزموونی ژیان و پیاوانی هۆشمەندەوە فیربووم، کە لە مەسەلە سەراپا ناوخۆییەکاندا ڕۆژنامە پێویستە تائەندازەیەک بە وریاییەوە مامەڵەبکات.

**ئەسلاکسن**

من تەواو لەگەڵ ئەو وتەدەرەدا هاوڕام.

**هوڤستاد**

ئینجا لەو مەسەلەیەیی کە ئێستا هاتووەتە ئاراوە، بە هیچ شێوەیەک گومان لەوەدا نییە، کە خواستی جەماوەر دژی دکتۆر ستۆکمان ـ ە. بەڵام ئەرکی یەکمین و گرنگرتینی کەسێکی وەک سەرنووسەر چییە، بەڕێزان؟ ئایا ئەرکی ئەوە نییە کە بەگوێرەی ویستی خوێنەرانی خۆی کارەکانی بەئەنجام بگەیەنێت؟ ئایا ئەو دەسەڵاتێکی بێدەنگانەی پی نەسپێردراوە هەتا چوست و پڕوزە و ماندونەناسانە خۆشگوزەرانی بۆ هاوبیرانی فەراهەم بکات؟ یان ڕەنگبێ من لە وەدا هەڵەبم؟

**چەند دەنگێکی زۆر**

نەخێر، نەخێر، نەخێر! سەرنووسەر هوڤستاد ڕاست دەکات!

**هوڤستاد**

ئەوەی، کە پەیوەندیم لەگەڵ پیاوێکدا، لەگەڵ ماڵێکدا دابڕم کە پێشتر بەردەوام ئامشۆم کردوون و لایان میوان بووم، دووچاری ململانییەکی سەخت و گرانی کردم، ـ پیاوێک، کە هەتا ئەمڕۆش دەتوانێ شادمان بێت بە خواست و ویستی باش و بێ وێنەی لە پێناو هاوکاری و هەرەوەزیدا، بەهەرحاڵ ـ پیاوێک، کە ـ تەنها هەڵەی جەوهەری ئەو ئەوەیە، کە زیاتر ئامۆژگاری لە دڵی وەردەگرێ تا لە مێشکی.

**هەندێ دەنگ لێرە و لەوێ**

ڕاستە! هــوورا بۆ دکتور ستۆکمان!

**هوڤستاد**

بەڵام هەڵسان بە ئەرکی سەرشانم لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا بووە هۆی دابڕانم لەگەڵ دکتۆردا. ئینجا هۆیەکی تریش هەیە، کە وام لێدەکات لەگەڵیدا بجەنگم و، ئەگەر لەتواناشمدا هەبێت، لەسەر ئەو ڕێگە چارەنووس سازەی، کە ئەو گرتووەتییە بەر بیوەستێنم؛ ئەوەش لەبەر خاتری خێزانەکەی ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

باسی بۆری ئاو و ئاوەڕۆکان بکە!

**هوڤستاد**

ـ لەبەرخاتری هاوسەرەکەی و ئەو منداڵانەی کە ئیتر هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی ژیانیان نامێنێ.

**مۆرتن**

دایکە، ئەوە، ئێمەین؟

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

هیش!

لەگەڵ ئەوەشدا من دەخوازم پێشنیارەکەی جەنابی قایمقام بخەمە دەنگدانەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

پێویست ناکات! پێموانییە ئەم ئێوارەیە باسی هەموو ئەو چڵپاو و پیسیەیی گەرماوەکە بکەم. نەخێر؛ ئێوە تەواو گوێتان لە شتێکی تردەبێت.

**قایمقام** بەدەنگێکی کەمێک بەرز

ئەمەیان چییە دیسان؟

**پیاوێکی سەرخۆش** لەسەرەوە لەتەنیشت دەرگاکەوە

من هەقی باج دانم لەسەرە! بۆیە هەقی ڕادەربڕینشم هەیە! من ئەو ڕاوبۆچوونە تەواو ـ جێگیر و لەڕەگەوە هەڵنەکەندراوەم هەیە، کە ـ

**چەند دەنگێکی زۆر**

قسەمەکە، بێدەنگ بە!

**هەندێکی تر**

سەرخۆشە! بیکەنە دەرەوە!

پیاوە سەرخۆشەکە دەکرێتە دەرەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

نۆبەی منە قسەبکەم؟

**ئەسلاکسن** زەنگۆڵەکە لێدەدات

نۆبەقسەی جەنابی دکتۆر ستۆکمانە!

**دکتۆر ستۆکمان**

دەبووایە جەسارەتی هەوڵێکی لەم جۆرەی وەک ئەوەی ئەم ئێوارەیە، زووتر چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بدرایە، بۆ ئەوەی بێدەنگ کرێم! ئەوسا وەکو شێر داکۆکیم لە مافە پیرۆزە مرۆییەکانی خۆم دەکرد! بەڵام ئێستە تازە بەلای منەوە وەک یەکە؛ لەبەرئەوەی ئێستە من شت گەلێکی گەورەتر شک دەبەم تا لەبارەیانەوە قسەبکەم.

خەڵکە زۆرەکە زیاتر لێی نزیک دەبنەوە و لەدەوری کۆدەبنەوە. مۆرتن شیل لە نێو ئەوانەی وەستاون دێتە پێشەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** درێژە بە قسەکانی دەدات

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا گەلێ بیرمکردەوە و ڕامام، ـ هێندە زۆر ووردبوومەوە، تا لە کۆتاییدا مێشکم چۆن بڵێی کۆنترۆڵی لەدەست دا ـ

**قایمقام** کۆکەیەک دەکات

هــم ـ!

**دکتۆر ستۆکمان**

ـ بەڵام پاشان لە شتەکان تێگەیشتم و؛ پەیوەندی شتەکانم بەیەکترییەوە تەواو بۆ ئاشکرا بوو. هەر لەبەر ئەوەشە من ئەم ئێوارەیە لێرەدا وەستاوم. هاوڵاتیان، من دەمەوێ پەردە لەسەر زۆر شت هەڵگرم! دەمەوێ  دۆزینەوەیەکتان پێ ڕابگەیەنم کە تەواو لە مەودایەکی تردا یە،  لە چاو شتە بچکۆلەکاندا، دەمەوێ پێتان ڕابگەیەنم، کە بۆڕی ئاوەکانمان ژەهراوین و گەرماوەکامان کە گوایە بۆ چارەسەری تەندروستیە، لەسەر بنەمایەکی پڕە لە نەخۆشی تاعوون هەڵنراوە.

**دەنگی حەشاماتەکە** بەهاوارکردنەوە

باسی گەرماوەکە مەکە! نامانەوێت گوێمان لێبێت. هیچ لەبارەی گەرماوەکەوە مەڵێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

وتم دەمەوێ دەربارەی ئەو دۆزینەوە گەورەیە قسەتان بۆ بکەم، کە لەم ڕۆژانەی دوایدا بەئەنجامم گەیاند، -

ئەو دۆزینەوەیەیی، کە هەموو سەرچاوە مەعنەویەکانی ژیانمان ژەهراوی بوون و هەموو کۆمەڵگەی مەدەنیمان لەسەر بناغەیەکی درۆزنانەی بارگاوی بە نەخۆشی تاعوون ڕاوستاوە.

**دەنگ گەلێکی سەراسیمەن بوو** کەمێک بەرز

ئەوە چی دەڵێت؟

**قایمقام**

توومەتبارکردنێکی ئەوها -!

**ئەسلاکسن** دەستی بە زەنگەکەوەیە

داوا دەکەین وتەبێژ لەسەر خۆ و میانڕەو بێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

من ئەو شارەم زۆر خۆش دەوێت کە تێیدا لە دایک بووم، وەکو هەندێ کەس کە شوێنی لەدایک بوونی خۆیان خۆش دەوێت. من کە ئێرەم بە جێهێشت، هێندە گەورە نەبووم، بۆ من، دووری و تاسە و یادەوەری بریقە و ڕەونەقێکی زیاتریان دا بەم شوێنە و خەڵکەکەی.

چەند چەپڵە و هاوار هاوارێک دەبیسترێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

ساڵانێکی زۆر، دوور لەباکور لە گۆشەیەکی زراوتۆقێندا ژیانم بەسەردەبرد . کاتێک بە هەندێ لەو خەڵکانەی گەیشتم، کە لێرە و لەوێ لە نێو گردە بەردینییەکاندا دەژیان گەلێ جار دەگەیشتمە ئەو باوەڕەی، کە بۆ ئەو شوێنە و بۆ ئەو مەخلوقە فەوتا و بەسەزمانانەش، سوودبەخشترێکبوو ئەگەر دکتۆرێکی ئاژەڵیان، لەبری پیاوێکی وەک من بۆ بناردبانایە.

لە ناو ساڵۆنەکدا دەبێتە ورتە ورت.

**بیلینگ** قەڵەمەکەی دادەنێت

خوا بمکوژێ یاخوا ئەگەر من هەرگیز گوێم لە قسەی وا بووبێت -!

**هوڤستاد**

ئەمە گاڵتەکردنە بە ڕەش و ڕووتی شەرافەتمەند!

**دکتۆر ستۆکمان**

کەمێک بە یارمەتی ـ باوەڕناکەم کەس بتوانێ بەوە تاوانبارم بکات، کە من زێدیخۆم لەوێ، لەبیر چووبێتەوە. من لەوێ وەک مراوی چۆن لەسەر هێلکە کڕ دەکەوێ کڕکەوتبووم؛ ئەو هێلکەیەش کە لە ئەنجامی ئەو کڕکەوتنەدا تروکا. پلانی دامەزراندنی گەرماوەکەی ئێرە بوو.

چەپڵەڕێزان و دەنگی ناڕەزایی دەربڕین.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئینجا دواجار کە چارەنووسی لەزووەوە چاوڕوانکراو، خۆشبەختانە زۆر جوان و دڵوالا بۆم هاتە پێش، بەجۆرێک کە من دووبارە بتوانم بگەڕیمەوە بۆ زێدیخۆم، ـ بەڵێ، هاوڵاتیانی خۆشەویست، ئەو کاتە پێموابوو کە ئیتر من لە دنیادا لەوە زیاتر هیچ ئاواتیکی ترم نییە. بـا، من ئەو خولیاو ئارەزووەم هەبوو، بەتاسەوە، بێ ماندووبوون، کاربکەم و بسوتێم لە پێناو باشترکردنی وڵات و بەرژەوەندی گشتی دا.

**قایمقام** سەیری ئاسمان دەکات

ئەم تەرزی مامەڵەکردنە شتێکی عەجیبە ـ هـــم.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئینجا لێرەش بەخۆشبەختیەکی کوێرانەوە کەوتمە هەڵپە و هەڵوشین. بەڵام دوێنێ پێش نیوەڕۆ ـ نەخێر، لەڕاستیدا پێرێ ئێوارە بوو ـ کە ڕۆحم چاوەکانی هەڵهانی و بە چاوی ڕۆح، یەکەم شت، کە بینیم، بێ ئەندازە گێلۆکەیی دەسەڵات بوو ـ

دەنگەدەنگ و هات و هاوار و قاقای پێکەنین. خانمی ستۆکمان بە توندی دەکۆکێ.

**قایمقام**

جەنابی سەرۆک!

**ئەسلاکسن** زنگۆڵەکە لێدەدات

بەحوکمی ئەو دەسەڵاتەی هەمە ـ !

**دکتۆر ستۆکمان**

خۆ بە وشەیەکەوە لکاندن ڕژدی و پیسکەییە، جەنابی ئەسلاکسن! من هەر مەبەستم ئەوەیە، کە من ئەو پیسی و گولیە بێ ئەندازەیەیی گەرماوەکەم دۆزییەوە، کە ئەوان، پیاوانی سەرکردە تییدا تاوانبارن. من ئەگەر لەو پێناوەشدا بمرم تەحەمولی پیاوانی سەرکردە ناکەم؛ـ من لەو جۆرە کەسانەم زۆر لە ژیاندا بینیوە. ئەوانە وەک نێرەبزن وان لە دەوەنێکی پڕ لە نەمامی ساوادا؛ ئەوانە لە هەموو شوێنێک زیانبەخشن؛ ئەوانە ڕێگری لە پیاوێکی ئازاد دەکەن، هەتا وای لێدەکەن لەڕێی خۆی لابدا و بگەڕێتەوە، ـ ئاوەتەخوازم ئەو ڕۆژە ببینم، ئێمە بتوانین ئەوانە وەک زیندەوەرە زیانبەخشەکان ڕیشەکێش کەین ـ

نائارامی لە هۆڵەکەدا.

**قایمقام**

جەنابی ڕێبەر، ئایە ئەم جۆرە قسانە ڕێگەپێدراون؟

**ئەسلاکسن** دەستی بە زەنگۆلەکەوەیە

جەنابی دکتۆر-!

**دکتۆر ستۆکمان**

من تێناگەم، کە ئێستە بۆ یەکمجار ، من ئەو بەڕێزانە بەتەواوی بەچاوێکی هوشیارانەوە دەبینم؛ چوونکە بەڕاستی من تاڕادەیەک هەموو ڕۆژێک نموونەی هێجگار نایاب بەچاوی خۆم لەم شارەدا دەبینم، - پێتەری برام، - خاوخلیچکە لە بڕیارداندا و لە حوکم بەسەر خەڵکدانیشدا جیڕە -

قاقای پێکەنین، هاتوهاوار و فیکەلێدان. خانمی ستۆکمان دەکۆکێ.

ئەسلاکسن بە توندی زەنگۆڵەکە لێدەدات.

**پیاوە سەرخۆشەکە** کە دووبارە هاتووەتەوە ژوورەوە

مەبەستان منە؟ بەڵێ، چوونکە هەربەڕاستی من ناوم پێتەرشنە؛ بەڵام نـا مەگەر ئەهریمەن هێزم بێنیتەوە بەر-

**چەند دەنگێکی تووڕە**

ئەو پیاوە سەرخۆشە بکەنە دەرەوە! فڕێیدەنە دەرەوە!

کابرا دووبارە دەکرێتەوە دەرەوە.

**قایمقام**

ئەو نەفەرە کێیە؟

**کەسێکی لە نزیکەوە وەستاو**

نایناسم، جەنابی قایمقام.

**یەکێکی تر**

خەڵکی ئەم شارە نییە.

**کەسی سێیەم**

بارەدار فرۆشێکی ئەو دوورەیە - (باقیەکەی نابیستریێ)

**ئەسلاکسن**

کابرا دیاربوو بە بیرەی بایار سەرخۆشبوو. لەجیگەی خۆتان ڕاوەستن، جەنابی دکتۆر؛ بەڵام دواجار هەوڵبدەن کە لەسەرخۆبن.

**دکتۆرستۆکمان**

باشه ئیتر، هاوڵاتیه بەڕێزەکانم؛ من ئیتر لە قسەکانمدا لە پیاوانی سەرکردە نزیک نا کەومەوە. ئەگەر یەکێک وای بە خەیاڵدا بێت، گوایە لەو قسانەی من کردم، ئەم ئێوارەیە، دەمەوێت زەرەروزیان بەو بەڕێزانە بگەیەنم، ئەوا بەهەڵەدا چووە،- تا ئەندازەیەکی زۆر بەهەڵەدا چووە. لەبەرئەوەی من هێمن بوونەوەیەکی خێرخوازانەم بۆ ئەم بارودۆخە بەلاوە پەسەندە، چوونکە ئەو پاشکەوتوانە، هەموو ئەو پیروپەکەوتانەی کە سەر بە بیروبۆچوونی دنیایەکی ووردە ووردە بەرەو نەمان چوون، بەشیوەیەکی زۆر نایاب، ئەوانە خۆیان مشووری بەرەو تاریکی چوونی خۆیان دەخۆن؛ هیچ پێویست بە یارمەتی دکتۆر ناکات هەتا ڕەوتی بەرەو پیری مەرگ چوونیان خێراترکات. ئینجا تازە ئەوانە لەو جۆرە خەڵکانەش نین، کە بەهێزترین مەترسی بن بۆ سەر کۆمەڵگە؛ چوونکە ئەوە ئەوان نین، کە بەگوڕو تینەوە لە هەڵپەی ژەهراویکردنی سەرچاوەی ژیانی ڕۆحیمان و بۆگەن بەردانە شوێنی گوزەرانماندان؛ ئەوە ئەوان نین، کە مەترسیدارتین دوژمنی هەقیقەت و ئازادی نێو کۆمەڵگەکەمانن.

**هات و هاوار لە هەموو لایەکەوە**

ئەی کێن؟ کێن ئەوانە؟ ناویان بێنە!

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئێوە بە ئاواتەوەن، من ناوی ئەوانە بێنم! چوونکە دروست ئەوە ئەو دۆزینەوە گەورەیەیە، کە من دوێنێ بە ئەنجامم گەیاند. (دەنگ بەرزدەکاتەوە) مەترسیدارترین دوژمنی هەقیقەت و ئازادی لە ناوماندا، زۆرینەی پتەوە. بەڵێ، ئەوە ئەو زۆرینە لیبراڵە، پتەوە، بەنەفرەت بووەیە، - کە دوژمنی هەقیقەت و ئازادیە! ئەوا ئێوە زانیتان.

دەنگە دەنگێکی هێجگار زۆر لە هۆڵەکەدا. زۆربەی زۆری خەڵک هاوار دەکەن و پێ بە ئەرزدا دەکوتن و فیکە لێدەدەن. هەندێ پیاوماقوڵی بەتەمەن بەدزییەوە سەیری یەکتری دەکەن و بەوەزعەکە دڵخۆشن. خانمی ستۆکمان بەترسەوە هەڵدەسێتە سەرپێ؛ ئایلیف و مۆرتن بە هەڕەشەوە بەرەو قوتابیەکان دەچن، لەوێدا گێرە شێوێنی دروست دەبێت. ئەسلاکسن زەنگۆلە لێدەدات و داوای بێدەنگی و ئارامی دەکات. هوڤستاد و بێلینگ هەردوو پێکەوە قسە دەکەن، بەڵام کەس گوێی لە هیچ نییە. دواجار بیدەنگی دروست دەبێت.

**ئەسلاکسن**

سەرۆکی کۆنگرە چاوەڕوانە، وتەبێژ لە قسە هەڵەباشەکانی پاشگەزبێتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

هەرگیز، جەنابی ئەسلاکسن. چوونکە ئەوە زۆرینەی گەورەیە کە لە کۆمەڵگەکەماندا ئازادیم لێ زەوت دەکات و، لێم قەدەغەدەکات کە هەقیقەت بدرکێنم.

**هوڤستاد**

هەق هەمیشە بەلای زۆرینەوەیە.

**بێلینگ**

هەروەها هەقیقەتیش؛ خوا بمکوژی گەر درۆبکەم!

**دکتۆر ستۆکمان**

من دەڵێم، هەرگیز هەق بەلای زۆرینەوە نییە، هەرگیز! ئەوە یەکێکە لە درۆکانی کۆمەڵگە، کە پیاوی ئازاد و بیرمەند دەبێ دژی بووەستێتەوە. کێن ئەوانەی زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتێک پێکدەهێنن؟ ئایا ئەوانە خەڵکانی زیرەکن، یان خەڵکانی دەبەنگ؟ من بیر لەوە دەکەمەوە، ئێمە دەبێ لەسەر ئەوە هاوڕابین، کە لە تەواوی دنیایی بەریندا، مرۆڤە دەبەنگەکان ئامادە بوونێکی زۆر بە هێز و سامناکیان لە نێو گەلێردا هەیە. باڵام نەفرەت لە شەیتان ، هەتا دنیا دنیاییە هەرگیز ئەوە ڕاست نییە، کە ئەو دەبەنگانە بەسەر خەڵکی زیرەکەوە ئاغا و دەسەڵاتتدار بن.

دووبارە دەنگەدەنگ و هات و هاوار.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەڵێ؛ بێگومان ئێوە دەتوانن بەهات و هاوارەکانتان نەهێڵن دەنگم دەربێت؛ بەڵام ناتوانن بەرپەچم بدەنەوە. زۆرینە – بەداخەوە - خاوەن دەسەڵات و هێزە؛ بەڵام لەسەر هەق نییە. هەق بەلای من و خەڵکێکی کەمی ترەوەیە، بەلای تاك و تەراوە. کەمینە هەمیشە لەسەر هەقە.

دوبارە هات و هاوارێکی زۆر.

**هوڤستاد**

هاها؛ دکتۆر ستۆکما لە پێرێوە بووە بە ئەرستۆکرات!

**دکتۆر ستۆکمان**

من وتومە، کە تاقەتی بەفیڕۆدانی یەک وشەم نییە بۆ ئەو مێگەلە بچووکە، سنگ تەنگە هەناسەسوارەی، کە لە دواکەوتندا دەتلێتەوە. لەگەڵ ئەوانەدا دڵ بۆ خۆشگوزەرانی ژیان لێدان شتێک نییە باسبکرێ. بەڵام من بیر لەو کەمینە کەمە دەکەمەوە، لە ناوماندا، ئەو خەڵکە سادەیەی، کە خۆیان لەسەر هەموو ڕاستییە تازە ڕسکاوە چەکەرەکردووەکان ڕاهێناوە. ئەم پیاوانە چۆن بڵێی لە نێوان پاسەوانانی بەرەی پێشەوەی سوپا و هێڵی جیاکەرەوەی جەنگدا، کە هێشتا زۆرینەی پایەدار نەچووەتە ناوی، ـ ئەوان لەوێدا لە پێناوی هەقیقەت گەلێکدا تێدەکۆشن، کە لە پزدانی هۆشی جیهاندا هێشتا لەدایکبوونی نوێیە، چ جای ئەوەی زۆرینەیان لەگەڵدا بێت.

**هوڤستاد**

ئێ، خۆ ئەوە دکتۆر بوو بە پیاوێکی شۆرشگێڕ!

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، من وام، جەنابی هوڤستاد! بەنیازم دژ بەو درۆیەیی، کە دەڵێ هەق بەلای زۆرینەوەیە، شۆڕشێ بەرپا بکەم. ئەوە چ هەقیقەتگەلێکە، کە بە شێوەیەکی ئاسایی زۆرینە لەدەوری کۆدەبنەوە؟ ئەوە ئەو هەقیقەتگەلە تابڵێی بە ساڵا چووانەن، کە بەرەو کەنەفتی و پەکەوتەیی دەچن. بەڵام بەڕێزەکانم، ئینجا هەقیقەتێک کە هێندە بە ساڵا چوو بێت، زۆر بە باشی دیارە کە ئەو هەقیقەتە بەرەو درۆبوون دەچێت.

پێکەنین و گاڵتەجاڕی دەربڕین.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەڵێ، باوەڕم پێبکەن، ئەگەر دەتانەوێ؛ بەڵام هەقیقەتەکان بەهیچ شێوەیەک شتگەلێکی بەساڵاچووی جیڕ و قیرسیچمەی وەک مێتوسالیم نین، وەک ئەوەی خەڵک وێنە نیانیان دەکەن. هەقیقەتێکی ئاسایی ڕاساو بەگوێرەی یاسا و ڕێساکانی مانەوە و بەردەوام بوون هەر بۆ ماوەی ـ با بڵێین ـ ١٧ـ ١٨، ئەوپەڕی ٢٠ ساڵ؛ بەدەگمەن لەو ماوەیە زیاتر دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو جۆرە هەقیقەتانەی کە بەو شێوەیە زۆر دەمێننەوە، هەمیشە زراو تۆقێنەرانە لەڕولاوازن. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بێ یەک و دوو گەلێر لە دەوری ئەو هەقیقەتگەلە لەڕولاوازانە کۆدەبنەوە و وەک خۆراکێکی ڕوحی تەندروستیش بۆ کۆمەڵگەی پێشنیار دەکەن. بەڵام من دەتوانم لەوە دڵنیاتان بکەمەوە و، ئینجا وەک دکتۆریش پێویستە ئەوە بزانم، کە ئەو جۆرە خۆراکە هیچ بەهایەکی تەندروستی گەورەی تێدا نییە. ئەو هەقیقەتگەلەی زۆرینە تەپڵی بۆ دەکوتێ، هەموویان لە خۆراکی ماوە بەسەرچووی ساڵانی ڕابردوو دەچن؛ وەکو گۆشتی بەرازی کەم خوێکراوی بۆگەن و کەڕواوی. ئینجا ئەو هەموو نەخۆشی ئەسکەرپووتە[32] ڕەوشتیانەی، کە لە کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن لەوێراوە سەرچاوە دەگرن.

**ئەسلاکسن**

وای بۆ دەچم، وتەبێژی بەڕێز زۆر لەدەقی باسەکە چوو بێتە دەرەوە.

**قایمقام**

هەرلەبنەڕەتەوە دەبێ دانبەوەدا بنێم کە من لەگەڵ بۆچوونەکەی ڕابەری کۆڕدام.

**دکتۆر ستۆکمان**

نـــەخێر، من لەوباوەڕەدام تۆ تەواو شێتیت، پێتەر! من هەتا بۆم بکرێ، لە باسەکە دوورناکەومەوە. چوونکە، ئەوەی من دەمەوێ لەبارەیەوە قسەبکەم، دروست ئەوەیە، کە برێکی زۆر، زۆرینە، ئەم زۆرینە پایەدارە نەعلەتییە،ـ ئەوە ئەوەیە کە، من دەڵێم، سەرچاوەی ژیانی ڕۆحیمان ژەهراوی دەکات و لە شوێن و جێی ژیانکردنمان نەخۆشی تاعوون بڵاودەکاتەوە.

**هوڤستاد**

ئەو خەڵکە زۆرینە گەورە بیرئازادە بۆیە بەوشێوەیە ڕەفتاردەکەن، چوونکە بێگومان ئەوە زیرەکییە کە تەنها دان بەو هەقیقەتگەلەدا بهێنیت کە زامن و پەسەندکراون؟

---

[32] ئەسکەرپووت: نەخۆشییەکە بە هۆی کەمی ڤیتامین سی یەوە درەوست دەبێت. وەرگێر

**دکتۆر ستۆکمان**

بەداخەوە، جەنابی هوڤستادی میهرەبان، باسی هەقیقەتی زامنکراو مەکە! ئەو هەقیقەتگەلەی کە ئاپۆرەی خەڵک و زۆربەی هەرە زۆر پەسەندی دەکەن، ئەوانە ئەو هەقیقەتگەلەن، کە جەنگاوەرانی بەرەی پێشەوەی ڕۆژانی باوباپیرانمان زامنیانکردون. ئێمە، جەنگاوەرانی ئێستای بەرەی پێشەوەی ئەمڕۆ، چی دی ئەو هەقیقەتگەلە پەسەندناکەین؛ ئینجا من بە هیچ شێوەیەکیش لەو باوەڕەدانیم، هیچ هەقیقەتێکی زامنکراوی تر بوونی هەبێت، جگە لەو هەقیقەتەی، کە هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێ لەسەر ئەو جۆرە هەقیقەتگەلە کۆنە پوچانە ژیانێکی تەندروستانە بژی.

**هوڤستاد**

بەڵام لەباتی ئەوەی لێرەدا بووەستی بەم شێوەیە و قسە لە سەر شتێکی نادیار و دەست نیشاننەکراو بەکەیت، ڕەنگە خۆشتر بێت بزانرێ، ئەو هەقیقەتگەلە کۆنە پووتانە چین، کە ئێمە لەسەریان دەژین.

لە چەندلایەکەوە هاوڕابوون لەسەر ئەو قسەیە دەردەبڕدرێت.

**دکتۆر ستۆکمان**

هۆ، دەتوانم دنیایەک لەو جۆرە شتە قێزەوەنانە بژمێرم؛ بەڵام پێش هەموو شتێک دەخوازم لەسەر هەقیقەتێکی پەسەندکراو قسەبکەم، کە لە هەقیقەتدا درۆیەکی دزێوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەم جەنابی هوڤستاد و هەم "پەیامی خەڵک" و هەم هەموو هەوادارانی "پەیامی خەڵک" یش لەسەری دەژین.

**هوڤستاد**

ئەوشتەش ـ؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە ئەوپەروەردە و فێربوونەیە، کە ئێوە بە میرات لە باوباپیرانتانەوە بۆتان ماوەتەوە و ئینجا بەبێ بیرکردنەوەش بەڕاست و چەپدا ڕایدەگەیەنن.ـ ئەو پەروەردەیەیی کە، ڕەشوڕووت، مێگەل، ئاپۆرە، جەوهەری خەڵکن.ـ خەڵک خۆیین.ـ زۆرینەن، نەزان و بێ ئەزموونەکانی ناو کۆمەڵگەش، بە هەمان شێوەی تاکە هۆشمەند و تێگەیشتو و خاوەن کەسایەتییەکان، مافی حوکم بەسەرداان و پەسەنکردن و ڕالێبوونیان هەیە.

**بیلینگ**

ئێستە ئیتر من، خوا ڕۆحم بکێشێ، یاخوا ـ

**هوڤستاد** لەهەمان کاتتدا، هاواردەکات

هاونیشتمانیان، سەرنجی ئەو قسەیە بدەن!

**دەنگ گەلێکی تووڕە**

هوووها، بۆ ئێمە خەڵک نین؟ هەردەبێ ئەو تێگەیشتووانە فەرمانڕەوابن!

**کرێکارێک**

ئەوەی ئەو قسانە دەکات، بیکەنە دەرەوە!

**هەندێکی دی**

هەرلەدەرگاوە فڕیدەنە دەرەوە!

**هاوڵاتییەک** هاواردەکات

فووبکە بە بوقەکەدا، ئێڤێنسن!

دەنگی تۆنگەلێکی زۆری بوقە فووپێداکراوەکە و؛ فیکە و هات و هاواری خەڵکی تووڕە لە هۆڵەکادا دەبیستریَ.

**دکتۆر ستۆکمان** کە دەنگەدەنگەکە هەندێک هێوردەبێتەوە.

کەمێک نەرم و ژیربن! تەنانەت بۆ تەنها جارێکیش ناتوانن گوێبیستی هەقیقەت بن؟ خۆ من چاوەڕوانی ئەوە نیم، کە ئێوە ئێستا هەمووتان پێکەوە لەگەڵم هاوڕابن. بەڵام بەڕاستی چاوەڕێ بووم، جەنابی هوڤستاد کەمێک خۆی گورج بکاتەوە و، دان بەوەدا بنێت کە من لەسەر هەقم. چوونکە جەنابی هوڤستاد بانگەواز بۆ ئەوە دەکات کە مرۆڤێکی ئازادبیرە[33] ـ

**بەسەرسوڕمانەوە پرسیار کردن** بەهێواشی

ئازاد بیر، ئەوە چی وت؟ چی؟ هوڤستادی سەرنووسەر ئەویش سەر بە ئازاد بیرانە؟

**هوڤستاد** هاواردەکات

بیسەلمێنە، دکتۆر ستۆکمان! لەکوێدا من شتی ئاوهام بڵاوکردووەتەوە؟

**دکتۆر ستۆکمان** بیردەکاتەوە

نەخێر، بە ئازارەکانی مەسیح، ئێوە ڕاست دەکەن؛ـ ئێوە هەرگیز ئەو جوورئەتەتا نەبووە. بەهەقیقەت، من ئێستا نامەوێ بتانخەمە باروذۆخێکی دژوارەوە، جەنابی هوڤستاد. گوێی مەدەرێ، با من هەرخۆم کەسێکی بیر ئازاد بم. چوونکە ئێستا لە ڕێی زانستی سروشتناسییەوە من بۆ هەمووتانی ڕووندەکەمەوە، کە " پەیامی خەڵک" بە شێوەیەکی بێ ئابڕوانە گاڵتەتان پێدەکات، کاتێک پێتان دەڵێ، کە ئێوە، ئاپۆڕە، حەشامات و گەلێر کرۆکی ڕاستەقینەی گەلن. ئەوە تەنها درۆیەکە لە درۆکانی ڕۆژنامەکە، حاڵی بوون! ڕەشو ڕووت لە کەرەسیەکی سەرەتایی خام زیاتر نیین، کە ڕۆژنامەی خەڵک دەخوازێ بیانکات بە خەڵک.

بۆڵەبۆڵ، قاقای پێکەنین و نائارامی لە هۆڵەکەدا.

**دکتۆر ستۆکمان**

---

[33] بیرئازاد: ئەم دەستەواژەیە لە ساڵانی ١٧٠٠ دەکاندا دروست بوو ، بۆ وسفکردنی ئەو کەسانەی کە خوازیاری ژیان و بیرکردنەوی خۆیان بوون بەدەر لە دەسەڵاتی کەنیسە. وەرگێڕ.

بەڵێ، بۆ مەگەر ئەوە لە هەموو دنیادا هەر بەهەمان شێوە نییە؟ چۆن لە نێوان توخمی ئاژەڵی پەروەردەکرا و ناپەروەردەکراودا جیاوازی نییە؟ هەر تەماشای مریشکی دووڕەگە بکەن . دەبی پەلەوەرێکی ئەوها لەڕ، چ گۆشتێکی پێوە بێ؟ بێگومان، گۆشتێکی وای پێوە نییە! ئینجا دەبێ مریشکی وا چ جۆرە هێلکەیەکیش بکات؟ دیارە جۆرە هێلکەیەک کە تاڕادەیەک قەلە سابوونەو قەلەباچکەش دەتوانن هێلکەیەکی باش بە ئەندازەی ئەو هێلکەیەی ئەو دەیکات، ئەوانیش بیکەن. بەڵام تۆ وەرە سەیری مریشکێکی پەروەردەکراوی ئیسپانی یان یابانی یان فاسان و قەلەمونێکی بەهادار بکە؛ ـ ئا، بێگومان ئەوسا جیاوازییەکە دەبینن! ئینجا با باسی سەگیشتان بۆ بکەم، ئەو ڕەگەزەی کە ئێمەی مرۆڤ بەشێوەیەکی نائاساییانە لە نزیکەوە خزمایەتیمان لەگەڵیدا هەیە. یەکەم شت بیر لە سەگێکی خوێڕی بکەنەوە،ـ با بڵێین، سەگێکی پیسی، تیسکنی، بەرەڵای ڕەگەزچروک، کە بە جادەکاندا دەسووڕێتەوە و میز بە دیواری ماڵاندا دەکا. ئینجا وەرە بەراوردی ئەو سەگە ڕەچەڵەک چروکە لەگەڵ سەگێکی موونەرمی خاوێن بکە کە بۆ پاسەوانیکردن لە ماڵدا ڕاگیراوە و بە چەند ڕەگەزێک دەچێتەوە سەر وەچەکانی پێشتری خۆی، کە لە ماڵێکی وەجاخزادەدا بەجوانی زاوزێیکردووە و بۆی ڕەخساوە دەنگی مۆسیقا و هارمۆنی ببیستێت. ئێوە لەو باوەڕەدا نین گەشەکردنی ئێسکەسەری سەگە موونەرمە لە ماڵدا ڕاگیراوەکە تەواو لەگەڵ گەشەکردنی کاسە سەری سەگە بەرەڵاکەدا جیاواز بێت؟ با، بێگومان دەبێ ئێوە لەوە دڵنیابن! ئەوە ئەو جۆرە سەگە موونەرمە لەماڵدا ڕاگیراوەیە، کە تەنافبازەکان فێری سەرسوڕهێنەرترین هونەریان دەکەن. جۆرە هونەرگەلێک کە سەگی بی خاوەنی ڕەگەزچروک، هەرچییەک بکا، هەرگیز فێری نابێ.

لە هەمووولایەکەوە دەنگە دەنگ و دەنگی گاڵتەجاری دەبیسترێ.

**هاوڵاتیەک** هاواردەکات

دەتانەوێ بشمانکەن بە سەگ؟

**یەکێکی تر**

ئێمە ئاژەڵ نین، جەنابی دکتۆر!

**دکتۆر ستۆکمان**

با بەویژدانم ئێمە هەمووومان ئاژەڵین! ئێمە هێندە ئاژەڵی چاکین، هەمووومان، هەر بەو شێوەیەی کە هەندێک پیاو دەخوازن. بەڵام بەڕاستی ئاژەڵی ئەسڵزادە لە نێو ئێمەدا زۆر نین. ئـاخ، چ مەودایەکی زراوتۆقێنانە لە نێوان مرۆڤی نەجیبزادە و مرۆڤی نانەجیب دا هەیە. ئینجا عەجیب ترین شتیش ئەوەیە، کە سەرنووسەر هوڤستاد، تا ئەو کاتەی ئەم قسەیە دەربارەی ئاژەڵە چوارپێکان بێت، زۆر لەگەڵم هاوڕایە ـ

**هوڤستاد**

بەڵێ وازیان لێ بێنە خۆیان چۆنن با هەروا بن.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ؛ بەڵام هەر کە من یاساکە بەرفراواندەکەم بە جۆریک کە دووپاکانیش بگرێتەوە، ئەوا خێرا جەنابی هوڤستاد دەچەقێت و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ بیروبۆچوونەکانی خۆی دەربرێت و تا کۆتایی بیرەکانی خۆی بکاتەوە؛ ئینجا دێ ئەو زانستە هەمووی بەهەڵگەڕاویی لە رۆژنامەکەی " پەیامی خەڵک" دا ڕادەگەیەنێ، گوایە کەڵەشێری دوڕەگ و سەگی ناڕەسەن ـ دروست دوو نموونەی شکۆمەندی پێشانگای ئاژەڵانن. بەڵام، هەتا ئەو ناژیارییە دەشتەکیانەیە لە بەدەنی یەکێکدا ڕەگی داکوتابێ و، هەتا یەکێک بۆ گەیشتن بە رۆحیەتێکی نەجیبزادانە لەگەڵ خۆیدا کاری نەکردبێت، **ئەوە** هەمیشە بەو شێوەیە ڕەپێش دەچێ و ڕێچکە دەگرێ.

**هوڤستاد**

بە هیچ جۆرێک من ئیدیعای نەجیبزادەیی ناکەم. من لە جوتیاری لادێی سادە کەوتوومەتەوە و شانازیش بەوەوە دەکەم، کە ڕەگ و ڕەچەڵەکم قووڵ ڕۆچووەتە ئەو خەڵکە دەشتەکییەیی کە لێرەدا گاڵتەی پێدەکرێت.

**چەند کرێکارێکی زۆر**

هووڕا، هووڕا، هووڕا، بۆ هوڤستاد**!**

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەو خەڵکە دەشتەکییەیی کە من باسی دەکەم، بەتەنیا هەر قووڵ ڕۆنەچووەنەتە خوارەوە؛ ئەوانە بەدەورمانەوە مۆڵگەیان بەستووە و، ـ هەتا ئاستی پایەبەرزانی نێو کۆمەڵگەش مۆڵیان خواردووە. ئێوە هەر سەیری قایمقامە قۆزە، ڕێکپۆشەکەی خۆتان بکەن**!** بەڕاستی پێتەری برام هیندە پیاوێکی دەشتەکیە، وەک کەسێک، کە هەر لە جوتێ پێڵاودایە و هیچی تر ـ

قاقای پێکەنین و داوای بێدەنگی کردن.

**قایمقام**

من دژ بەو جۆرە ئاماژەکردنە بۆ ئەسڵ و فەسڵی کەسایەتیم ئیعتیرازم هەیە.

**دکتۆر ستۆکمان** بێ خۆتێکدان

ـ ئیعتیرازی نییە، چوونکە ئەویش، هەروەکو من، ئەسڵ و نەژادی دەگەڕێتەوە بۆ پیرە دزێکیدەریایی نامیهرەبانی خەڵکی **پومەرن**[34] یان ئەو دەوروبەرە، ـ بەڵێ، ئەوە ئەسڵی ئێمەیە ـ

**قایمقام**

داب و نەریتی نابەجێ ـ ڕەتدەکرێتەوە**!**

**دکتۆر ستۆکمان**

[34] پومەرن: ناوچەیەکە لە ئەڵمانیا و پۆڵەندا ، لەسەر دەریایی باشوور. وەرگێر.

ـ بەڵام ئەو هەر بەڕەچەڵەک ئاوهایە، چوونکە ئەو وەکو پێشینەکانی خۆی بیردەکاتەوە و ڕاوبۆچوونیشی ڕاو بۆچوونی پێشینەکانی خۆیەتی. ئەو خەڵکانەی بەو شێوەیە کاردەکەن، ئەوانە سەر بە پیاوانی ڕوح ناشارستانی و دەشتەکین ؛ تێگەیشتن، لەبەرئەوەیە کە برا پایەبەرزەکەم پیتەر هەر لەبنەڕەتەوە تابڵێی نەجیبزادەیی تێدا کەمە، ـ بێگومان بیر ئازادیشی تێدا هەر کەم وکەچە.

**قایمقام**

جەنابی کۆڕبەڕیوەبەر ـ!

**هوڤستاد**

کەوابێ ئەوە نەجیبزادەکانن کە لەم وڵاتەدا خاوەنی بیری ئازادن؟ ئەمە زانیارییەکی زۆر تازە بوو.

قاقای پێکەنین لە نێو خەڵکە گردبووەکەدا.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئەوەش بەشێکە لە داهێنان و دۆزینەوە نوێکەی من. ئەوەش کە دەڵێ، تەوەری بیری ئازاد و لیبراڵ دروست هەمان تەوەری هۆشمەندی ئەخلاقیە، دیسان سەر بە دۆزینەوەکەی منە. ئاخر لەبەرئەوەیە کە من دەڵێم، ناتوانرێت چاوپۆشی لەوە بکریت کە بەم ڕۆژگارە ڕۆژنامەی " پەیامی خەڵک" ، بەردەوام ئەو پەندە هەڵەوگەڕاوە، پێچەوانەی ڕاستییە بە گوێی خەڵکدا دەدات، کە گوایە ئەوە گەلێری زۆروزەبەند و زۆرینەی پایەدارن، کە خاوەنی بیری ئازاد و هۆشمەندی ئەخلاقین و،ـ ئینجا خووخەدەی خراپ و گەندەڵی و هەموو جۆرەکانی ڕۆح پیسی، ئەو شتانەن، کە لە کولتورەوە دەدەڵێنن و دزەدەکەن، وەکوو چۆن هەموو پیسێتی دەباخانەکانی مۆلەداڵن دادەچۆڕێنە ناو گەرماوەکەوە!

غەوغا و قسەپێبڕین

**دکتۆر ستۆکمان** هێمن، بە تاسەوە پیدەکەنێت

کەچی هێشتا " پەیامی خەڵک" دەتوانێ لەبارەی تێهەڵکشانی گوزەرانی زۆرینەی زۆرەوە بۆ بەرەوژوورتر "واز" و ئامۆژگاری بدات! بەڵام، خوا دەزانێ، ـ ئەگەر بێت و " پەیامی خەڵک" لەسەر ئەو بیروبۆچوونەی بەردەوام بێت، ئەوا بەرزکردنەوەی باری گوزەرانی خەڵک، دروست وای لێدێت وەک ئەوەی، کە لە نێو فەساد و گەندەڵییەکی سەرقەپاتکراودا ڕابژێنرێت! بەڵام خۆشبەختانە ئەوەی کە گوایە کولتور ئاکارسستی لێدەکەوێتەوە، تەنها درۆیەکی باوی کۆنە، کە بە میرات بۆ خەڵک ماوەتەوە. نەخێر، ئەوە گەوجاندن و هەژاریە، ناشرینکردنی باری ژیان و گوزەرانکردنە، کە هەڵدەستێ بە جیبەجێکردنی ئەو کردارە شەیتانییە! ماڵێک ئەگەر هەموو ڕۆژێک گسک نەدری و دەرگاو پەنجەرەی نەخرێتە سەرپشت بۆ هەواگۆڕین؛ـ کاترینای هاوسەرم سوورە لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەرزی ناو ماڵیش بشۆردرێت؛ بەڵام ئەوە دەکرێ گفتوگۆی لەسەربکرێت؛ ـ ئێ،ـ لە ماڵێکی ئەوهادا، من دەڵێم، مرۆڤ لەماوەی ٢ ـ ٣ساڵدا توانای بیرکردنەوە و مامەڵکردنی ئەخلاقی لە دەست دەدات. کەمی ئۆکسجین سست و لاوازی ویژدانی لێدەکەوێتەوە. وادیارە، بەڕادەیەکی زۆر ئۆکسجین لە زووربەی زۆری ماڵەکانی ئەم شارەدا

کەمە، بەوەدا کە تەواوی زۆرینەی پایەدار، تاڕادەیەک بێ ویژدانانە دەخوازن گەشە و فراژی شارەکە لەسەر زەلکاوێک لە درۆ و فڕوفێڵ هەڵبنێن.

**ئەسلاکسن**

نابێ تەواوی هاوڵاتیانی کۆمەڵگە تۆمەتبارکردنێکی هێندە توندیان بخریتە پاڵ.

**جەنابێک**

من ڕاسپاردەیەکم بۆ کۆڕگێر هەیە، مافی قسەکردن لە گوتاربێژ بسەنێتەوە.

**چەند دەنگێکی** بەجۆش و خرۆش

بەڵێ، بەڵێ! ڕاستە! مافی قسەکردنی لێ وەرگرنەوە!

**دکتۆر ستۆکمان** بەهەڵچوونەوە

ئەوسا منیش لە سەرسوچی هەموو جادە و کۆڵانێکدا بانگی ڕاستی دەدەم! لە ڕۆژنامەکانی دەرەوەی شاردا دەنووسم! هەموو وڵات تێدەگەیەنم، کە بارودۆخەکەی ئێرە چۆن چۆنییە!

**هوڤستاد**

پێدەچێت، دکتۆر بەئانقەست بیەوێت شارەکە کاولکات.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، من هێندە  زۆر زێدیخۆم لەلا شیرینە، کە پێم باشترە وێرانیکەم تا ئەوەی ببینم لەسەر بنەمای درۆیەک بگەشێتەوە.

**ئەسلاکسن**

ئەوە قسەیەکی توندوڕەوپیشە و ڕەقە.

غاوەغاو و فیکەکێشان. خانمی ستۆکمان بێهودە دەکۆکێت؛ دکتۆریش گوێی لێنییە.

**هوڤستاد** لەو غاوەغاوەدا هاواردەکات

ئەو پیاوەی کە بخوازێ تەواوی کۆمەڵگەیەک وێرانبکات، دەبێ کەسێکی دژبە هاووڵاتیان بێ!

**دکتۆر ستۆکمان** بەدەم بەرەبەرە بەرزبوونەوەی پلەی تووڕە بوونەوە

وێرانکردنی کۆمەڵگەیەکی درۆزن، هیچ نیە! من دەڵێم، ئەو کۆمەڵگەیە پێویستە لەگەڵ زەویدا تەختکرێ! ئەوانەی لە ناو ئەو درۆیەشدا دەژین، هەموویان، دەبێ وەک، جرجانەوەری زیانبەخش قڕکرێن! دواجار ئەوانە هەموو وڵات تووشی دەردە تاعووندەکەن؛ ئەوانە دەیگەیەننە ڕادەیەک، کە تەواوی وڵات شایستەی وێرانکردن بێ. ئینجا کە کاربگاتە ئەو جێیە، ئەوا من لە ناخی دڵمەوە دەڵێم: لێگەڕێ با تەواوی وڵات وێران و کاول بێ؛ لێگەڕێ با تەواوی ئەو خەڵکە قڕکرێن!

**پیاوێک** لە نێو کۆمەڵە خەڵکەکەوە

تەواو وەک ئەوەی یەکێکی دوژمن بە خەڵک قسەبکات!

**بیلینگ**

خوا بمکوژێ، یاخوا، ئەوە دەنگی خەڵکیش بەرزبووەوە!

**هەموو ئەو خەڵکەی کۆبوونەتەوە** هاواردەکەن

بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ! دوژمنی خەڵکە! قینی لە وڵاتەکەی خۆی دەبێتەوە! قینی لە هەموو خەڵکەکەشە!

**ئەسلاکسن**

من هەم وەک هاونیشتیمانی و هەم وەک مرۆڤیش، ئەوەی من لێرە ناچاربووم گوێیلێبگرم، توند ڕایچڵەکاندم. دکتۆر ستۆکمان بە شێوەیەک خۆی ئاشکراکرد، کە من هەرگیز خەوم پێوە نەبینیبوو. بەداخەوە من دەبێ پەسەندی ئەو بۆچوونە بکەم، کە ئێستا ڕوون و ئاشکرا هاووڵاتیانی بەڕێز گوزارشیان لێکرد؛ بە بڕوای من، دەبێ ئێمە دەربڕینێکی فەرمی بدەین بە ئەو بۆچوونە. من ئەم پێشنیارە دەکەم: ئامادەبووان گوزارشیاندا، کە پێیانوایە دکتۆری گەرماوەکە، دکتۆر ستۆکمان دوژمنی خەڵکە >>.

بەحەماس و تەوژمەوە هاواری هووڕا کردن. زۆرێک لە خەڵکەکە چواردەوری دکتۆر دەگرن و دەست دەکەن بە فیتفیتە لێدان. خانمی ستۆکمان و پێترا هەستاونەتە سەرپێ. مۆرتن و ئایلیف لەگەڵ چەند قوتابیەکی تردا، کە ئەوانیش هوها دەکێشن و فیکەلێدەدەن پەلاماری یەکتریدەدەن. هەندێ لە گەورەکان لێکیان دەکەنەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** بە فیتفیتە لێدەرەکان

ئای لە ئێوە، چەند ساویلکەن، ـ من هەرپێتان دەڵێم، کە ـ

**ئەسلاکسن** زەنگۆڵەکە دەکوتێ

نۆبەتی قسەکردنی دکتۆر بەسەرچوو. دەنگدانێکی فەرمی پێویستە بکرێت؛ بەڵام بۆ پاراستنی هەستی کەسێتی پێویستە ئەوە بە نووسین و بەبێ ناو نوسین بکرێت. جەنابی بیلینگ، هەندێ پەڕەکاغەزی پاکت هەیە؟

**بیلینگ**

ئەوە هەم کاغەزی شین و هەم کاغەزی سپیش ـ

**ئەسلاکسن** دێتە خوارەوە

ئەوە شتێکی باشە؛ بەو چەشنە خێراتر بەڕێوە دەچێت. بیان بڕە ـ؛ بەڵێ، ئەوها. ( ڕوودەکاتە خەڵکەکە) شین واتە نەخێر؛ سپیش واتە بەڵێ. من خۆم دەگەڕێم بەسەرتاندا و دەنگەکان کۆدەکەمەوە.

قایمقام هۆڵەکە بەجێدەهێڵێت. ئەسلاکسن و دوو هاووڵاتی تر بە پارچە کاغەزەکانەوە لە شەپقەکانیاندا بەناو خەڵکەکەدا دەگەڕێن.

**پیاوێک** ڕوودەکاتە هوڤستاد

ئەوە دکتۆر چی لێ بەسەرهاتووە، ها؟ پیاودەربارەی شتی وەکو ئەمە چی بڵێ؟

**هوڤستاد**

ئێوە خۆتان دەزانن، کە ئەو ناتوانێ بەسەر خۆیدا زاڵبێت.

**پیاویکی تر** ڕوودەکاتە بیلینگ

گوێبگرە؛ خۆ ئێوە هەمیشە لەو ماڵەن. تێبینی ئەوەتان کردووە ئەم کابرایە بخواتەوە؟

**بێلینگ**

خوا بمکوژێ یاخوا، نازانم بڵێم چی. هەمیشە عەرەق لەسەر مێزە، کە یەکێک دەچێ.

**پیاوی سێیەم**

نەخێر، وابزانم، جاروبار عەقڵی تەواو نییە.

**پیاوی یەکەم**

بەڵێ، بۆ باوەڕ ناکەیت ئەو شێتێتی بە میرات لە بنەماڵەکەیەوە بۆ مابێتەوە؟

**بیلینگ**

با بەخوا دەبێ.

**پیاوی چوارەم**

نەخێر، ئەوە هەرتەنها کین و بوخزە بەتەواوەتی؛ ئەوە تۆڵەکردنەوەی شتێکە لە شتەکان.

**پیاوەکان هەموویان** بەیەک دەنگ

ئەهــا؛ دەکەواتە ئاسانە تێگەیشتنی!

**پیاوە سەرخۆشەکە** لەناو خەڵکەکەوە

من کاغەزێکی شینم دەوێ! هەروەها کاغەزێکی سپیش!

**هاوارکردن**

ئەوە کابرا سەرخۆشەکەیە دیسان! بیکەنە دەرەوە!

**مۆرتن کیل** لە دکتۆر نزیک دەبێتەوە

ستۆكمان، خۆ ئێستا زانیتان، لەم جۆرە مەسخەرەبازیە چی دەكەوێتەوە؟

**دكتۆر ستۆكمان**

من ئەركی خۆم بەجێ هێناوە.

**مۆرتن كیل**

ئەوە ئێوە لەبارەی دەباغ خانەكەی ـ مۆلەداڵن ـ ەوە شتێكتان وت، چی بوو؟

**دكتۆر ستۆكمان**

خۆ ئێوە خۆتان گوێتان لێبوو؛ وتم: كە لەوێوە هەموو پیسیەكە دێت بۆ گەرماوەكە.

**مۆرتن كیل**

لە دەباغخانەكەی منیشەوە؟

**دكتۆر ستۆكمان**

بەداخەوە، دەباغخانەكەی ئێوە لە هەموویان خراپترە.

**مۆرتن كیل**

دەخوازن ئەم شتەش لە ڕۆژنامەدا بڵاوبكەنەوە؟

**دكتۆر ستۆكمان**

من هیچ شتێك ناشارمەوە.

**مۆرتن كیل**

ئەو كارە گران دەكەوێتەوە لەسەرتان، ستۆكمان.

مۆرتن كیل دەڕوات

**پیاوێكی قەڵەو** دەچێتە لای هۆشتەرەوە، سڵاو لە خانمەكان ناكات

ئێ، كاپتن، كەوابێ ئێوە خانوكەتان بۆ ئەم بەزمە داوە بە دوژمنی خەڵك؟

**هۆشتەر**

جەنابی بنكدار[35]، من لەگەڵ موڵكەكانی خۆمدا چیم پێخۆش بێ ئەوە دەكەم، من وا بیردەكەمەوە.

---

[35] بنكدار: بازرگانی گەورە. وەرگێر

**بنکدار**

کەواتە لاریشتان لەوە نییە، کە منیش هەمان شت لەگەڵ موڵکەکانی خۆمدا بکەم.

**هۆشتەر**

بنکدار مەبەستی چییە؟

**بنکدار**

سبەینێ دەزانن مەبەستم چییە.

بەرەو دواوە وەردەچەرخێ و دەڕوات.

**پێترا**

هۆشتەر، ئەوە خاوەن کەشتیەکەی ئێوە نەبوو؟

**هۆشتەر**

با، ئەوە بنکدار ڤیک بوو.

**ئەسلاکسن** کاغەزەکانی بە دەستەوەیە، سەردەکەوێتەوە سەر سەکۆکە و زەنگۆڵەکە لیدەدات

بەڕێزەکانم، پێویستە من لە دەرئەنجامی دەنگدانەکە ئاگادارتان بکەمەوە. هەموو دەنگەکان بە بەڵێن دژ بە دەنگێکی نەخێر ـ

**پیاوێکی گەنج تر**

ئەو تاکە دەنەگەش دەنگی کابرای سەرخۆشە!

**ئەسلاکسن**

بەکۆی هەموو دەنگەکان دژ بە دەنگی تاکە کابرایەکی سەرخۆش، کۆی هاولاتیانی ئامادەبوو لەم کۆبوونەوەیەدا ڕایانگەیاند، دکتۆری گەرماوە گشتییەکە، دکتۆر تۆماس ستۆکمان دوژمنی خەڵکە. (هاواری براڤ و براڤ و بەرزدەبێتەوە) بژی کۆمەڵگە مەدنییە دێرین و شەرەفمەندانەکەمان! ( دوبارە هاواری دەستخۆشکردن بەرزدەبێتەوە) بژی قایمقامە کارامە و شارەزاکەمان، کە هێجگار دڵسۆزانە گوێڕایەڵی یاسایە! (هووڕڕا)

دێتە خوارەوە

**بیلینگ**

بژی کۆڕبەڕێوەبەر!

**هەموو پیاوەکان**

هووڕا بۆ ئەسلاکسنی کتێب لە چاپدەر!

**دکتۆر ستۆکمان**

پێترا، شەپقە و پاڵتۆکەم! کاپتن، جێگە هەیە بۆ چەند نەفەرێک بەرەو دنیای تازە؟

**هۆرشتەر**

جێگە بۆ ئێوە و ئەوانەی کە هی ئێوەشەن، پەیدا دەبێ، جەنابی دکتۆر.

**دکتۆر ستۆکمان** لەوکاتەدا کە پێترا یارمەتی دەدات پاڵتۆکەی لەبەرکا

چاکە. کاترینە، وەرە! وەرن کوڕینە!

هاوسەرەکەی دەخاتە ژێر باڵییەوە

**خانمی ستۆکمان** بەهێواشی

تۆماسە میهرەبانەکەم، با لە پشتەوە بڕۆین.

**دکتۆر ستۆکمان**

ڕێگای پشتەوە نا، کاترینە. (بە دەنگی بەرز) لە دوژمنی خەڵکەوە وەڵامتان پێدەگاتەوە، پێش ئەوەی تۆزی قاچەکانی بتەکێنێت[36]! من هێندە میهرەبان نیم وەک ئەو کەسە[37]؛ من ناڵێم: من دەتان بەخشم؛ لەبەرئەوەی ئێوە نازانن، چی دەکەن[38].

**ئەسلاکسن** هاواردەکات

دکتۆر ستۆکمان ئەو بەراوردکردنە، کوفرە!

**بیلینگ**

ئەوە، خوا بمکوژێ یاخوا --. دژوارە ئەوها بەو شێوەیە گوێت لە پیاوێکی جددی بێت.

**دەنگێکی گڕ**

ئینجا هەڕەشەش دەکات!

**هاتوهاواری تووڕە**

با ڕەگوڕیشەی دەربێنین! فڕێیدەینە قوڵای ئاودڕەکەوە!

**پیاوێک لە** ناو حەشاماتەکەوە

ئێڤنسن، بوقەکەت پڤدە! فووی پیاکە، فووی پیاکە!

---

[36] تۆزی پێکانی بتەکێنێت : ئیشارەتە بە داخوازی مەسیح لە یاوەرانی لە ئینجیلی مەتی دا:
"ئەگەر خەڵکانێک نەیانویست بە پیرتانەوە بێن یان گوێ لە گوتارەکانتان بگرن، لەو ماڵە یان لەو شارە بڕۆنە دەرەوە و، تۆزی ئەو شوێنە لە پێکانتان بتەکێنن". وەرگێڕ.

[37] ئیشارەتە بۆ مەسیح. وەرگێڕ.

[38] ئیشارەتە بە قسەکانی مەسیح کاتێک کە لە خاچیاندا. ئنجیلی لوقا: " باوکە، بیانبەخشە! چوونکە نازانن، چی دەکەن" وەرگێڕ.

دەنگی تۆنی بوق و، فیتفیتە و هاتوهاوار. دکتۆر لەگەڵ خێزانەکەیدا بەرەو دەرگای دەرەوە دەچن. هۆشتەر پاڵ بەخەڵکەکەوە دەنێت تا ڕێگەیان بۆ بکاتەوە دەرچن.

**تەواوی حەشاماتەکە** هاواریان لێدەکەن

دوژمنی خەڵک**!** دوژمنی خەڵک**!** دوژمنی خەڵک**!**

**بیلینگ** لەوکاتەدا کە خەریکی ڕێکخستنی تێبینیە نووسراوەکانێتی

نەخێر خوا بمکوژێ یاخوا، ئەگەر ئەم ئێوارەیە بچم عەرەقی ـ تێدی بخۆمەوە لە ماڵی ستۆکمان**!**

حەشاماتەکە لە نێودەرگاکەی دەرەوەدا قەڵەباڵغی دروست دەکەن؛ غەوغاکە دەگاتە سەر شەقامەکەی دەرەوەش؛ لە شەقامەکەوە دەبیستریێ خەڵک هاواردەکەن: << دوژمنی خەڵک**!** دوژمنی خەڵک>>

## بەشی پێنجەم

ژووری ئیشکردنەکەی دکتۆر ستۆکمان. بە درێژایی دیوارەکان کتێبخانە و دۆلابی ڕەفەدارە کە کەرەسەی کیمیاوی جیاوازیان لەسەرە. لە باگراوندا دەرگایەك هەیە دەچێتەوە سەر ڕاڕەوی پێش

هۆڵەکە؛ لە بەشی پێشەوەی لای چەپدا دەرگایەک هەیە بۆسەر هۆڵی دانیشتنەکەی ڕۆژانە. دیوارەکەی لای ڕاست دوو پەنجەرەی تێدایە، کە شووشەکانیان هەمووی شکاوە. مێزی نووسینەکەی دکتۆر لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە و بە کتێب و کاغەز داپۆشراوە. هۆڵەکە نارێک و پێکە. پێش نیوەڕۆیە.

دکتۆر ستۆکمان، بە ڕۆب و سۆڵ و کلێتەوە، خۆی نووشتاندۆتەوە و بە چەترێک ژێر یەکێک لە دۆلابەکان دەگەڕێت؛ دواجار بەردێک دەهێنێتە دەرەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** بەرەو دەرگاکراوەکەی هۆڵی دانیشتنەکە قسە دەکات

کاترینە، ئەوە یەکێکی کەشم لێرەدا دۆزییەوە.

**خانمی ستۆکمان** لە هۆڵی دانیشتنەکەوە

ئۆ، بەدڵنیاییەوە هی تریش دەدۆزیتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** بەردەکە دەخاتە سەر کۆمەڵە بەردێکی تر لەسەر مێزەکە

ئەم بەردانە وەک شتێکی پیرۆز هەڵدەگرم. ئایلیف و مۆرتنیش دەبێ هەموو ڕۆژێک سەیری ئەم بەردانە بکەن و، کە گەورەش بوون، بە میراتی بۆیان دەمێنێتەوە لە دوای خۆم. (بە خۆ چەماندنەوە دەست دەکا بە ژێر کتێبخانەکەدا) ئەی ـ شەیتان بە نەعلەت بی ناوی چی بوو، ـ ئەو کچە، ـ ئەوە هێشتا نەچووە بەدوای شوشە فرۆشەکەدا؟

**خانمی ستۆکمان** دێتە ژوورەوە

با، بەڵام شوشە فرۆشەکە وتبووی، نازانێ، ئایە ئەمڕۆ بۆیدەکرێ بێت یان نا.

**دکتۆر ستۆکمان**

ناوێرێ بێت، ئەوا دەشی بینی.

**خانمی ستۆکمان**

نەخێر، ڕاندینە ـ ش هەر لەو باوەڕە دابوو، کە ئەو لەبەر دراوسێکان ناوێرێ بێت. ( بەرەو هۆڵی دانیشتنەکە قسە دەکات) ڕاندینە، چیت دەوێت؟ ئێ، ئێ. (دەچێتە ناو هۆڵەکەوە و یەکسەر دەگەڕێتەوە) تۆماس، نامەت بۆ هاتووە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئادەی. ( نامەکە دەکاتەوە و دەیخوێنێتەوە) ئێ بەڵێ.

**خانمی ستۆکمان**

لە کێ وەیە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

لە خاوەنماڵەکەوە، داوامان لێدەکات چۆڵیکەین.

**خانمی ستۆکمان**

ئەوە بەڕاستە؟ ئەو، خۆ تابڵێی پیاوێکی بەڕێزە۔

**دکتۆر ستۆکمان** تەماشای نامەکە دەکات

دەڵێ، زاتی هیچی تری نییە. زۆر بەنابەدڵییەوە ئەمکارە دەکات؛ بەڵام لەبەر هاونیشتیمانیان و ۔ ڕێزی ڕای گشتی ۔ ناچارە ۔ زاتی هیچی تری نییە و ۔ ناوێرێ خۆی لەقەرەی پیاوانی دەسەڵاتدار بدات ۔

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەڵێ، بێگومان دەزانم؛ هەموویان، ترسنۆکن خەڵکی ئەم شارە؛ هیچ کەس ناوێرێ هیچ بکات لەبەر هەموو ئەوانی تر. ( نامەکە هەڵدەداتە سەر مێزەکە) بەڵام بۆ ئێمە هەر یەک شتە، کاترینا. ئێمە سەفەردەکەین بەرەرو ئەو دنیا نوێیە و، هەروەها ۔

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئا بەڵام، تۆماس، ئایا بەڕاستی ئەم مەسەلەی سەفرکردنە، بیرێکی باشە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی لێرە بمێنمەوە، لێرە کە وەک دوژمنی خەڵک دارشاخیانکردوم[39]و، مۆری ڕیسواییان لە ناوچەواناوم و، شوشەی پەنجەرەکانیان شکاندوم! ئینجا تەماشاکە، کاترینا؛ تڵیشێکیشیان کردووەتە پانتۆڵە ڕەشەکەم.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئۆ وانەڵێی؛ ئینجا خۆ ئەوە باشترین پانتۆڵی تۆیە!

**دکتۆر ستۆکمان**

کاتێک مرۆڤ بۆ ململانێکردن لە پێناو ئازادی و هەقیقەتدا دەچێتە دەرەوە، هەرگیز نابێ باشترین پانتۆڵی خۆی بپۆشێ. بەڵێ، من پانتۆڵەکەم زۆر بەلاوە گرنگ نییە، تێگەیشتیت؛ چوونکە هەمیشە تۆ دەتوانی بۆم بدووریتەوە. بەڵام ئەوەی کە ئاپۆڕەی ناشارستانی و ڕەشوڕووت بەوشێوەیە پەلامارمبدەن، وەک ئەوەی هاوشان و هاوتای من بن، ۔ ئەوە ئەوەیە کە من بۆم هەزمناکرێ و مردنم بەلاوە خۆشترە وەک لەوە!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

---

[39] دارشاخکردن: سوکایەتی بەسەرهێنان.

بەڵێ، تۆماس، خەڵکی ئەم شارە هێجگار لەگەڵ تۆ دا زبرودڵڕەقبوون؛ بەڵام ئایا پێویست دەکات ئێمە لەبەرئەوە تەواوی وڵات بەجێبهێڵین و بڕۆین؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ڕەنگە تۆ لەوباوەڕەدا نەبیت کە ناتێگەیشتووانی شارەکانی تریش بەهەمان شێوەی ئەمانەی ئێرە بێ ئابڕوبن؟ بـا، ئەوە باش بزانە، هەر یەک شتن. بەس، قەیناکە؛ لێگەڕێ با سەگە دوڕەگەکان قەپی خۆیانبگرن؛ ئەوە خراپترین شت نییە؛ خراپترین شت ئەوەیە، کە خەڵک لە سەرانسەری ئەم وڵاتەدا کۆیلەی حیزبن. لەبەر ئەوەنا، ـ کە ڕەنگبێ لە ڕۆژئاوای ئازادیش[40] بەم شێوەیە نەبێ؛ خۆ لەوێش زۆرینەی پایەدار و ڕای گشتی لیبراڵ و هەموو شەیتان بازییەکانی تریش لە هەڵسوکەتیاندا توندڕەوپیشەن. وەلێ پەیوەندییەکان لەوێ عەجیبن، دەزانی چۆن؛ ئەوان دەتکوژن، بەڵام وەک ئێرە ئازار و ئەشکەنجەت نادەن. وەک ئێرە ڕۆحی ئازاد ناخەنە بەر چرنووکی مەنگەنە. لەکاتی تەنگانەشدا مرۆڤ دەتوانێت خۆی بدزێتەوە. (دەست دەکات بە هاتو چۆ) ئەگەر هەر بمزانیبایە، لەکوێ دارستانێکی کێوی یان شوێنکی بچکۆلانە لەسەر دەریایی باشور بە نرخێکی هەرزان دەست دەکەوێ ـ

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ بەڵام ئەی کوڕەکان، تۆماس؟

**دکتۆر ستۆکمان** دەوەستێ

تۆ چەند سەیری، کاترینا! پێت باشترە، کوڕەکان لە جۆرە کۆمەڵگەیەکی وەک ئەمەی خۆماندا گەورەبن؟ تۆ دوێنێ بەچاوی خۆت بینیت، کە نیوەی دانیشتووانی ئەم کۆمەڵگەیە تەواو شێتن؛ نیوەکەی تریشی کە عەقڵی لەدەست نەداوا، لەبەر ئەوەیە، کە گێل و بێ مێشکن و، هیچ عەقڵ لەکەلەیاندا نییە تا لەدەستی بدەن.

**خانمی ستۆکمان**

نا، تۆماس ـ ە میهرەبانەکەم، تۆش هیچ ئاگات لە زمانی خۆت نییە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ، ڕەنگە ڕاست نەبێت، ئەوەی من دەیڵێم؟ ئەی ئەوان هەموو دەستەواژەکان هەڵناگێڕنەوە؟ هەق و ناهەق پێکەوە تێکەڵناکەن؟ بەوە ناڵێن درۆ، کە من سور دەزانم هەقیقەت و ڕاستییە؟ بەڵام لە هەمووی شێتانەتر ئەوەیە، کە لێرە کەسانی لیبراڵی پێگەیشتووی زۆروزەبەنەی وا هەن کە خودی خۆیان و خەڵکی تریش وا وێنە نیان دەکەن، کە بیرئازادن! خۆزگە گوێت لێبوایە، کاترینا!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ، بەڵێ، بەدڵنیاییەوە ئەوە تەواو شێتێ تییە، بەڵام ـ

---

[40] مەبەست ئەمەریکای باکورە. وەرگێر.

پێترا لە هۆڵی دانیشتنەکەوە دێتە ژوورەوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئەوە هەروا زوو لە قوتابخانە هاتیتەوە؟

**پێترا**

بەڵێ، ئیشەکەم لێسەندرایەوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئیشەکەت لێ سەندرایەوە!

**دکتۆر ستۆکمان**

تۆش!

**پێترا**

خاتوو بووسک ئیشەکەی لێ سەندمەوە؛ منیش یەکسەر ڕۆیشتم، ئەوەم پێ باشتر بوو.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەگیانی خۆم، شتێکی ڕاستتکردووە!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

کێ بە بیریدا دەهات، خاتوو بوسک مرۆڤێکی بەو جۆرە بێ!

**پێترا**

ئۆ، دایکە، بەخوا خاتوو بووسک وانییە؛ ئاشکرا دیاربوو ئازاری چەند بەدەست ئەوەوە دەکێشا، خۆم بینیم. بەڵام زاتی هیچی تری نەبوو، وای وت؛ ئینجا ئیشەکەی لێ سەندمەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** پێدەکانێ و دەستەکانی لێک دەخشێنێ

زاتی هیچی تری نەبوو، ئەویش! ئۆ، چەند خۆشە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئۆنـــا، دوای ئەو گێرەشێوێنییە مەترسیدارەی دوێنێ ئێوارە، ئیتر-

**پێترا**

هەرئەوە نەبوو بەتەنیا. ئێستا گوێت لێدەبێ چی تریش بوو، باوکە!

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ دەی؟

**پێترا**

خاتوو بووسک لە سێ نامە کەمتری پیشان نەدەام، کە ئەم بەیانییە پێیگەیشتبوون ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بێگومان بەبێ ناو؟

**پێترا**

بەڵێ.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، چوونکە ناوێرن جورئەتی نووسینی ناوی خۆیان بکەن، کاترینا!

**پێترا**

لە دو نامەیاندا نووسرابوو، بەڕێزێک، کە ئامشۆی ماڵی ئێمە دەکات، ئەمشەو لە یانە وتووەتی، کە من لەبارەی بابەتگەلی جیاوازەوە ڕاو بۆ چوونی ئازادانەی تا ئەندازەیەک زۆر دەگمەنم هەیە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ خۆ تۆ نکوڵیت لەوە نەکرد؟

**پێترا**

نەخێر، با بزانیت. خاتوو بووسک خۆی، بە ئاندازەیەکی زۆر ڕاوبۆچوونی ئازادی هەیە، کە بەتەنها هەردووکمان پێکەوەین؛ بەڵام ئێستا کە ئەمە دەربارەی من بڵاوبووەتەوە، ئەو ئیتر ناوێرێت لەسەرکار بمهێڵێتەوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

تۆ بزانە، ـ یەکێک، کە ئامشۆی ماڵمان دەکات! خۆ دەبینی، تۆماس، چۆن چاکەی میوانداریت دەدەنەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێمە ئیتر نامانەوێ لەگەڵ ئەم جۆرە ئاکار قیزەوەندانەدا بژین. کاترینا، هەتا دەتوانی زوو جانتاکان کۆبکەرەوە با لێرە دوورکەوینەوە؛ هەتا زووتر باشتر.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بێدەنگ بن؛ وابزانم، کەسێک لە داڵانەکەیە. پێترا، بچۆ بزانە کێیە.

**پێترا** دەرگاکە دەکاتەوە

ئۆ، کاپتن هۆشتەر، ئەوە ئیوەن؟ فەرموون وەرنە ژوورەوە.

**کاپتن هۆشتەر** لە دالانەکەوە

ڕۆژباش، پێموابوو، پێویستە سەرێکتان لێبدەم ، بزانم چۆنن.

**دکتۆر ستۆکمان** تەوقەی لەگەڵ دەکات

سوپاس؛ بەڕاستی ئەوە میهرەبانیتان دەگەیەنێ.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

کاپتن هۆشتەر سوپاس، کە دوێنێ یارمەتیت داین دەربازبین.

**پێترا**

بەڵام ئەی ئێوە چۆن دووبارە دەربازتانبوو بۆ ماڵەوە؟

**هۆشتەر**

با، دەرباز بووم؛ من خاوەن هێزوتوانایەکی تا ئەندازەیەک زۆرم؛ ئەو خەڵکەش ئێستا زیاتر هەر دەم بەکار دەهێنن.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، سەیر نیە، ئەوانە، بەم ترسنۆکییە بەرازئاسییەیی خۆیانەوە؟ وەرە، دەمەوێت شتێکتان پیشان بدەم! سەیرکە، ئەو بەردانەی تێیانگرتین، هەموویان ئەوەتان. تەماشایان کە! بەڕاستی لە ناو ئەو بەردە لەسەریەک کەڵەکەبووەدا لە دوو بەردی تەواو گەورەی زیاتری تێدا نییە کە بەکەڵکی شەڕەبەرد بێن؛ باقییەکەی لە تەڵیزمەبەرد،- ووردە بەردی بێکەڵک زیاتر نین. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەدەرەوە وەستابوون و هاواریان دەکرد و سوێندیان دەخوارد، کە هێندەم لێدەدەن شلکوتی عەمرم دەکەن؛ بەڵام دەی شتێبکەن - دە شتێبکەن - نەخێر، مرۆڤ لەم شارەدا کردار زۆر بەدی ناکات.

**هۆشتەر**

ئەمجارەیان باشترێک بوو بۆ ئێوە، جەنابی دکتۆر.

**دکتۆر ستۆکمان**

بە دڵنیاییەوە باشتر بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناخۆشە؛ چوونکە ئەگەر جارێکی تر دەستەوئێخە بوونەوەیەکی جیدی لە پێناو بەرژەوەندی سەرانسەری وڵاتتدا بێتە پێشێ، ئەوا دەبینی، کە ڕای گشتی لەگەڵ ئەو ڕایەدا دەبێت کە چنگ لەسەر شان هەڵبێن و ڕووبکەنە چۆڵ و دارستان، ئینجا زۆرینەی پایەداریش ئەوسا وەکو مێگەل دوچاری ترس و شڵەژان دەبن، کاپتن هۆشتەر. زۆر خەمناکە، کە بیری لێ دەکەیتەوە؛

لە ناخەوە ئازارم دەدات - نەخێر، بۆ خاتری شەیتان، - ئەمە، لە بنەڕەتتدا تەنها گێلێتییە. ئەوان وتوویانە، من دوژمنی خەڵکم، کەوابێ لێگەڕێ با من دوژمنی خەڵک بم.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بە هەقیقەت تۆ هەرگیز نابیت بە دوژمنی خەلک، تۆماس.

**دکتۆر ستۆکمان**

بە هیچ شێوەیەک نابێ تۆ لەوە دڵنیا بیت، کاترینا. قسەی ناخۆش وەک سینە بە شوژن ئاژنکردن وەهایە. تازە من لەم قسە نەعلەتییە ـ؛ قوتارم نابێت؛ ئەو قسەیە قووڵ ڕۆچووەتە ناو سنگمەوە؛ لەشوێن خۆیەوە هەتا دێ دڵم هەڵدەکۆڵێ و لە شەربەتی سوێراوی دڵم دەمژێ. ماگنیسیومیش لەو بارودۆخەدا بۆ چارەسەر هیچ سودی نابێ.

**پێترا**

هەرگوێشی مەدەرێ؛ باوکە، تۆ دەبێ هەر پێان پێبکەنی.

**هۆشتەر**

بێگومان وەختێک دێ کە خەڵک بیر لە شتی دی دەکاتەوە، جەنابی دکتۆر.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ، تۆماس، هەروەک چۆن لیرەدا وەستاویت، دەبێ ئاوهاش لەوە دڵنیابیت.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ڕەنگە ئەوکاتە دەرنگ بێ. بەڵام دەشێ ئەوان ژیانیان زۆر خۆش بێت! هەروەها ڕێی تێدەچێ کە لە بۆگەناو و پۆخڵی خۆیاندا بتلێنەوە و پەشیمان بن لەوەی، کە کەسێکی نیشتیمان پەروەریان بەو دەردەبرد کە وڵات بەجێبهێڵێ. کاپتن هۆشتەر، کەشتێکەتان کەی دەردەچێ؟

هۆشتەر

هــم،ـ لەڕاستیدا خۆی من بۆ ئەوە هاتبووم کە ئەوەتان پێبڵێم ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ، هیچ گرفتێک بۆ کەشتییەکە دروست بووە؟

**هۆشتەر**

نەخێر؛ بەڵام ئەو گەشتە وای لێهات، کە منی تێدا نابم.

**پێترا**

ناشێ ئیشەکەیان لێ سەندبیتەوە؟

**هۆشتەر** بەپێکەنینەوە

بـــا، بەڕاستی ئیشەکەیان لێ سەندمەوە.

**پێترا**

ئێوەش.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

دە تۆ بزانە، تۆماس.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوەش لە پێناو هەقیقەتدا! ئۆ، ئەگەر دەمزانی ئەوە ئەوهایە ـ

**هۆشتەر**

پیویست ناکات خۆتانی بەوەوە خەریک بکەن؛ بەدڵنیاییەوە من لە جێگەیەکی دی لەلای خاوەن کەشتییەکانی دەرەوەی شار ئێشێک پەیدا دەکەم.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوەش ڤیکی بازرگان، ـ پیاوێکی دەوڵەمەند، سەربەخۆ و بێ لایەن ـ! تف، لە شەیتان!

**هۆشتەر**

وەکو تر ئەو زۆر لایانگری ڕاستییە؛ خۆشی وتی، ئەگەر زاتی بکردایە، زۆر حەزیدەکرد لەسەر ئێشەکە بمهێڵێتەوە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام جورئەت ناکات؟ نەخێر، ئاشکرایە!

**هۆشتەر**

وتی، ئەوە شتێکی باش نییە، بۆ کەسێک کە سەر بە حیزبێک بێت ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە قسەیەکی ڕاستە لەو پیاوە شەرەفمەندەوە! حیزب، وەک مەکینەی گۆشت لە قیمەدان وەهایە، سەرومێشکەکان هەموویان پێکەوە ئەهاڕێ و دەیانکات بە شۆربایەکی خەست؛ ئینجا لەبەرئەوەیە ئەوانە بەکۆمەڵ هەموویان پێکەوە، دەبەنگ و گێلن!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

نا، تۆماس، ئەو قسانە مەکە!

**پێترا** ڕووی دەمی لە هۆشتەرە

ئەگەر ئێوە یاوەری ئێمەتان نەکردایە بۆ ماڵەوە، لەوانەبوو هێجگار ئەوە وای لێنەهاتبایە.

**هۆشتەر**

من لەوە پەشیمان نیم.

**پیترا** دەستی تەوقە لەگەڵدا کردنی بۆ ڕادەکێشێ

سوپاس بۆ ئەو هەڵوێستەت**!**

**هۆشتەر** بۆ دکتۆر

ئینجا ئەوە ئەوە بوو کە من دەمویست پێتان بڵێم، دواجار ئێوە ئەگەر هەر دەخوازن سەفەربکەن، ئەوە من بیرم لە ئامۆژگارییەکی دی کردووەتەوە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە باش بوو؛ هەر ئێمە زوو لێرە دوورکەوتینایەتەوە ـ

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئاووس؛ ئەوە دەرگا نەبوو؟

**پێترا**

بەدڵنیاییەوە مام ـ مە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەهـا**!** (هاواردەکات) وەرە ژوورەوە**!**

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

تۆماسی میهرەبان، گفتم بەرێ دواجار ـ

قایمقام ستۆکمان لە ڕاڕەوەکەوە دێتە ژوورەوە.

**قایمقام** لەناو دەرگاکەدا

ئۆ، سەرتقاڵە. بەڵێ، کەوابێ وا باشترە من ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر، نەخێر؛ وەرە ژوورەوە.

**قایمقام**

بەس من حەزدەکەم دووقۆڵی قسە بکەین.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئێمە دەچین بۆ هۆڵی دانیشتنەکە.

**هۆشتەر**

منیش پاشان دەگەڕێمەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر، کاپتن هۆشتەر، ئێوەش لەگەڵیاندا بچنە ژوورەوە؛ من دەبێ بەووردی لەبارەی ئەو ئامۆژگارییەوە بزانم -

**هۆشتەر**

بەڵێ، بەڵێ، کەواتە چاوەڕێدەکەم.

هۆشتەر یاوەری هاوسەر خانمی ستۆکمان و پێترا دەکات بۆ نێو هۆڵی دانیشتنەکە. قایمقام هیچ قسەناکات بەڵام بە تیلەی چاو و بە دزییەوە سەیری پەنجەرەکان دەکات.

**دکتۆر ستۆکمان**

هەوای ئێرە ئەمڕۆ ساردە، ڕەنگە خۆشت هەستی پێبکەیت؟ کڵاوەکەت بکەرەوە سەرت.

**قایمقام**

سوپاس، ئەگەر ڕێگەم پێبدەن. (کڵاوەکەی دەکاتە سەری) وابزانم، لە دوێنێیەوە سەرمام بووە؛ دوێنێ تەزیبووم -

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوها؟ بەخوا بەلای منەوە تا ڕادەیەک گەرم بوو.

**قایمقام**

داوای لێبووردن دەکەم، ڕێگریکردن لەو بێ ڕەفتاری و سنوربەزاندنانە لە دەسەڵاتی مندا نەبوو.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی هیچ شتێکی تایبەتت هەیە پێم بڵێیت؟

**قایمقام** نامەیەکی گەورە دەردەهێنێت

ئەم نامە ڕەسمییەم لە بەڕێوەبەرایەتی گەرماوەکەوە بۆ هێناویت.

**دکتۆر ستۆکمان**

کارەکەم لێسەندرایەوە؟

**قایمقام**

بەڵێ، لەمڕۆوە. (نامەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت) ئەو بڕیارە ئازاری داین؛ بەڵام - بەبی پێچ و پەنا - لەبەر ڕای گشتی، زاتی ئەوەمان نەکرد هیچ بڕیارێکی دی بدەین.

**دکتۆر ستۆکمان** پێدەکەنێ

زاتنەکردن؟ پێشتریش ئەمڕۆ گوێم لەو وشەیە بوو.

**قایمقام**

داوات لێدەکەم ، بۆ لەمەودوا پلەوپایەیی خۆت لەبەر چاو ڕۆشن بێت. لە داهاتووشدا لەم شارە نابێ تۆ لە پیشەکەی خۆتتدا بەتەمای هیچ کارێک بیت.

**دکتۆر ستۆکمان**

واز لە پیشەکەم بێنە**!** بەڵام تۆ بۆچی هێندە لەو قسەیەت دڵنیایی؟

**قایمقام**

سەندیکای موڵکداران لیستێکیان دروستکردووە و، ماڵ بە ماڵ دەیگێڕن، بەنیازی هاندانی هاوولاتیانی خێرەومەند و کۆکردنەوەی ئیمزاکانیان هەتا کەس بەنیازی سوود وەرگرتن ڕوو نەکاتە تۆ ؛ دەتوانم بڵێم، پیاوێک نیە کە خاوەن خێزان بێت و، ئیمزای ئەو لیستە ڕەتبکاتەوە؛ لەبەر ئەوەی، سووک و باریک، ناوێرن شتی وا بکەن.

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر، نەخێر، گومانم لەوە نییە. بەڵام ئینجا چییە؟

**قایمقام**

ئەگەر پێویستکات من ئامۆژگاریەکت بدەمێ، ئەوا ئامۆژگاری من ئەوەیە، کە بۆ فەترەیەک لێرە بگوێزیتەوە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، دروست منیش وورده وورده بیر لەوە دەکەمەوە کە ئێرە بەجێبهێڵم.

**قایمقام**

چاکە. ئەوها بۆ ماوەی شەش مانگێک کات بدەی بە خۆت بیری لێبکەیتەوە و، دوای هەڵسەنگاندنێکی کامڵانە بتوانی قەناعەت بەخۆت بهێنیت کە بە یەک دوو وشە داوای لێبوردن بکەیت و دان بە گومڕایی خۆتتدا بنییت ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوسا ڕەنگە من دووبارە بتوانم بگەڕێمەوە سەرکار، مەبەستت ئەوەیە؟

**قایمقام**

ڕەنگە؛ بە هیچ شێوەیەک ئەوە شتێکی زۆر مەحاڵ نییە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەڵام ئەی ڕای گشتی؟ لەبەر ڕای گشتی ئێوە جورئەتی شتی ئەوها ناکەن.

**قایمقام**

ڕای خەڵک شتێکی زۆر زۆر ناجێگیرە. ڕاشکاوانە، ئەوە ئێمەین کە زۆر زۆر گرنگین و پێویستە لە تۆ خۆتەوە دان پێدانانێکمان بەدەست بگات وەک ئەوەی کە پێم وتیت.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بێگومان ئەوە ئەو شتەیە کە ئێوە کلکەلەقێی بۆ دەکەن! بەڵام، خۆ باشت بیرماوە، کە پێشتر من لەبارەی ئەو جۆرە هونەری تەڵەکەبازییەوە چیم پێ گوتویت!

**قایمقام**

ئەوکاتە شتێکی تر بوو، شوێن و پێگەت شیاو بوو ؛ ئەوکاتە تۆ زاتی ئەوەت هەبوو واتدەزانی، هەموو شارەکەت لە پشتە ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئێستا وا هەستدەکەم، هەموو شارەکە دوژمنمە ـ (بەهەڵچوونەوە) بەڵام من دەڵێم نەخێر، هەرگیز شتی وا ناکەم! ئەگەرچی شەیتان خۆیی و یاوەرانیشی دژم بووەستنەوە ـ!

**قایمقام**

کەسێک بەخێوکردنی خێزانی کەوتبێتە ئەستۆ، جوورئەت ناکات بەو شێوەیەیی تۆ مامەڵەبکات. لەبەر خێزانەکەت جوورئەتی شتی ئەوها ناکەیت، تۆماس.

**دکتۆر ستۆکمان**

جوورئەت ناکەم! لە دنیادا تەنها شتێک هەیە، کە پیاوی ئازاد جورئەتی ناکات؛ ئەزانی ئەو شتە چییە؟

**قایمقام**

نەخێر.

**دکتۆر ستۆکمان**

بێگومان؛ بەڵام من پێت دەڵێم ئەو شتە چییە. ئەو شتە ئەوەیە کە پیاوی ئازاد جوورئەت ناکات خۆی ڕیسوا بکات؛ جوورئەت ناکات بە شێوەیەک ڕەفتار بکات، کە دژ بە هەڵوێستی پێشتری خۆی بێت !

**قایمقام**

ئائەم قسەیە تابڵێی خۆش هاتە گوێ؛ ئەگەرچی تا ئەوکاتەش هیچ پاساوێکی دی نەبووبێت بۆ عینادی و کەلـلە ڕەقیت ـ؛ بەڵام بەڕاستی ئەوا لێرەدا دەرکەوت ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

مەبەستت چییە؟

**قایمقام**

بەدڵنیاییەوە تۆ زۆر باش لەوە تێدەگەیت. بەڵام وەک برا و وەک پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆش ئامۆژگاریت دەکەم، کە هیوایەکی زۆر لەسەر ئاینده هەڵنەچنی، چوونکە ڕنگە لەوەدا زۆر بە هەڵەدا چووبیت.

**دکتۆر ستۆکمان**

ماناى چى؟

**قایمقام**

بەڕاستی تۆ دەتەوێت من باوەڕ بەوە بکەم، کە تۆ لە خاڵی سەرەکی دوا بڕیاری ڕاسپاردە وەسیەتنامە ئاساکەی وەستا کیل ـ ی دەباغچی بێ ئاگایت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

من دەزانم ئەو بەشە کەمەی، کە ئەو خاوەنێتی، بەرەو ڕووی دامەزراوەیەکی خێرخوازی بۆ پیشەکارانی پیر و دەستکورت کراوەتەوە. بەڵام ئەوە پەیوەندی بەمنەوە چییە؟

**قایمقام**

پێش هەموو شتێک ئەو بەشە، بەشێکی کەم نییە، وەک تۆ باسی دەکەیت. بەڕاستی وەستا کیل ـ ی دەباغچی پیاوێکی دەوڵەمەندە.

**دکتۆر ستۆکمان**

هەرگیز من ئەوەم نەزانیوە ـ!

**قایمقام**

هـم،ـ بەڕاستی نەتدەزانی؟ کەوابێ هیچ فکرەیەکیشت لەوبارەیەوە نەبووە، کە بەشێکی چاکی سەروەت و سامانەکەی بۆ منداڵەکانت دەمێنێتەوە، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە خۆت و هاوسەرەکەت تەواوی ژیانتان سود لە فایدە و فایزی ئەو میراتییە وەرگرن. بۆ ئەو ئەوەی پێ نەوتوویت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر، بەگیانی خۆم پێی نەوتووم! بە پێچەوانەوە؛ ئەو هەمیشە توورە بووە لەوەی کە بە شێوەیەکی ناویژدانانە باجێکی زۆریان لەسەر داناوە. بەڵام پێتەر، تۆ زۆر بەدڵنیاییەوە ئەو شتە دەزانیت؟

**قایمقام**

من ئەمە لەسەرچاوەیەکی تەواو ڕاستەوە دەزانم.

**دکتۆر ستۆکمان**

نەخێر، خوای گەورە، کەوابێ کاترینا ژیانی زامنە، ـ هەروەها منداڵەکانیش! بە هەقیقەت دەبێ من ئەمەیان پێبڵێم ـ (هاواردەکات) کاترینا، کاترینا!

**قایمقام** دەیگرێت

ووسسس، هێشتا هیچیان پێ مەڵێ!

**خانمی ستۆکمان** دەرگاکە دەکاتەوە

چی ڕوویداوە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

هیچ، بڕۆرەوە ژوورەوە .

خانمی ستۆکمان دەرگاکە دادەخاتەوە

**دکتۆر ستۆکمان** بەدەم پیاسەکردنەوە

ژیانیان زامنە! نـا، تۆ بزانە،ـ هەتا مردن ! هەموویان ژیانیان زامنە! بەڕاستی نیعمەتە ئەوە بزانی کە ژیانت زامنە!

**قایمقام**

بەڵێ، بەڵام هەقیقەت ئەوەیە، کە تۆ ژیانت زامن نیە. شیلی دەباغچی هەرکاتێک بیەوێت دەتوانێ وەسێتنامەکە هەڵوەشێنیتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام ئەو ئەوە ناکات، پێتەر گیان. ئەو گۆڕهەڵکەنەیە زۆری پێخۆشە، کە من ئاگاداری تۆ و هاوڕێ بلیمەتەکانت بم.

**قایمقام** واق وڕماوانە لێی وورد دەبێتەوە

ئەها، ئەمە بەشیکی زۆر لە شتەکان ڕووندەکاتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەشی زۆری کام شتانە؟

**قایمقام**

کەواتە ئەمە هەمووی مناوەرەکردنیکی یەکگرتووانەیە. ئەم هێرشە توووند وتیژ و کوێرانەیەیی، کە تۆ ـ بە ناوی هەقیقەتەوە ـ دژی  پیاوانی سەرکردەی ئەم شارە ئاڕاستەی دەکەیت.

**دکتۆر ستۆکمان**

چی؛ چی؟

**قایمقام**

کەوابێ ئێوە بەپێی ڕێکەوتنی پێش وەخت، لەسەر وەسێتنامەکەی مۆرتن کیل، ئەو پیرە قین لەدڵە تۆڵە سەێنەرە، لە قەرەبووکراوەیەک زیاتر، هیچی تر نەبوون.

**دکتۆر ستۆکمان**

پێتەر، ـ تۆ قێزەوەنترین گێلۆکەی، کە لە هەموو ژیانمدا ناسیبێتم.

**قایمقام**

بەینی خۆمان بێ تازە ئەوە ڕۆیشت. بڕیاری ئێش لێسەندنەوەکەت ناگێردرێتەوە ـ چوونکە ئێمە ئێستا خاوەنی چەکین بەرامبەر بە تۆ.

دەڕوات.

**دکتۆر ستۆکمان**

تفو، تفو، تفو! (هاواردەکات) کاترینا! پێویستە شوێن پێی ئەم بەشەرە گڵاوە بسمیلکرێ! بە هین بڵێ ـ بەو کچە ـ ئەی شەیتان بە نەفرەت بی ـ، ئەوەی هەمیشە سەری لووتی ڕەشبووە ـ بێتە ژوورەوە و لەگەنێک ئاویش لەگەڵ خۆی بێنێت.

**خانمی ستۆکمان** لەناودەرگای هۆڵی دانیشتنکەوە

ووس، ووس، تۆماس!

**پێترا** ئەویش لەناودەرگاکەوە

باوکە، باپیرم هاتووە و دەپرسێ، داخوا دەتوانێ بەتەنیا قسەت لەگەڵدا بکات.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەدڵنیاییەوە دەتوانێت. (لەتەنیشت دەرگاکەوە) فەرموون.

مۆرتن کیل دێتە ژوورەوە و دکتۆر دەرگاکە پێوە دەدات.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ، چییە؟ دانیشن.

**مۆرتن کیل**

دانانیشم. (بە چواردەوری خۆیدا دەڕوانیت) ئێرە ئەمڕۆ جوان دێتە بەرچاو، ستۆکمان.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بەلای ئێوەشەوە هەروانییە؟

**مۆرتن کیل**

بەڕاستی ئێرە جوان دێتە بەرچاو؛ ئینجا هەواکەشی پاکە؛ ئەمڕۆ ئێوە تاڕادەیەک ئەو ئۆکسجینەی، کە دوێنێ باستاندەکرد، لە ماڵەکەتاندا هەیە. بۆیە دەبێ ئەمڕۆ ویژدانتان هێجگار ئاسوودە بێت، دەزانم.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ویژدانم ئاسوودەیە.

**مۆرتن کیل**

دەزانم. ( دەکێشێت بە سنگیا) بەڵام دەزانن، چ شتیکم، لێرەدا هەڵگرتووە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بێگومان ویژدانێکی ئاسوودە، هیوادارم کە وابێت.

**مۆرتن کیل**

حەو! نەخێر، شتێکە، لەوەش باشترە.

دەفتەرێکی ئەستوور دەردەهێنێت، دەیکاتەوە و چەند کاغەزێکی پیشاندەدات.

**دکتۆر ستۆکمان** بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەکات

بەڵگەنامەی خاوەن دارێتی پشکەکانی گەرماوە گشتیەکە؟

**مۆرتن کیل**

ئەمە ئەمڕۆ بەدەست هێنانی گران نەبوو.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئینجا کڕیتان ـ؟

**مۆرتن کیل**

ئەوەندەی پارەم هەبوو بیانکڕم.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام، خەزووری خۆشەویست،ـ لەم کاتەدا کە بارودۆخی گەرماوەکە زۆر جێیگومانە ـ؟

**مۆرتن کیل**

ئەگەر ئێوە وەک کەسێکی بەجێ و زیرەک ڕەفتار بکەن، ئەوا ئێوە بێگومان دەتوانن دووبارە گەرماوەکە هەڵسێیننەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، خۆتان دەبینن، هەموو ئەوەی لە توانامدا هەبێت، دەیکەم؛ بەڵام ـ خەڵکی ئەم شارە شێتن!

**مۆرتن کیل**

دوێنێ وتان، خراپترین دەرد و پیسی ئەم شارە لە دەباغ خانەکەی منەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوا دەبێت باپیرم و، باوکم پێش من و، ئینجا خۆشم هەرسێکمان ساڵهای ساڵا، وەک سێ فریشتەی گیان کێشان خەریکی پیسکردنی ئەم شارە بوو بێتین. ئێوە لەو باوەڕەدان من بهێڵم ئەم پەڵەی شەرمەزاریە بە ناوچەوانمەوە بێت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەداخەوە، ناچارن ئەوە قبوڵکەن.

**مۆرتن کیل**

نەخێر سوپاس. من ناو و ناوبانگی خۆم لە دەست نادەم. بیستوومە دەڵێن، خەڵکێک هەیە ناویان ناوم "گۆڕهەڵکەنە". گۆڕهەڵکەنەش، جۆرێکە لە جۆرەکانی بەراز، ئیتر؛ بەڵام ئەوانە بەهیچ شێوەیەک مافی ئەوەیان نیە ناو و ناتۆرەی ئاوهام لێبنێن. وەک مرۆڤێک من دەمەوێ بە خاوێنی بژیم و بمرم.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی دەتانەوێ چۆن چۆنی خۆتان خاوێن بکەنەوە؟

**مۆرتن کیل**

ئێوە دەبێ پەڵەی شەرمەزارییم پاکژ بکەنەوە، ستۆکمان.

**دکتۆر ستۆکمان**

من!

**مۆرتن کیل**

دەزانن، من بە چ پارەیەک، ئەم پشکانەم کڕیوە؟ نەخێر، نازانن؛ ئێستا پێتان دەڵێم. بەو پارەیەی کە کاترینا و پێترا و کوڕەکان لەدوای من بەمیرات بۆیان دەمێنێتەوە. بەڵێ، چوونکە من ئێستا کەوتوومەتە بارودۆخێکی ئابووری کەمێک باشترەوە، تێگەیشتن.

**دکتۆر ستۆکمان** بەتووڕەییەوە

پارەی کاترینا بۆ شتی ئەوها بەکاردەهێنیت!

**مۆرتن کیل**

بەڵێ، ئەو پارانە هەموویان ئێستا چوونەتە گەرماوەکەوە. ئنینجا بەڕاستی من ئێستا دەمەوێت بزانم، ئایا ئێوە بەتەواوەتی ئەمەندە شێتن، ستۆکمان. ئەگەر هێشتا ئێوە لەسەر ئەو باوەڕەبن کە جڕوجانەوەر و شتی قێزەوەن لە دەباخانەکەی منەوە بڵاودەبنەوە، ئەوە دروست وەکو ئەوە وایە، پارچە پێستی گەورە گەورە لە لەشی کاترینا و، پێترا و کوڕەکانیش داماڵیت؛ بەڵام هیچ پیاوێکی ڕێکوپێکی خاوەن ماڵ و منداڵ ئەوە ناکات، ـ مەگەر شێت بێت.

**دکتۆر ستۆکمان** بەنێو هۆڵەکەدا سەرو خواردەکات

بەڵێ، بەڵام من کابرایەکی شێتم، کابرایەکی شێتم!

**مۆرتن کییل**

کاتێک مەسەلەکە هاتە سەر ژن و منداڵ، هێجگار هێندە سەرشێت و کەللەیی نیت.

**دکتۆر ستۆکمان** لەبەردەمیا دەوەستێت

بۆچی پێش کڕینی ئەو پشکانە، قسەتان لەگەڵ نەکردم!

**مۆرتن کییل**

لەبەر ئەوەی بەم شێوەیە، کاریگەری باشترە.

**دکتۆر ستۆکمان** نائارامانە بەوناوەدا دێ و دەچێ

ئەگەر بهاتبایە من هێشتا لەم مەسەلەیە دڵنیا نەبوومایە ـ! بەڵام من زۆر لە دڵەوە قەناعەتم هەیە، کە من لەسەر هەقم.

**مۆرتن کییل** دەفتەرەکە لە دەستی دا وەزندەکات

لەسەر ئەم شێتێتیە بمێننەوە، ئەوا ئەمانە، نرخێکی بەرزیان نابێت.

دەفتەرەکە دەخاتەوە گیرفانی

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام، ئاخر خۆ دەبێ زانستیش بتوانێ چارەگەلێک بۆ پێشگیریکردن بدۆزێتەوە، شتیک بۆ پاراستن ـ

**مۆرتن کییل**

مەبەستت شتیکە کە جرِوجانەوەرەکان لەناوبەرێت؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، یان کاریان تێبکات زەرەرمەندیان نەمێنێ.

**مۆرتن کییل**

ناتوانن ژەهری جرج کوژ تاقیکەنەوە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

قسەی هیچ !ـ خەڵک هەمووی دەڵێ ئەوە شتێکی خەیاڵکردە. ئێ ئیتر نابێ ئەوە هەر شتێکی خەیاڵکرد بێت! لێیانگەڕێ با هەر وابزانن هەموو شتێک باشە! ئەی ئەو نەزانە دڵ کوێرە ناڕەسەنانە پێیان نەدەوتم دوژمنی خەڵک؛ ئامادە بوون جلەکانم لەبەردا بدڕێنن!

**مۆرتن کییل**

ئینجا پەنجەرەکانیش، کە بۆیان شکاندویت!

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئینجا ئەم مەسەلەی ئەرکی سەرشانەش لە بەرامبەر خێزاندا! دەبیت لەوبارەیەوە لە گەڵ کاترینا قسە بکەم؛ ئەو لەو مەسەلانەدا زۆر ووردە.

**مۆرتن کییل**

شتێکی چاکە، گوێ لە ئامۆژگاری بەجێ و ماقووڵی ژنەکەت بگرە.

**دکتۆر ستۆکمان** بەرەو ڕووی دەچێت

ئینجا ئێوەش کە هێندە بەپێچەوانەوە ڕەفتار دەکەن! پارەکانی کاترینا دەخەنە قومارەوە؛ منیش دەخەیتە ئەم بارودۆخە مەترسیدارە ناخۆشە پڕ ئەشکەنجەیەوە! کە سەیرتان دەکەم، وەک ئەوە وایە، خودی ئەهریمەن ببینم ـ!

**مۆرتن کییل**

کەوابێ بڕۆم باشترە. بەڵام هەتا سەعات دوو دەبێت لە ئێوە وە بە بەڵێ یان بە نەخێر وەڵامم پێ بگاتەوە. گەر وەڵامەکەتان بە نەخێر بێ، ئەوا پشکەکان دەبنە مۆڵکی ڕێکخراوەکە، ـ ئەوەش هەر ئەمڕۆ.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەی ئەوسا کاترینا چی پێدەبرێت؟

مۆرتن کییل

یەک فلسی پێنابڕێت.

دەرگای پێش هۆڵەکە دەکرێتەوە. سەرنووسەر هوڤستاد و ئەسلاکسنی خاوەن چاپخانە دەردەکەون.

**مۆرتن کیبل**

نـــا، تۆ سەیری ئەو دوانەکە!

**دکتۆر ستۆکمان** لێیان مۆر دەبێتەوە

ئەوە چییە؟ هێشتا جوورئەتی ئەوەتان تێدایە بێن بۆ لام!

**هوڤستاد**

بەڵێ، بەڕاستی ئەو جورئەتەمان هەیە!

**ئەسلاکسن**

دەزانن چی، ئێمە شتێکمان هەیە دەمانەوێ لەبارەیەوە قسەتان لەگەڵ بکەین.

**مۆرتن کیبل** بەگوێیدا دەچرپێنێ

بە ئـــا یان بە نـەء ـ تا سەعات دوو.

**ئەسلاکسن** بەچاو ئیشارەت بۆ هوڤستاد دەکات

ئـــــێ دەی!

مۆرتن کیبل دەڕوات.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ، چیتان لێم دەوێ؟ بە کورتی.

**هوڤستاد**

من باش لەوە تێدەگەم، کە لەبەر هەڵوێست وەرگرتنەکەی دوێنێمان لە کاتی کۆ بوونەوەکەدا، ئێوە دژی ئێمەن ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێوە بەوە دەڵێن هەڵوێست وەرگرتن؟ ئاخر، هەڵوێست وەرگرتنێکی جوان بوو! من بەوە دەڵێم هەڵوێستی، ژنانە ـ دەی شەیتان بە نەفرەت بێت بۆ خۆتان و هەڵوێست وەرگرتنتان!

**هوڤستاد**

چی ناو دەنێی بینێ؛ بەڵام هیچی ترمان پی نەدەکرا.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێوە نەتان دەویرا هیچی دی بکەن؟ وا نییە؟

**هوڤستاد**

بـەڵێ، ئەگەر واتان پێخۆشە، وایە.

**ئەسلاکسن**

بەڵام بۆ ئێوە لە پێشەوە تاقە وشەیەکی بچووکتان لەدەم نەهاتە دەرەوە ؟ هەر ئیشارەتێکی بچکۆلە بۆ جەنابی هوڤستاد یان من.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئیشارەتێک؟ لەبارەی چییەوە؟

**ئەسلاکسن**

لەبارەی ئەوەی کە لەپشت ئەمەوە خۆی حەشاردابوو.

**دکتۆر ستۆکمان**

من هیچ لە ئێوە تێناگەم.

**ئەسلاکسن** هاودەمانە سەری بۆ دەلەقێنێ

با بەخوا باش تێدەگەن، دکتۆر ستۆکمان.

**هوڤستاد**

ئێستا خۆ ئیتر هیج نەماوە بشاردرێتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** بە نۆبە سەیریاندەکات لەمیانەوە بۆ ئەویان

بەڵێ، بەڵام بۆ خاتری خوا باسی چی دەکەن ـ!

**ئەسلاکسن**

دەبا پرسیارێکتان لێبکەم، ـ خەزوورت پشکەکانی گەرماوەکەی هەموو نەکڕی؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بـا، ئەو ئەمڕۆ چووە پشکەکانی گەرماوەکەی کڕیوە؛ بەڵام ـ؟

**ئەسلاکسن**

زیرەکانەترێک بوو، ئەگەر ئیوە بە کەسێکی دی ئەو کارەتان بسپاردایە، ـ یەکێک، کە هێندە لیتانەوە نزیک نەبووایە.

**هوڤستاد**

ئینجا دەبووایە ئێوە بەناوی خۆتانەوە ئەو کارەتان نەکردبایە. پێویستی نەدەکرد کەس ئەوە بزانێ، کە ئەوە ئێوەن هێرش دەکەنە سەر گەرماوە گشتییەکە. دەبووایە ڕاوێژت بە من بکردبایە، دکتۆر ستۆکمان.

**دکتۆر ستۆکمان** سەیری پیشەوەی خۆیدەکات؛ لەوە دەچێت شتەکانی بۆ ڕوون بووبێتەوە و وەک لە ئاسمانەوە بەربووبێتەوە دەڵێ

شتی وا بەخەیاڵی کەسدا دێت؟ شتی ئەوها دەبێت؟

**ئەسلاکسن** پێدەکەنێت

وەک دەردەکەوێت بەڵێ شتی ئەوها دەبێت. بەڵام پیویستە بە جوانی بکرێت، تێگەیشتن.

**هوڤستاد**

ئینجا پیویستە چەند کەسیک پیکەوە ئەو کارە ئەنجام بدەن؛ چوونکە ئەو کاتە، هەموو بەرپرسیارێتێکە ناکەوێتە سەر شانی تەنها کەسێک، ئەگەر ئەو خەڵکی تری لەگەڵدا بێ.

**دکتۆر ستۆکمان** تێدەگات

بەڕێزان، نەخت و پوخت، ـ ئێوە چیتان دەوێ؟

**ئەسلاکسن**

جەنابی هوڤستاد ئەو خۆی ئەوە باشتر دەزانێت ـ

**هوڤستاد**

نەخێر، خۆتان بیڵێن، ئەسلاکسن

**ئەسلاکسن**

ئێ بەڵێ، داوای ئێمە ئەوەیە، ئێستا، ئێمە دەازنین،پەیوەندی شتەکان پێکەوە چۆن چۆنییە، لەبەر ئەوە لەو باوەڕەداین، کە بوێرین " پەیامی خەڵک" بخەینە خزمەتانەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێستا دەوێرن ئەوە بکەن؟ بەڵام ئەی ڕای گشتی ؟ ناترسن لەوەی ئێمە بەرەو ڕووی شەپۆلی ناڕەزایی ببینەوە؟

**هوڤستاد**

ئەوسا سواری پشتی شەپۆل دەبین.

**ئەسلاکسن**

دکتۆریش دەبێ زیرەک بێ و بزانێ چۆن خێرا زوو هەڵدەگەڕێتەوە، ئەو دەمەی هیرشەکەی کاری خۆی دەکات ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

زوو، مەبەستان ئەو کاتەیە کە من و خەزوورم پشکەکانمان بە نرخێکی هەرزان دەست کەوت؟

**هوڤستاد**

ئەوە کاری پیشەیی و زانستییە، کە وا دەکات ئێوە ببنە بەڕیوەبەری گەرماوەکە.

**دکتۆر ستۆکمان**

تێگەیشتم؛ کەوابێ لەبەر کاری زانستی من ئەو گۆڕهەڵکەنە پیرەم والیکردووە ئەم کارە بکات. ئنجا پاشان کەمێک بۆری ئاوەکان لیرە و لەوێ پینەدەکەین و کەمێکیش کەنار دەریاکە دەشێوێنین بە شێوەیەک کە نیو کرۆن چییە لەسەر سندوقی دارایی شار نەکەوێت. پێتان وانییە، ئەوە بکرێ؟ هـا؟

**هوڤستاد**

پێموایە بکری، ـ کاتیک ئێوە "پەیامی خەڵک" تان لە گەڵ بێ.

**ئەسلاکسن**

لە کۆمەڵگەیەکی ئازادا مێدیا دەسەڵاتە، جەنابی دکتۆر.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ؛ ڕای گشتیش هەمان شتە؛ ئێوەش، جەنابی ئەسلاکسن، بیگومان سەندیکای مۆلکداران دەگرنە ئەستۆی خۆتان؟

**ئەسلاکسن**

هەم سەندیکای مولکداران و هەم هاوڕێیانی مەیان ڕەویش. لەوە دڵنیابە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵام، باشە بەڕێزەکانم ـ؛ ئـا، من شەرم دەکەم پرسیاری ئەوە بکەم؛ بەڵام، ئەمە ـ پاداشتەکەی چییە ـ ؟

**هوڤستاد**

ئێمە حەزدەکەین زیاتر یارمەتیتان بدەین بەبێ هیچ بەرامبەرێک ، تێدەگەن. بەڵام "پەیامی خەڵک" لەبارێکی خراپدایە؛ بە تەواوەتی ناڕوا بە ڕێوە؛ لە دڵەوە حەز ناکەم ئێستا ڕۆژنامەکە بووەستێ، لەم کاتەدا کە شتگەلێکی هێجگار زۆر هەیە لە دنیایی مەزنی ڕامیاریدا کە ڕۆژنامەکە کاریگەری بەسەریانەوە هەیە.

**دکتۆر ستۆکمان**

تیدەگەم؛ ئەوە هیجگار سەخت و گران دەکەوێتەوە لەسەر خەڵک دۆستێکی وەک ئێوە. (هاواردەکا) بەڵام من دوژمنی خەڵکم، من! (بەناو ژوورەکەدا دەگەڕێ) کوا حەیزەرانەکەم لە کوێدایە؟ شەیتان، لە کوێم داناوە حەیزەرانەکەم؟

**هوڤستاد**

ئەمە مانای چی؟

**ئەسلاکسن**

خۆ هەرگیز ناشێ بە تەما بن ـ؟

**دکتۆر ستۆکمان** دەوستێ

ئەی ئەگەر یەک فلسم لە تەواوی هەموو پشکەکان نەدا بە ئێوە؟ پارە لە دەستی ئێمەی دەوڵەمەند نابێتەوە، دەبێ ئێوە ئەوەتان بیر نەچێ.

**هوڤستاد**

ئێوەش دەبی ئەوەتان بیر نەچێ، کە ئەو مەسەلەی پشکانە، دەتوانرێ بە دوو جۆر بخرێتە ڕوو.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، بێگومان ئێوە ئەوەتان لەدەست دێ؛ ئەگەر من بەهانای "پەیامی خەڵک" ەوە نەچووم، ئەوا ئێوە بەچاوێکی خراپەوە دەڕواننە ئەو مەسەلەیە؛ ئێوە هاتوون ڕاومکەن، وابزانم،ـ هاتوون ڕاوم نێن،ـ هەوڵدەدەن بمخنکێنن، هەروەک سەگ چۆن کەروێشک دەخنکێنێ!

**هوڤستاد**

ئەوە یاسای سروشتە؛ هەموو ئاژەڵێک دەیەوێت خۆی بژێنێ.

**ئەسلاکسن**

مرۆڤ بژێوی خۆی لەهەرکوییەک دۆزییەوە، حەڵاڵی بێت، تێگەیشتن.

**دکتۆر ستۆکمان**

کەوابێ بڕۆن ئێوە شتێک لە ئاوەڕۆکەی دەرەوە بۆ خۆتان بدۆزنەوە؛ ( بەژوورەکەدا دەگەڕێ) چوونکە ئێستا، دەردەکەوێت، کێ لە ئێمە هەرسێکمان بەهێزترین ئاژەڵە. (چەترەکەی دەدۆزێتەوە و هەڵی دەسوڕێنێ) ئادەی، وەرن ـ!

**هوڤستاد**

خۆ ناتانەوێ پەلامارمان بدەن!

**ئەسلاکسن**

ئاگاتان لەو چەترە بێ!

**دکتۆر ستۆکمان**

لە پەنجەرەکەوە هەڵدێ، جەنابی هوڤستاد!

**هوڤستاد** لەتەنیشت دەرگای هۆڵەکەوە

تەواو تێکچوون!

**دکتۆر ستۆکمان**

لە پەنجەرەکەوە تۆش بۆی دەرچۆ، جەنابی ئەسلاکسن! ڕاکە، دەڵێم! هەتا زووە.

**ئەسلاکسن** بەدەوری میزی نووسینەکەدا ڕادەکات

لەسەرخۆ، جەنابی دکتۆر؛ من پیاوێکی کەم هێزم؛ بەرگە ناگرم ـ (هاواردەکات) فریام کەون، فریام کەون!

خانمی ستۆکمان و پێترا و هۆشتەر لە هۆڵی دانیشتنەکەوە دێنە ژەوورەوە.

**خانمی ستۆکمان**

پەنا بەخوا، تۆماس، ئەوە چییە!

**دکتۆر ستۆکمان** چەترەکە هەڵدەسوڕێنێ

دەڵێم، خۆتهەڵدە! خوارەوە بۆ سەر جۆگەلەی ئاوەڕۆکە!

**هوڤستاد**

ئەمە هەڵکوتانە سەر پیاوێکی بێ تاوانە! کاپتن هۆشتەر، من ئێوە دەکەم بە شایەت.

بەپەلە لەدرگای هۆڵەکەوە دەچێتە دەرەوە

**ئەسلاکسن** پەشۆکاوانە

ئەو کەسەی، کە هەر ئاشنایەتی لەگەڵ بە بارودۆخی ناوچەییدابوو ـ (لە دەرگای هۆڵی دانیشتەنەکەوە بەپڕتاو دەچێتە دەرەوە)

**خانمی ستۆکمان** دەستی دکتۆر دەگرێ

بەڵام ئێتر بزانە چی دەکەیت. تۆماس!

**دکتۆر ستۆکمان** چەترەکە فڕێدەدات

بەڵێ بە گیانی خۆم بۆی دەرچوون.

**خانمی ستۆکمان**

بەڵام چیان لێت دەویست؟

**دکتۆر ستۆکمان**

دوای پێدەڵێم؛ ئێستا شتی تر هەیە کە دەبێ بیری لێبکەمەوە. ( دەچێتە لای مێزەکەوە و لەسەر کارتێک دەنووسێ) سەیرکە، کاترینا؛ چی نووسراوە؟

**خانمی ستۆکمان**

سێ جار بە گەورەیی نووسراوە نەخێر؛ ئەوە چییە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوەش دوای دەیزانیت. (کارتەکە درێژدەکات) ئەوەتا؛ پێترا؛ با ئەو دەموچاو ڕەشواوییە خێرا بەڕاکردن ئەمە بەرێت بۆ گۆڕهەڵکەنە. خێراکە!

پێترا بە کارتەکەوە لە دەرگای سەر ڕاڕەوەکەوە دەچیتە دەرەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، ئەگەر ئەمڕۆ تەواوی ڕەوانەکراوانی شەیتان نەهاتبنە سەردانم، ئەوا من هیچم نەزانیبێ. وەلێ منیش ئێستا قەڵەمەکەم دژیان تیژ دەکەمەوە، تا وەک شوژنی لێدەکەم و؛ ئینجا لە ژەهری هەڵدەکێشم ؛ شاخی ئەو کەڵەگایە[41] لە کاسە سەریان دەچەقێنم، کە مەرەکەبی تێدا هەڵدەگرم!

**خانمی ستۆکمان**

باشە بەڵام خۆ ئێمە دەڕۆین، تۆماس.

پێترا دەگەڕێتەوە.

**دکتۆر ستۆکمان**

هــا؟

**پێترا**

جێ بەجێ بوو.

**دکتۆر ستۆکمان**

چاکە. ـ وتت، سەفەردەکەین؟ نەخێر سەفەرکردن دەبێتە مایەیی ئازار و ئەشکەنجە سەفەرناکەین؛ لە شوێنی خۆمان، دەمێنینەوە، کاترینا!

**پێترا**

[41] لەو سەردەمەدا شاخی ئاژەڵ بەکاردەهێنرا بۆ مەرەکەب تێدا هەڵگرتن. وەرگێر.

دەمێنینەوە!

**خانمی ستۆکمان**

لێرە لەم شارە؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ دروست لێرە لەم شارە؛ ئێرە مەیدانی جەنگە و؛ لێردا ئەو جەنگە بەرپادەبێ؛ من دەمەوێ لێرە سەرکەوتن بەدەست بهێنم! هەر پانتۆڵەکەم دوورایەوە، ئەوا دەڕۆمە دەرەوە بۆ ناو شار و بەدوای خانویەکدا دەگەڕێم؛ دەبێ شوێنێکمان هەبێ بۆ ئەم زستانە تێیدا بژین.

**هۆشتەر**

ئێوە دەگوێزنەوە بۆ لای من.

**دکتۆر ستۆکمان**

دەتوانین بێینە لای ئێوە؟

**هۆشتەر**

بەڵێ، دەتوانن؛ من ژوورم زۆرە و، تاڕادەیەکیش قەت لە ماڵەوە نیم.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئۆ هۆشتەر، ئێوە چەند میهرەبانن بەرامبەرمان.

**پێترا**

سپاس!

**دکتۆر ستۆکما** بە تەوقەکردنەوە دەستی ڕادەوەشێنی

سوپاس، سوپاس! ئەو خەمەشمان لە کۆڵبووەوە. ئینجا بەجیددی لەمڕۆوە دەست پێدەکەم. ئۆ، کاترینا، ئیشێکی هێجگار زۆرمان بەسەردا دەکەوێ کە پێویستە بە ووردی و بە دەیقەتەوە بکرێن. بەڵام ئەوەی باشە، کە من ئێستا تەواو کاتی ئەوەم هەیە؛ چوونکە سەیرکە؛ بابزانیت، من لە گەرماوەکە دەرکرام ـ

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ و دەیداتەوە

ئۆف بەڵێ، چاوەڕێی ئەوە بووم.

**دکتۆر ستۆکمان**

ـ ئینجا دەخوازن پیشەکەشم لێ بسێننەوە. بەڵام با بیکەن! لایانی کەم خەڵکە هەژارەکەم بەدەستەوە دەمێنێتەوە، ـ ئەوانەی، کە پارەنادەن؛ خوای گەورە، ئەوە ئەوانەن، کە زیاتر پیویستان بە منە. بەڵام

ئەوانە دەبێ گوێم لێبگرن، هەرچۆنێک بێت، دەبێ ڕێگەیان پێبدرێ، کە گوێم لێبگرن؛ چوونکە وەک لە شوێنێکدا نووسراوە من لە وەخت و ناواختتدا قسەیان بۆ دەکەم.

**هاوسەرخانمی ستۆکمان**

بەڵام، تۆماسە میهرەبانەکە، وابزانم، تۆ خۆت بینیت، قسەکردن چ کەڵک و سوودێکی هەبوو.

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڕاستی تۆ سەیری، کاترینا. ئەی گوایە من دەبێ لێگەڕێم ڕای گشتی و زۆرینەی پایەدار و ئەو چەشنە شەیتان بازیانە شاڵاوم بۆ بهێنن و بمکوتن بە ئەرزا؟ نەخێر سوپاس! ئەوەی کە من دەمەوێ، شتێکی زۆر سادە و ئاسان و ئاساییە. من هەر دەمەوێ ئەوە بخەمە مێشکی ئەو نارەسەنانەوە، کە لیبراڵەکان دووڕووترین دوژمنی مرۆڤە ئازادەکانن، ـ کە پەیڕوپڕۆگرامی ـ حیزبەکان ملی هەموو ڕاستییە ساوا زیندوەکان دەشکێنن، ـ کە هەمو ئەو ڕەچاوکردنانەی مەرام و مەبەستیان لە پشتەوەیە بە ئارەزووی خۆیان ئەخلاق و دادپەروەری ژێروژوور پێدەکەن، ئینجا لە کۆتایشدا ئەوەیان تێبگەیەنم کە ژیانکردن لێرە مەترسیدارە. بەڵێ، ئەی ئێوە پێتان وانییە، کە من پیویستە خەڵک لەوە تێبگەیەنم، کاپتن هۆشتەر؟

**هۆشتەر**

ڕەنگە پێویست بێت؛ بەڕاستی من لەو شتانە نازانم.

**دکتۆر ستۆکمان**

با، ئێوە سەیرکەن، ـ ئیستا ئێوە گوێبگرن! ئەوە سەرۆک حیزبەکانن، کە پێویستە قەلاچۆبکرێن. چوونکە هەر سەرۆک حیزبێک وەکو گورگێک وەهایە، گوێتان لێیە، ـ سەرۆک حیزب وەکو گورگێکی چاوچنۆک وایە؛ ـ بۆ ئەوەی بژی، ساڵانە پێویستی بەژمارەیەکی زۆر گاوگۆلکی بچکۆلانەهەیە. ئێوە هەر سەیری هوڤستاد و ئەسلاکسن بکەن! ملی چەندەها گاوگۆلک ناشکێنن؛ یان داغانیان ناکەن و کەلـەپاچەیان ناکەن، ئەوانە هەرگیز نابن بە هیچ لەوە زیاتر کە دەبنە خاوەن موڵک و بەشداربووانی "پەیامی خەڵک"! (لاونیو لەسەر مێزەکە دادەنیشێ) نەخێر، وەرە ئێرەوە، کاترینا، ـ ببینە، ئەمڕۆ چەند جوان خۆر هاتووەتە ژوورەوە. ئینجا ئەو هەوابەهارییە پڕ ناز و نیعمەتەش، کە ماڵەکەمانی پڕکردوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڵێ، تۆماس، خۆزگە بمانتوانیایە هەر بە تیشکی خۆر و هەوای بەهاری بژین.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێستا، دەبێ تۆ لەپاڵەوە بکەویتە دەست پێوەگرتن و پاشەکەوتکردن، ـ بێگومان ئەوە مەیسەر دەبێ. ئەوە بچووکترین نیگەرانی منە. نەخێر، خراپترین شت ئەوەیە، کە من هیچ پیاوێکی خانەدان و نەجیبزادەی وا ناناسم، کە جورئەتی ئەوە بکات لەدوای خۆم کارەکەم بەرەو پێشەوە ببات.

**پێترا**

ئـۆ، بیر لە شتی وا مەکەرەوە، باوکە؛ تۆ کاتی زۆرت لەبەر دەست دایە. ـ نا تەماشا، ئەوە کوڕەکانن.

ئایلیف و مۆرتن لە هۆڵی دانیشتنەکەوە دێنە ژوورەوە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

مۆڵەتان وەرگرتووە ئەمڕۆ؟

**مۆرتن**

نەخێر، بەڵام لە زەنگی پشوودانی گەورەدا لەگەڵ ئەوانی تردا شەڕمانکرد ـ

**ئایلیف**

ڕاست ناکات؛ ئەوانی تر بوون کە شەڕیان لەگەڵدا کردین.

**مۆرتن**

بەڵێ، ئینجا مامۆستا ڕۆرلوند وتی، کە باشتر وایە ئێمە چەند ڕۆژێک لە ماڵەوە بین و نەیەیینەوە.

**دکتۆر ستۆکمان** بەدەستی راست چەقەنەیەک لێدەدات و لە سەر کورسییەکە هەڵدەبەزێتەوە

دۆزیمەوە! ئێستا دۆزیمەوە، ڕۆحم! ئێوە ئیتر هەرگیز لەمە زیاتر پێ ناخەنەوە قوتابخانە!

**کوڕەکان**

ناچینەوە بۆ قوتابخانە!

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

نەخێر، تۆماس ـ

**دکتۆر ستۆکمان**

دەڵێم، هەرگیز! من خۆم فێرتان دەکەم؛ ـ بەڵێ، واتە، ئێوە هیچ لەبارەی ئەو شتانەی خوا خوڵقاندونی فێر نابن ـ

**مۆرتن**

هـــووڕا!

**دکتۆر ستۆکمان**

ـ بەڵام من دەمەوێ واتان لێبکەم ئێوە ببنە پیاوی ئازاد و تێگەیشتوو. ـ گوێبگرە، پێترا، دەبێ تۆ لەم شتەدا یارمەتیم بدەیت.

**پێترا**

بەڵێ، باوکە، بێگومان.

**دکتۆر ستۆکمان**

قوتابخانەکەش، ئەو هۆڵە دەبیت، کە تێدا بە دوژمنی خەڵک ناویانبردم و جنێویان پێدام. بەڵام ئێمە دەبێ ژمارەمان زۆرتر بێ؛ کەمترین شت دەبێ من دوانزە قوتابی کوڕم هەبێ بۆئەوەی دەست پێبکەم.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەڕاستی تۆ لەم شارەدا ئەو قوتابیانەت دەست ناکەوێ

**دکتۆر ستۆکمان**

بابزانین دەست دەکەوێ یان نا. (ڕوودەکاتە کوڕەکان) لە منداڵانی سەرجادە و بەڕاستی جڵشڕ، کەس ناناسن ـ؟

**مۆرتن**

با، باوکە، زۆر لەوانە دەناسم!

**دکتۆر ستۆکمان**

ئێ باشە؛ چەند کەسێکم لەوانە بۆ پەیداکە. دەمەوێ جارێکیش لەسەر ئەو نارەسەنانە تاقیکردنەوەیەک بکەم؛ جاروبار ئەوانە خاوەن سەرومێشکی سەرنجڕاکێشیان تێدا هەڵدەکەوێ.

**مۆرتن**

بەڵام ئەی کە بووین بە پیاوی ئازاد و تێگەیشتوو، چی بەکەین؟

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوسا ئێوەی کوڕگەل، هەموو گورگەکان بەرەو ئەمەریکا ڕاودەنێن!

ئایلیف هەندێ نیگەرانی پێوە دیارە؛ مۆرتن هەڵدەبەزێتەوە و هاواردەکات هــوورا.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

ئاخ، تۆماس، هەر وای لێنەیەت کە ئەم گورگانەی ئێرە، تۆ ڕاو بنێن.

**دکتۆر ستۆکمان**

ئەوە تۆ تەواو شێتی**!** من ڕاوبنێن**!** من، کە بەهێزترین پیاوی شارەکەم**!**

**هاوسەر خانمی ستۆکمان**

بەهێزترین ـ ها؟

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ، من ئیستا جوورئەتی ئەوەم هەیە کە بڵێم، من یەکێکم لە بەهێزترین پیاوانی هەموو دنیا.

**مۆرتن**

نـــا**!**

**دکتۆر ستۆکمان** دەنگ نزم دەکاتەوە

ووس؛ من هێشتا نامەوەێ باسی بکەم؛ بەڵام شتێکی زۆر گەورەم کەشفکردووە.

**خانمی ستۆکمان**

دیسانەوە**!**

**دکتۆر ستۆکمان**

بەڵێ بێگومان، بەڵێ بێگومان**!** ( هەموویان لەدەووری خۆی کۆدەکاتەوە و بە هاودەمی و خۆسەویستییەوە دەڵێ**)** مەسلەکە ئەوەیە، وەک دەبینن، بەهێزترین پیاو لە دنیادا، ئەو پیاوەیە، کە زیاتر بەتەنیایە.

**هاوسەر خانمی ستۆکمان** پێدەکەنێ و سەر ڕادەوەشێنێ

ئای لە تۆ تۆماس ـ**!**

**پێترا** بەدڵنەوایکردنەوە دەستەکانی دەگرێ

باوکە**!**

کۆتایی

هاودەم ساڵح جاف

ئۆسلۆ

خشتەی مێژووی و ژیانامە و بەرهەمەکانی

هێنریك ئیبسن (1906 ـ 1828)

١٨٢٨: لە٢٠/٣ ئەم ساڵەدا لە شارۆچکەی شییەن لە نەرویج لەدایکبووە.

١٨٣٥ : باوکی لەکاری بازرگانی کردندا نابووتدەبێ و موڵکوماڵییان مەزاتدەکرێ. خێزانەکەیان دەگوێزێتەوە بۆ کێڵگەی ڤێنستۆپ لە یەرپێن.

١٨٤٣: لە کەنیسەی یەرپێن تەعمید دەکرێ. بە خێزانەوە دیسان دەگوێزنەوە بۆ ناوچەی سنیپەتۆر

١٨٤٤ : لە ٣/١ ئەو ساڵەدا ئیبسن دەچێ بۆ گیمستاد بۆ شاگردیکردن لە دەرمانخانەی ی.ئا. ڕایمان.

١٨٤٦: لەگەڵ کارمەندێکی ئافرەت لە دەرمانخانەکە کە دە ساڵ لە خۆی گەورەترە منداڵێکی ناشەرعی دەبێت.

١٨٤٩ : شانۆگەری " کاتیلینا" تەواودەکات.

١٨٥١: دەچێ بۆ شاری کریستیانیا ( ئۆسلۆی ئێستا). شانۆنامەی " کاتیلینا" بە ناوی خوازراوی برینیۆڵف بییارمە وە بڵاودەکریتەوە. تاقیکردنەوەی دواسالی ئامادەیی دەدات و پلەی دەرچوون بەمەرجێك بەدەستدەهێنی کە دووبارە ئیمتیحانی زمانی یۆنانی و ماتماتیك بداتەوە ( هەرگیز ئەو ئیمتیحانانە ناداتەوە).
دەست دەکات بە ئامادەکردنی هەفتەنامەی " ئەندهریمنەر" کە هەفتەنامەیەکی گاڵتەئامێزانەیە.
بۆیەکمجار لە دنیادا لەسەرشانۆی کریستیانیا ( ئۆسلۆ) لە 26 مانگی نۆدا، شانۆگەری " گردەگۆڕی جەناگاوەران" ی ئیبسن کە لە بەشێك پێکهاتووە نمایشدەکرێ

١٨٥١: بە کەمانچە ژەنی بەناوبانگی ئەو سەردەمەی نەرویج ئوولەبوول ئاشنا دەبێت. ئوولەبوول خاوەنی شانۆی خۆیەتی لە شاری برگن و داوا لە ئیبسن دەکات لە شانۆکەیدا کار بکات.

١٨٥٤: لە شانۆی نەرویجی لە بێرگن بە دیکۆرساز دادەمەزرێت. بۆ خوێندن وتواناسازی لە بمواری شانۆدا دەنێردرێتە دەرەوە بۆ کۆپنهاگن لەدانیمارك و درێسدن لە ئەڵمانیا. ئەرکی نووسینی شانۆنامەیەک، هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ئاهانگی ساڵانەی یادەوەری دامەزراندنی شانۆکەی ئوولە بوول دەگرێتە ئەستۆ.

١٨٥٣: لە ١/٢ ئەم ساڵە دا بۆ یەکمجار شانۆنامەی "شەوی سەنکتهانس" ( سەنکتهانس ئێوارەی ناوەڕاستی هاوینە و بەو بۆ نەیەوە لەسەرانسەری ئەسکەندەناڤیادا ئاهەنگدەگێڕدرێ و هەر وەکو ڕۆژی نەوەرۆز ئاگردەکرێتەوە. سەنکت: واتە پیرۆز و، هانس کورتکراوەی یۆهانس. هـ ( یوحنا) ( یوحنا ی معمدان) واتە " یوحنای پیرۆز" . وەرگێڕ) ی ئیبسن کە شانۆنامەیەکی ئەفسانەیی کۆمیدییە نمایشی دەکرێت. کە پاشان ئیبسن لێی پەشیمانەو بە کاری خۆی نازانێت.

١٨٥٤: لە ١/٢ لەم ساڵەدا شانۆنامەی " گردەگۆڕی جەنگاوەران" لە نووسینی ئیبسن نمایش دەکرێت پاش دەست کاریکردنی ئەو دەقەی کە لە ساڵی 1850 دا نووسیویەتی.

١٨٥٥: لە ١/٢ ئەم ساڵەدا بۆ یەکەمجار شانۆنامەی "خاتو ئینگەری ئۆسترود" لە نووسینی ئیبسن نمایشی دەکرێت.

١٨٥٦: لە ١/٢ ئەم ساڵەدا بۆیەکەمجار شانۆنامەی" ئاهەنگێك لە سولهەوگ" ی ئیبسن نمایشی دەکرێت.

١٨٥٧: له ١/٢ ئەم ساڵەدا بۆیەکەمجار شانۆگەری" ئۆلاف لیلیەکرانس" ی ئیبسن نمایشی دەکرێ. هەر له هەمان ساڵدا شانۆنامەی "جەنگاوەران له هێلگەلاند" دەنووسێ ( که له 24 نۆڤەمبەردا له سەر شانۆی شانۆی کریستیانیا نمایش دەکرێ). ئیبسن دەکرێ به بەڕێوەبەری هونەری له شانۆی کریستیانیای نەرویجی.

١٨٥٨: لەگەڵ سۆزانه تورەسەن دەبنه هاوسەری یەکدی.

١٨٦٠: شانۆنامەی " سڤانهیلد" .که ڕەشنوسی شانۆنامەی "کۆمیدیای خۆشەویستی" ه دەنووسێ. هۆنراوەی " له دەشتەکاندا" و زنجیرە هۆنراوی " له پێشانگای وێنەکاندا" دەهۆنێتەوه. لەگەڵ سۆزانەدا کوڕێکیان دەبێت ناوی دەنێن سیگورد.

١٨٦٢: شانۆی کریستیانیا نابووت دەبێت. منحەیەکی دراسی وەردەگرێ بۆ ڕۆژئاوای نەرویج بۆ کۆکردنەوەی بیرەوەریيەکانی خەڵك. شانۆنامەی "کۆمیدیای خۆشەویستی" بڵاودەکاتەوه ( بۆ یەکەمجارلەهۆڵی شانۆی کریستیانیا له کریستیانیا ( ئۆسلۆ) 24 مانگی یانزه ساڵی 1873 نمایش دەکرێت.)

١٨٦٣: شانۆ نامەی *هەڵبژێردراون بۆ پاشایەتی* بڵاودەکاتەوه ( بۆ یەکەمجار لەهۆڵی شانۆی کریستیانیا له ١/١٧ ئەم ساڵەدا نمایش دەکرێت). هۆنراوەی *برایەك له تەنگانەدا* دەنووسێ.

١٨٦٤: له ڕێگای کۆپنهاگن، بەرلین، ڤییەنا و تریيەستا وه دەچێ بۆ ڤێنێتسیا. پاش شەش هەفته لەوێوه دەچێ بۆ ڕۆما، چوار ساڵ لەوێ دەمێنێتەوه. هاوینی ئەو ساڵه له گێنزانۆ له ئیتاڵیا بەسەردەبات.

١٨٦٥: سەربووردەی *براند* دەنووسێ، که سەرەتای سەربووردەیەکی شیعری دورودرێژه. له هاویندا لەکاتی مانەوەی له ئاریسیا له ئیتاڵیا، واز له سەربوردەکه دەهێنێ و دەیخاته شێوازی دراماییەوه و، له شێوازی درامای *براندا* تەواوی دەکات. ( بۆ یەکەمجار ١٨٨٥/٣/٢٤ له شانۆی تازه له ستۆکهۆڵم نمایش دەکرێت و بەشی چوارەمی ئەو درامایەش له ١٨٦٧/٦/٢٦ لەهۆڵی شانۆی کریستیانیا نمایش دەکرێت.)

١٨٦٦: دارامای *براند* بڵاودەکرێتەوە و، ئیبسن ناوبانگ دەرکات. مانگانەی هونەرمەندێتی بۆ دەبڕدرێتەوە و، ژیانی خێزانی لەبارەی ئابورییەوە دەبوژێتەوە.

١٨٦٧: بەشی یەکەم و دووەم و سێیەمی درامای *پێرگینت* لە ئیشیا / لە ئیتاڵیا و بەشەکانی کۆتای دراماکەش لە سۆرێنتۆ تەواودەکات ( کە بۆیەکمجار ٢٤/ ١١/ ١٨٦٧دا لەهۆڵی شانۆی کرستییانیا نمایش دەکرێت).

١٨٦٨: لە بەهاردا سەردانی فیرێنسا و ڤێنێسیا دەکا و لەوێ دەمێنێتەوە. لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا دەگوێزێتەوە بۆ ئەڵمانیا بۆ درێسدن و، لەگەڵ خێزانەکەی بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە درێسدن دەمیننەوە.

١٨٦٩: شانۆنامەی *یەکێتی لاوان* دەنووسێ ( بۆ یەکمجار لەهۆڵی شانۆی کریستیانیا ١٨٦٩/١٠/١٨ نمایشدەکرێ). هاوبەشی جڤاتی ڕاستنووسی زمانەکانی باکوور دەکات لە ستۆکهۆڵم. لە ڕێگەی پاریسەوە دەچێ بۆ میسر وەکوو نمایندەی وڵاتی سوید. نەرویج لە کردنەوەی جۆکەندی (قەنات) ی سویسدا بەشداریدەکات.

١٨٧٠: هۆنراوەی *نامەیەکی باڵۆنی بۆ ژنێکی سویدی* دەنووسێ کە بریتیە لە فەلسەفاندن لەسەر میسر و جەنگی فەرانسا و ئەڵمانیا.

١٨٧١: تاکە دیوانی شیعری خۆی بۆ یەکەمجار بەناوی *شیعر* هوە بڵاودەکاتەوە.

١٨٧٢: بەشێکی زۆری *قیسەر و گالیلیەك* دەنووسێ. هاوینەکەی ئەو ساڵە لە بێرختێس گاتن دەباتە سەر.

١٨٧٣: *قیسەر و گالیلیەك* تەواو دەکات ( کە لە سەر شانۆی دەوڵەت لە لایپزیج بۆ یەکەم جار لە ١٢/٥ هەمان ساڵدا نمایش دەکرێت). لە ڤییەنا وەکوو ئەندامی دەستەی دادوەر لە بەشی هونەری بۆ پێشانگای جیهانی هاوینی ئەو ساڵە بەسەردەبات.

١٨٧٤: بۆ ماوەی دوو مانگ و نیو دەگەڕێتەوە بۆ نەرویج بەسەردان و هەر لەو ماوەیەشدا سەردانی ستۆکهۆڵم دەکات.

١٨٧٥: دەگوازێتەوە بۆ مونشێن لە ئەڵمانیا و بۆ ماوەی سێ ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە.

١٨٧٦: کاردەکات لەسەر دۆزینەوەی تراژیدیایەکی شیعری ڕیالستی نوێ.

١٨٧٧: شانۆنامەی " پایەکانی کۆمەڵگا" دەنووسێ ( بۆ یەکەمجار لە ١١/١٨ هەمان ساڵدا لەسەر شانۆی پاشایی لە کۆپنهاگن نمایش دەکرێت). لەلایان زانکۆی ئۆپسالا وە دکتۆرای شەرەفی پێدەدرێت.

١٨٧٨: دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕۆما لە ئیتاڵیا و، وە بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەوێ دەژیی.

١٨٧٩: لە ئەماڵفی/ لە ئتاڵیا لە نووسینی شانۆنامەی *ماڵی بووکەڵەیەک* دەبێتەوە ( بۆ یەکەم جار ١٢/٢١ هەمان ساڵ لەسەر شانۆی پاشایی لە کۆپنهاگن نمایش دەکرێت)

١٨٨٠: هاوینەکەی لە ئیتاڵیا لە بێرختس گاتن بەسەردەبات.

١٨٨١: لە هاوین و پایزی ئەم ساڵەدا شانۆنامەی *تارماییەکان* لە سۆرێنتۆ لە ئیتاڵیا دەنووسێ ( بۆ یەکەم جار لە ١٨٨٢/٥/٢٠ دا لەهۆڵی - شانۆی ئەورۆرۆ تێرنر لە شیکاغۆ نمایش دەکرێ)

١٨٨٢: لە ڕۆما شانۆنامەی *دووژمنی گەل* دەنووسێت ( بۆ یەکەم جار لە ١/١٣ هەمان ساڵدا لەهۆڵی شانۆی کریستیانیا نمایش دەکرێت). هاوینەکەی دەچێ بۆ نەمسا بۆ گۆسێنەس لە تیرۆل.

١٨٨٣: شانۆنامەی *ئاهەنگێك لە سولهەوگ* لەگەڵ پێشەکییەك لەسەر کاریگەری ئەدەب بڵاودەکاتەوە. هاوینی ئەو ساڵە لە نەمسا لە گۆسێنەس بەسەردەبات.

١٨٨٤: له شاری ڕۆمای ئیتاڵیا دەست دەکات بە نووسینی شانۆنامەی *مراویە کێویەکە* و، لە هاوێنی هەمان ساڵدا لە گۆسێنەس لە نەمسا لەنووسینی دەبێتەوە ( بۆیەکەم جار لە ١٨٨٧/ ١/١٧ دا لەسەر شانۆی نەتەوایەتی لە بێرگن نمایش دەکرێت).

١٨٨٥: بەسەردانێکی تازە دەگەڕێتەوە بۆ نەرویج و گەشتێك بەم شوێنانەدا دەکات: کریستیانیا ( ئۆسلۆ)، ترۆندهایم، مۆڵدە، بێرگن، کریستیانیا ( ئۆسلۆ) . و کۆپێنهاگن. دەگوێزێتەوە بۆ ئەڵمانیا بۆ مونشێن و، شەش ساڵ لەوێ ژیان دەکات.

١٨٨٦: لە مونشێن شانۆنامەی *ڕوسمارشهۆڵم* دەنووسێ ( بۆ یەکەمجار ١٨٨٧/١/١٧ دا لەسەر شانۆی نەتەوایەتی بێرگن نمایش دەکرێت).

١٨٨٧: هاوین لە سابی لە کەنارەکانی خۆرهەڵاتی یولاند لە دانیمارك دەباتەسەر. پاشان بۆ یۆتۆبۆری، ستۆکهۆڵم و کۆپنهاگن سەفەردەکات.

١٨٨٨: لە مونشێن شانۆنامەی *پەری دەریا* دەنووسێ ( بۆ یەکەم جار لە ١٨٨٩/٢/١٢ دا لەهۆڵی شانۆی کریستیانیا نمایش دەکرێت.)

١٨٨٩: دوا هاوینی دەبێ لە گۆسێنەس لە نەمسا. لەگەڵ خانمی لاو ئێمیلی بارداخ - ئەڵمانیدا دا دەبنە ئاشنا.

١٨٩٠: لە مونشێن شانۆنامەی هێددا گابلەر دەنووسێ ( بۆ یەکەم جار لە ١٨٩١/٢/٢٦دا لەهۆڵی شانۆی کریستیانیا نمایش دەکرێت.)

١٨٩١: لە ئەڵمانیاوە دەگەڕێتەوە بۆ نەرویج. پاشان لە سوید و دانیمارك زیاتر بۆ شوێنی تر سەفەرناکات. دەچێ بۆ نورکاپ لە باکووری نەرویج، پاشان لە ساختمانێکدا لە ڤیکتۆریا تاراسە لە کریستیانیا ( ئۆسلۆ) نیشتەجێ دەبێت. بە خاتوو هیلدور ئەندەرسنی تەمەن 27 ساڵ ئاشنا دەبێ.

١٨٩٢: لە کریستیانیا شانۆنامەی *وەستا سولنەسی بەنا* دەنووسێ ( بۆ یەکەمجار لە ١٨٩٣/١/١٩دا لەسەر شانۆی لێسینگ لە بەرلین نمایش دەکرێت). سیگوردی کوڕی ئیبسن خاتوو بەرگلیوت بیۆرنسەن دەکات بە هاوسەری خۆی.

١٨٩٣: یەکەم نەوەی ئیبسن، تانکرێد ئیبسنی کوڕەزای لەدایك دەبێت.

١٨٩٤: شانۆنامەی *ئایۆلفی بچکۆلانە* لە کریستیانیا دەنووسێ ( بۆ یەکەمجار لە ١٨٩٥/١/١٢دا لەسەر شانۆی ئەڵمانی لە بەرلین نمایش دەکرێت.)

١٨٩٥: دەگوێزێتەوە بۆ بۆ ماڵێکی تازە لە لە سوچێکی نێوان شەقامی درامێنسڤاییەن و ئاربیێنسگاتە، وە لەو ماڵەدا دەمێنێتەوە هەتا مردن.

١٨٩٦: لە کریستیانیا شانۆنامەی *یۆن گابریێل بۆرکمان* دەنووسێ ( کە بۆ یەکەمجار لە ١٨٩٧/١/١٠دا لە هەمانکاتتدا هەم لەسەر شانۆی سویدی لە سوید و هەم لەسەر شانۆی فینلەندی لە هێلسینگفۆرس نمایش دەکرێت).

١٨٩٨: ئاهەنگی پێنانە تەمەنی 70 ساڵی بۆ دەگێڕدرێ.

١٨٩٩: لە کریستیانیا شانۆنامەی *کاتێك ئێمەی مردو زیندودەبینەوە* دەنووسێ ( بۆ یەکەم جار لە ١٩٠٠/١/٢٦دا لەسەر شانۆی هوف تیاترە لە شاری شتوتگارد لە ئەڵمانیا نمایش دەکرێت)

١٩٠٠: بۆیەکەم جار جەڵدە لێدەدات.

١٩٠٦: لە ١٩٠٦/٣/٢٣ کۆچی دوایدەکا.